
# روخساری ژن لەجیهاندا 1



## ئوستراليا


لێکۆڵەران

ویلیام پیرویان - خودادا موقەر




وەرگێڕانی لەفارسییە

شەیدا سەلاح

# روخساری ژن لەجیهاندا

لێکۆڵەران:

(ویلیام پیرویان)و (خودادا موقر)

وەرگێڕانی: شەیدا سەلاح



ناوی کتێب: ڕوخساری ژن لەجیهاندا- ئوسترالیا

لێکۆڵەران: ویلیام پیرویان- خوداداد موقر

وەرگێرانی: شەیدا سەلاح

تایپ: بەیان حەسەن

هەڵەچن: ئومێد محەمەد

مۆنتاژو بەرگ: عومەر حسێن ئەحمەد

تیراژ: ٥٠٠

چاپخانە: تەوار

چاپی یەکەم ٢٠٠٤

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان

زنجیرە-٤-

# ناوەڕۆک


پێشەکی:

**بەشی یەکەم:**

هەندێ زانیاریی گشتی

١-پێگەی جوگرافی

٢-پێگەی مێژوویی و جۆری حکومەت

٣-ئایین

٤-ژمارەی دانیشتوان بەجیاکردنەوەی رەگەزو نەژاد

**بەشی دووەم: خێزان**

کاریگەریی تەلاق لەسەر منالانی خێزان و کۆمەڵگەی ئوسترالیا

**بەشی سێیەم: پەروەردەو رۆشنبیریی**

**بەشی چوارەم: رۆڵی ژنان لەئابووریدا**

**بەشی پێنجەم: هاوبەشیکردنی ژنان لەزەمینەی سیاسەتدا**

**بەشی شەشەم: خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی**

**رێکخراوە حکومیی و ناحکومییەکانی ژنان توندوتیژیی و دەستدرێژیکردنی سێکسی**

سەرچاوەو ژێدەرەکان:

سەرچاوە فارسییەکان:

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:



# پێشەکی

پرۆژەی چاپکردنی کتێبو سەرچاوەی تایبەت بەژیانی ژنانو قۆناغەکانی خەباتی ژنان لەدنیادا یەکێکە لەپرۆژەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان کە هەوڵی زۆریداوە بۆ جێبەجێکردنی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بەو سەرچاوانەی کە تاڕادەیەك دەگمەنن لەبواری مێژووی خەباتی درێژخایەنی ژنان لەدنیادا بۆ ئەوەی رێکخراوەکانی ژنی کوردو هەموو ئەوانەش کە گرنگیدەدەن بەو بوارە ئاشنابن بەمێژووی خەباتی بزوتنەوەی ژنانو ئەو ئاستەنگو کێشانەی هاتوونەتە رێگایانو ئەو دەستکەوتو هەنگاوانەش کە بەدەستیانهێناوە.

(کتێبی روخساری ژن لەجیهاندا) یەکێکە لەهەنگاوەکانی ئەو پرۆژەیەی یەکێتی ژنانی کوردستانو لە(١٠) کتێب پێکهاتووە کە هەریەکەیان تایبەتە بەوڵاتێکی دیاریکراوو تیایدا تیشك خراوەتە سەر هەندێ زانیاریی گشتی ئەو وڵاتەو چۆنێتی پێکهێنانی خێزانو جیابوونەوە لەو وڵاتەداو ئاستی پەروەردەو رۆشنبیرییو جیاوازیی نێوان

ژن‌وپیاو لەپرۆسەی پەروەردەداو بەشداریکردنی ژنان لەبواری سیاسەتداو خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی کە خوێنەر بەئاسانی دەتوانێ بەقۆناغەکانی گەشەکردنی ژنان لەو وڵاتانەدا ئاشنابێت‌و بەرچاوڕوونترو بەسودوەرگرتن لەو ئەزموونانە کاربکرێت بۆ کاراترکردنی بزوتنەوەی ژنان لەکوردستاندا، بەو هیوایەی بتوانین لەم ڕێگایەوە خزمەتێکی تر بەژنی کوردو ڕەوتی بزوتنەوەی ژنان بکەین لەکوردستاندا.

**ڕاگەیاندنی**

**یەکێتی ژنانی کوردستان**

٢٠٠٤/٤/١٠

**سلێمانی**

# بەشی یەکەم:
# هەندێ زانیاریی گشتی

## ١- پێگەی جوگرافی

ولاتـی ئوسـتراليا بەرووبـەری (٧٦٨٢٣٥٥) كيلۆمـەتری چوارگۆشـە بەكيشوەرێكی فراوان دەژمێردرێت كە لەبەشی باشوری گۆی زەوی‌و نێوان ئۆقيانووس‌و دەرياكانداية.

ئەم ولاتە وەكو دورگەيەك لەدڵی ئۆقيانووسەكانداية‌و هيچ رێگەيەكی وشـكانيی لەگـەڵ ولاتـە دراوسـێكانی خۆيـدا نييـە، ئـەو دەرياياناـەی لەدەوروبەری ولاتی ئوسترالياداية: لەباكورەوە دەريای Arafreea و Timor، لەباكوری رۆژهـەلات دەريـای Coral sea، لەخۆرهـەلات دەريـای تاسمانيا‌و ئۆقيانووسـی ئارام، لـەخۆرئاوا ئۆقيانووسـی هينـدی‌و لەباشووری خۆرئاوا ئۆقيانووسی بەستەڵەكی باشوور.

نزيكـترين دراوسـێی ئـەم ولاتـە، نيوزلەندايـە كـە لەخۆرهـەلاتی ئوسـترالياداية‌و بـەدەريای تاسمانيا لـەم ولاتـە جياكراوەتـەوە، ئوسـتراليا لەباكوريشـەوە لەئەندەنووسـيا‌و دورگـەكانی پاپواگيمينـای نـوێ دابـڕاوە، ئەويش بەهۆی دەريای تيمور، ئارافورا‌و تەنگەی ئاوی تورسەوە.

هێڵی درێژيی جوگرافيايی ئوستراليا نێوان (١١٣) پلە‌و (٩) خولەك تا (١٥٣) پلە‌و (٢٩) خولەكە‌و هێڵی پانيی جوگرافيی (١٠) پلەی (٤١) خولەك تا (٤٢) پلە‌و (٣٩) خولەكە.

دووريـی ئوسـتراليا لـەهێڵی ئيسـتيواوە (١٠) پلەيـە، درێژايـی ئـەم ناوچەيـە لـەباكورەوە بـۆ باشـوور (٣١٣٤) كيلومـەتر پـانيی‌و ئـەم ناوچەيـە لەخۆرهەلاتـەوە بـۆ خۆرئـاوا (٢٧٨٢) كيلومـەترە، هێڵی كـەناری ئوسـتراليا

زیاتره له(٣٦,٣٧٥) کیلومەتر. دەشتە بەرزەکانی ئەم کیشوەرە لەباکوورەوە تاکو دورگەی پایڤاگینەو لەباشورەوە تاکو دوورگەی تاسمانیا درێژەی هەیەو پانییەکەی تەنیا (٣٠- ٢٤٠) کیلۆمەترە.

بەشێوەی مامناوەندیی (٣٩٪)ی خاکی ئوسترالیا لەناوچە گەرمەکاندایە (٣/١)ی خاکی ئەم وڵاتە زەوییەکی بەیارە، ١٧٪ی خاکی ئوسترالیا بۆ کشتوکاڵ زۆر بەپیتەو سوود لەم زەوییانە بۆ کشتوکاڵو بەخێوکردنی مەڕوماڵات وەردەگیرێت، رووبەری بازنەیی ئەم زەوییە بەپیتانە لەباشوورو خۆرئاواوە تاکو باکوور (٣٠٠) کیلۆمەترە، ناوچەکانی باشوورو خۆرهەڵاتی تاسمانیا تاکو باکوری ناوچەی داروین بەدارودرەخت داپۆشراون، دەشتی ئوسترالیا یەکێکە لەزەوییە تەختەکانی جیهان.

٨٧٪ی ئەم زەوییانە بەشێوەی مامناوەندیی ٣٠٠ مەتر لەئاستی دەریا بەرزترن، بەشێکی زۆری ئوسترالیا دەشتێکی نشێوە کە بەرزاییەکەی کەمترە لە (١٥٠) مەتر لەئاستی دەریا، ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئەم وڵاتە لەکۆمەڵێك زنجیرە شاخ پێکهاتووە کە لەباکورەوە بۆ باشورو لەدرێژایی کەنارە خۆرهەڵاتییەکاندا بڵاوبوونەتەوە کە پێیاندەگوترێت: Great Barrier Reff، شاخەکانی ئاڵپی ئوسترالیایی لەناوچەکانی باشووری خۆرهەڵاتن کە بریتین لەهەندێ لوتکەی بەرز، بەرزایی لوتکەی ئەم شاخانە زیاتر لە (١٨٠٠) مەترە، بەرزترینی ئەم لوتکانە ناوی (کوسیوسکۆ)یەو (٢٢٤٩) مەتر بەرزە، بەرزاییەکانی تری خۆرهەڵات بەشێوەی مامناوەندیی (٩١٠) مەتر بەرزن، بەشێوەیەکی گشتی ئوسترالیا شاخی بەرزی تێدا نییەو ئەم وڵاتە زیاتر ناوچەیەکی پێدەشتە.

لەم وڵاتەدا سەرمایەکی زۆر نییە، چونکە دەورووبەری بەدەریاکان گیراوەو ناوچەیەکی کوێستانیی نییە، بەڵام هەندێجار لەناوچە مەرکەزییەکان پلەی گەرما دەگاتە (٥٠) پلەی سەرووی سانتگیراد،

سەرەڕای ئەمەش ئەم کیشوەرە لەباشووری هێڵی ئیستیوایە، بۆیە وەرزەکانی ئەم کیشوەرە لەگەڵ وەرزەکانی ئەو ناوچانەدا کە لەبەشی باکووری گۆی زەویدان، شەش مانگ جیاوازییان هەیە، بۆ نموونە بەهار لەو کیشوەرەدا لەمانگی خەرمانانی ئێمەوە دەستپێدەکاتو مانگی رەشەمێی ئێمە ناوەڕاستی هاوینی ئەو کیشوەرەیە.

لەمانگی کانوونی دووەم کە هاوینە، رادەی گەرما لەم وڵاتەدا (١٨-٢٩) پلەی سانتیگرادەو لەباشوورەوە بۆ باکوور لەگۆڕاندایە، پلەی گەرما لەمانگی حوزەیراندا کە ناوەڕاستی زستانە، لەباکوور (٢٤) پلەی سانتیگرادو لەباشوور (١٠) پلەی سانتیگرادە.

پێویستە وڵاتی ئوستراليا لەلایەنی باران بارینەوە بەناوچەیەکی وشك بژمێردرێت، رێژەی باران بارین لەزیاتر لە (٥٠٪)ی ئەم ناوچەیە کەمترە لە (٣٠٠) میلی لیتر لەساڵداو زۆربەی زەوییە مەرکەزییو بیابانییەکان زۆر بەکەمیی بارانی بەسەردا دەبارێت، زۆرترین رادەی باران بارین لەم وڵاتەدا لەناوچە کوێستانییەکانی تاسمانیاو کەناری خۆرهەلاتی (کوینزلاند)ە کە ناوچەیەکی نیمچە گەرمەو لەشاخە بەفرینەکانی (نەو)و بەشێك لەپارێزگای (ڤیکتۆریا) زۆرجار لافاو دەبێت.

ئوسترالیای خۆرهەلات بەهۆی هەبوونی شاخە بەفرینەکانی، هەندێ روباروی تێدایە کە زەوییەکانی ئەم ناوچەیە ئاودێریی دەکات، بۆ بەرگرتن لە لەکیسچوونی ئاوی رووباری (موورای)، هەندێ بەنداوی لەسەر دروستکراوە کە ئەم بەنداوانە جگە لەوەی سەرچاوەیەکی گەورەی کۆکردنەوەی ئاون، هۆکارێکیشە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا.

## ٢- پێگەی مێژووییو جۆری حکومەت

کیشوەری ئوستراليا لەگۆشەنیگای پێگەی مێژووییەو لەکۆندا لەڕێی وشکاییەوە پەیوەستبووە بەناوچەکانی دەوروپشتی خۆیەوەو وەکو ئێستا

شێوەی دوورگەی نەبووە، هەر لەو رۆژگارە سەرەتاییانەوە، مرۆڤەکان لەناوچە باشوورییەکانی ئاسیاوە هاتنە ناو ئەم کیشوەرەوە، دوای ئەوەی ئەم ناوچەیە هەزاران ساڵ لەمەوبەر بەهۆی کاروکاردانەوە جۆراوجۆرەکانی زەوی لەوشکاییەکانی دەوروبەری خۆی جیابۆوەو شێوەی دورگەیەکی گەورەی بەخۆیەوە گرت.

هەرچەند ئوستراڵیا لەلایەنی حکومەتییەوە، وڵاتێکی پادشاییەو شاژنی ئەلیزابیسی دووەم حوکمی تێدا دەکات، بەڵام سستەمە حکومەتییەکەی وەکو سستەمی سیاسی حکومەتی بەریتانیا نییە، ئەم وڵاتە وەکو حکومەتێکی فیدراڵی بەڕێوەدەچێت کە هەریەك لەشەش پارێزگاکانی خاوەن دەسەڵات و ئیختیاری سەربەخۆو دەسەڵاتی ئەنجوومەنی یاسایی جیاوازن، لەلایەکی ترەوە لەم وڵاتەدا بەپێچەوانەی وڵاتی بەریتانیاوە، پارت و رێکخراوو لایەنی زۆر چالاکییان هەیە کە ژمارەی ئەو رێکخراوو پارتانە شایەنی سەرنجدانە، نزیکەی (٩) حیزب لەسەرانسەری ئوستراڵیادا چالاکییان هەیەو هەندێ حیزب و رێکخراوی ناوخۆیی لەچارەنووسی سیاسی و ئابووریی ئەم وڵاتەداو دەستنیشانکردن و هێنانەکایەی حکومەتەکاندا رۆڵی سەرەکییان هەیە.

دەستووری ئوستراڵیا لەنۆیەم رۆژی مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٠٠)دا بڕیاری لەسەر دراو لەیەکەم رۆژی مانگی کانوونی دووەمەوە جێبەجێکرا، بنەماکانی ئەم دەستوورانە لەساڵەکانی (١٩٠٦، ١٩٠٩، ١٩٢٨، ١٩٤٦، ١٩٦٧، ١٩٧٧ن) گۆڕدران و چاککراونەتەوەو لەساڵی (١٩٨٥)ەوە پاش ئەوەی کۆمەڵێك ریفۆرم لەدەستوردا ئەنجامدرا، دەسەڵاتێکی زیاتر بەپەرلەمان و دەسەڵاتی قەزایی پارێزگەکان درا.

## ٣-ئایین:

دانیشتوانی ئوسترالیا لەئاماری دانیشتوان بۆ ئایینە جۆراوجۆرەکان، بەخەڵکێك دادەنرێن کە ئاینێکیان نییە، لەکاتێکدا کە ئەوان داب‌ونەریتی ئایینی خۆیان هەیەو باوەڕە ئایینییەکانیان هەر لەو داب‌ونەریتانەوە سەرچاوەی گرتووە.بەڵام پاش هاتنی کۆچکەرە ئینگلیزەکان بۆ ناو خاکی ئوسترالیا، ئایینی مەسیحییەت هاتە ناو ئەم وڵاتەو لەسەردەمەکانی دواییدا کە کۆچکەرەکانی تر لەوڵاتە جۆراوجۆرەکانەوە هاتنە ئوسترالیا، گروپ‌و دەستەی جۆراوجۆر لەئایینی مەسیحی‌یان هێنایە نێو ئەم وڵاتەوەو بەپێی ئامارەکان: (٩٩٪)ی خەڵکی ئوسترالیا مەسیحین کە لەم ژمارەیە (٣٦٪)یان پەیڕەوی کڵێسای ئەسقەفی ئینگلیزن، (٢٥٪)یان پەیڕەوی گروپی ئەرتۆدۆکسی خۆرئاوایی (کڵێسای رۆم)ن، (١٠٪) پەیڕەوی کڵێسای میتۆدیستن‌و (٩,٣٪) پەیڕەوی کڵێسای پرۆتستانتن، هەڵبەتە گروپی تریش بوونیان هەیە کە گرنگایەتیان کەمترە لەلایەنی رێژەی پەیڕەوکارانیانەوە، لەم دەیەی دوایشدا ژمارەی پەیڕەوانی ئەم گروپانە شایەنی سەرنجدانن، بەپێی زانیاریی کتێبی سەوزی ساڵی ١٩٩١ی وەزارەتی دەرەوەی ئوسترالیا ژمارەی دانیشتووانی موسڵمانی ئوسترالیا نزیکەی (٢٥٠,٠٠٠) کەسە کە لەوڵاتەکانی لوبنان، میسر، تورکیا، پاکستانەوە بۆ ئەم وڵاتە کۆچیان کردووە.

## ٤-ئاماری دانیشتوان بەشێوەیەکی جیا لەڕووی رەگەزو نەژادەوە:

یەکەم کەسانێك کە سەرەتا چوونە ناو خاکی ئوسترالیاوە، لەئاسیای باشووری خۆرئاوابوون کە لەڕێی مالیزیاو ئەندەنووسیاو لەڕێی وشکانییەوە چوونە ناو ئەم وڵاتەوە، چونکە لەسەردەمی کۆندا دورگەی ئوسترالیا لەڕێی وشکانییەوە پەیوەندیی لەگەڵ باشووری ئاسیادا هەبووە،

پاشان ئەم ناوچەیە وەکو دورگەی لێهاتو دەورووبەری بەئاوەکان پڕ بۆوە، بۆیە بەرلەوەی ئەم دورگەیە بدۆزرێتەوەو ئەوروپییەکان بچنە ناوی خەڵکێك لەعەشیرەتە شاخاوییەکانی هیندستانو هۆزەکانی سریلانکاو خەڵکی مالیزیا تێیدا دەژیان کە لەگەڵ دانیشتوانی ئێستایاندا پەیوەندیی نەژادیی و نەتەوەییان هەیە، بەهاتنی ئەوروپییەکان بۆ ئوستralیا کە لەساڵی (١٧٨٨ز)دا دەستیپێکرد، بەرەبەرە ژیانی دانیشتوانی رەسەنی تازە هاتووەکان دەستیان لەشەڕو توندوتیژیی و تالانیی ماڵومولکی خەڵکی نەپاراست.

بەتێپەڕینی کاتو زۆربوونی ژمارەی ئەوروپییەکان لەم ناوچانەیەدا، دانیشتووە رەسەنەکانی پەنایان بردە هەندێ شوێنی تایبەتیو لەژێر گوشاری ئەزیەتو کوشتندا وردەوردە ژمارەیان کەمبۆوە.

بەپێی ئامارە رەسمییەکان ژمارەی دانیشتوانی ئوستralیا لەساڵی (١٩٦٠ز)دا (١٠,٣٠٠,٠٠٠) کەسو لەساڵی (١٩٧٠ز)دا (١٢,٥٢٢,٠٠٠) کەسو لەساڵی (١٩٩٥ز)دا (١٨٣,٣٨٨,٠٠٠) کەس بووە کە دابەشکردنی جوگرافیایی ئەم ژمارەیە (٢,٢) کەسە بۆ هەر کیلومەترێك چوارگۆشە.

| خەملاندنی دانیشتوان بەملیۆن | ڕێژەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان (لەسەدا) | ڕێژەی منداڵبوون | ڕێژەی سوود وەرگرتن لەئامرازەکانی بەرگرتن لەمنداڵبوون | ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی سەروو (٦٥) ساڵ |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٦٠<br>١٩٩٢–٢٠٠٠ | ١٩٦٠–١٩٩٢ | ١٩٩٢ | ١٩٨٦–١٩٩٣ | ١٩٩٢ |
| ١٠,٣–١٧٤–١٩,٢ | ١٩٩٢–٢٠٠٠<br>١,٧ ١,٣ | ١,٩ | ٧٦ | ٣١٢ |

# ئاماری کۆچە هەمیشەیی و درێژخایەنەکان

| | ١٩٨٥ | ١٩٨٦ | ١٩٨٧ |
|---|---|---|---|
| هاتن بۆ ئوسترالیا | | | |
| پیاو | ٨٣٤٩٠ | ٩٧٦٠٠ | ١٠٣٨١٠ |
| ژن | ٧٩,٧٦٠ | ٨٨٨٩٠ | ١٠٠,٦٥٠ |
| کۆ | ١٦٣,٢٦٠ | ١٨٦٤٠٠ | ٢٠٣٤٦٠ |
| دەرچوون لەئوسترالیا | | | |
| پیاو | ٤٩,٢٦٠ | ٤٨,٧٢٠ | ٤٩,٩٨٠ |
| ژن | ٤٥,٩٩٠ | ٤٣,٧٥٠ | ٤٥.٣٤٠ |
| کۆ | ٩٥,٢٥٠ | ٩٢٤٧٠ | ٩٥,٣٢٠ |
| پاککۆی زیادبوون | ٦٨,٠١٠ | ٩٣,٩٣٠ | ١٠٩,١٤٠ |

## ویلایەتو ناوچەكانی ئوسترالیا

| ناوی هەرێم یان ناوچە | پانتایی بە (Km) | ١٩٨٨ ژمارەی دانیشتوان | ١٩٨٨ چڕی دانیشتوان | ١٩٨٩ ژمارەی دانیشتوان | ١٩٨٩ چڕی دانیشتوان |
|---|---|---|---|---|---|
| ویلزی نوێی باشوور | ٨٠١,٦٠٠ | ٥,٧٠١٥٢٥ | ٧,١ | ٥,٧٦١,٩١٩ | ٧,٢ |
| ڤیكتۆریا | ٢٢٧,٦٠٠ | ٤,٢٦١,٩٤٥ | ١٨,٧ | ٤,٣١٥,١٧٠ | ١٩ |
| كوینزلەند | ١,٧٢٧,٢٠٠ | ٢,٧٤٢,٧٦٥ | ١,٦ | ٢٨٣٠,١٩٨ | ١,٦ |
| ئوسترالیای باشووری | ٩٨٤,٠٠٠ | ١٤٠٨,٢٥٥ | ١٤ | ١٤٢٣,٣٣٧ | ١٤ |
| ئوسترالیای خۆرئاوا | ٢٥٢٥٥٠٠ | ١٥٤٤٨٠٦ | ٠,٦ | ١٤٢٣,٣٣٧ | ٠,٦ |
| تاسمانیا | ٦٧٨٠٠ | ٤٤٨٤٥٧ | ٦,٦ | ٤٥٠,٩٥٦ | ٦,٧ |
| ناوچەی باكوری | ١,٣٤٦,٢٠٠ | ١٥٥٨٦٦ | ٠,١ | ١٥٦,١٤٧ | ٠,١ |
| ناوچەی پایتەخت | ٢٤٠٠ | ٢٧٣٥٢٤ | ١١٤ | ٢٢٧,٩٢٦ | ١١٥٨ |
| كۆ | ٧,٦٢٨,٣٠٠ | ١١٦٥٣٨,١٥٣ | ٢,٢ | ١١٦٨٠٦,٧٣٠ | ٢,٢ |

| | ساڵ | ڕێژەی (لەسەدا) |
|---|---|---|
| کۆی دانیشتوان بەهەزار | ١٩٧٠ | ١٢,٥٥٢ |
| | ١٩٩٥ | ١٨,٣٣٨ |
| | ٢٠١٠ | ٢٢,٠٣٠ |
| ژمارەی دانیشتوان لەساڵی (١٩٥٥) | | |
| بەهەزار | | ١٥,٦١٨ |
| شار | | ٢,٧٢١ |
| گوند | | |
| ڕێـــژەی دانیشـــتوانی شـــارو لادێ | ١٩٥٥ | |
| سالانه | | ٨٥ |
| شار | | ١٥ |
| لادێ | | |
| ڕێـــژەی زیـــادبوونی ژمـــارەی | ١٩٩٥-١٩٩٠ | |
| دانیشتوان (سالانەی) | | ١,٤١ |
| گشت وڵات | | ١,٤٢ |
| شار | | ١,٤٠ |
| گوند | | |
| ژمارەی ژنان بەنسیبەت سەد پیاو | ١٩٩٥ | |
| لەساڵدا | | ١٠٢ |
| شار | | ٩٠ |
| گوند | | |
| ڕێژەی ئەو ژنانەی جارێك کۆچیان کردووە | ١٩٨٥ | ٤٦ |
| کۆ | ٧,٦٢٨,٣٠٠ | ١١٦,٥٢٨,١٥٣ |

**تەمەن و بوونیادی دانیشتوان بە پێی جیاکردنەوەی ڕەگەز**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارەی دنیشتوان بەهەزار<br>ژن<br>پیاو | ١٩٩٥<br>٩١٧٥<br>٩١٦٨ | ٢٠١٠<br>١٠٩٩٣<br>١١٠٣٧ | --<br>--<br>-- |
| ڕێژەی ژنان بەنیسبەت سەد پیاو | ١٩٩٥ | | ١٠٠ |
| ڕێژەی ئەو ژن و پیاوانەی کە تەمەنیان لەخوار پانزە ساڵەوەیە (٪) | ١٩٩٥<br>٢٢ | ٢٠١٠<br>٢١ | -- |
| ڕێژەی ئەو کەسانەی تەمەنیان سەروو (٦٠) ساڵە<br>ژن<br>پیاو | ١٩٩٥<br>١٧<br>١٤ | ٢٠١٠<br>١٩<br>١٦ | --<br>--<br>-- |
| ڕێژەی ژنان بەنیسبەت سەد پیاو لەگروپی (٦٠) ساڵ بەرەوسەر | ١٩٩٥<br>١٢٣ | ٢٠١٠<br>١١٨ | -- |

ڕێژەی لەسەدای دانیشتوانی شارنشین لەساڵی (١٩٦٠)دا (٨١٪)ی گشت دانیشتوانی ئوستralیاو لەساڵی (١٩٩٢ز)دا (٨٥٪) بووە کە وا خەمڵێنراوە ئەم ڕێژەیە لەساڵی (٢٠٠٠ز)دا هەر (٨٥٪) بمێنێتەوە ژمارەی گەشەسەندنی دانیشتوانی شارنشین لەساڵەکانی (١٩٦٠ز تاکو ١٩٩٢ز) (٠,٢٪) بووە، بەڵام لەنێوان ساڵەکانی (١٩٩٢-٢٠٠٠) ئەم گەشەسەندنە لەسەدا سفر بووە.

شایەنی باسە کە گەورەترین شاری ئوستralیا (سیدنی)یە کە مەڵبەندی پارێزگای نیوساوت ویلز٥.

## شارنشینی

| | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارەی دانیشتوانی شارنشینی (٪) | ١٩٨٠<br>٨١ | ١٩٩٢<br>٨٥ | ٢٠٠٠<br>٨٥ |
| ڕێژەی گەشەسەندنی ساڵانەی ژمارەی دانیشتوانی شار (٪) | ١٩٩٢-١٩٦٠<br>٠,٢ | ٢٠٠٠-١٩٩٢<br>٠,١ | |
| ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارانەی لە ٧٥ هەزار کەس زیاترە بەڕێژەی لەسەدای گشت دانیشتوانی وڵات | ١٩٩٠<br>٥٩ | | |
| گەورەترین شار: سیدنی<br>ڕێـــژەی دانیشـــتوان بەرابـــەر بەدانیشتوانی شارنشین<br>ڕێژەی گەشەسەندن | ١٩٩٠<br>٢٥<br>١٩٧٥-١٩٧٠<br>٢,٢ | <br><br>١٩٩٥-١٩٩٠<br>٠,٤ | |



# بەشی دووەم:

# خێزان

ئوستراليا وڵاتێكە كە بەهۆی دەرياوانە ئینگلیزەكانەوە دۆزرايەوەو داگیركرا، پاش داگیركردنی ئوستراليا، حكومەتی ئینگلیز هەندێ گروپی جۆراوجۆری ئینگلیزی نارد بۆ ئەو ناوچەیە. ئوستراليا لەو سەردەمەدا، ناوچەیەكی زۆر دووربوو كە هیچ جۆرە پێداویستییەكی تێدا نەبوو بۆ ژیانو لایەنی وای تیانەبوو كە سەرنجی كۆچبەران بەلای خۆیدا رابكێشێت. بۆیە سەرەتا ئەو كەسانەیان نارد بۆ ئەم ناوچەیە كە لەگروپی سزادراوو تاوانبارەكاندا ئەژمار دەكران، ئەم سزادراوو تاوانبارانە بۆ دوورخراوەیی دەگوازرانەوە بۆ ئوسترالیاو بەكەسانێكی توندوتیژو بێ بەزەیی و زۆربەیان بەنەخوێندەوارو ناڕۆشنبیر دەژمێردران، بارودۆخی سەختی ژیان لەم ناوچەی دورخرانەوەیە توندوتیژیی ئەو تاوانبارانەی زیاتر دەكرد. زۆر بەكەمی لەنێو ئەم دانیشتوە نوێیانەدا، خێزانی ئاسایی دەدۆزرایەوە، بوونی ژن وەك ژنێكی ئاسایی كە ماڵومناڵی هەبێ لەم وڵاتەدا لەسەرەتای گواستنەوەی ئینگلیزەكاندا جێی باوەڕنەبوو، ئەگەر ژنانێك لەگەڵ ئەو دەستەو گروپانەدا دەنێردران بۆ ئوستراليا، ئەوە زۆربەیان ژنانی خراپەكارو سۆزانی و تاوانباربوون، زۆر بەكەمیی ژنان لەگەڵ بنەماڵەكەیاندا بۆ ئەم وڵاتە دەنێردران، بۆیە ژن لەفەرهەنگی ئەم پیاوە دڵڕەق و بێ بەزەیی و تاوانبارانەدا بەئامرازێك دەژمێردرا بۆ دامركاندنەوەی هەوەس و ئارەزووەكانیانو لەلای ئەم پیاوانە هەر ژنێك لەئوستراليا نیشتەجێبوو بەسۆزانی لەقەڵەم دەدرا.

لێکۆڵیارانێکی وەك (دیکسۆن- ١٩٧٧)و (سامرز، ١٩٧٥) پێگەی ژنی ئوسترالیاییان لەدوو قۆناغدا خستۆتە ژێر لێکۆڵینەوەوە:-

**قۆناغی یەکەم: سەرەتای گواستنەوەو کۆچکردن بۆ ئوسترالیا تاکو ... ی (١٨٤٠ز).**

**قۆناغی دووەم: لەساڵی (١٥٨٠ز) بەدواوە.**

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دوو لێکۆڵەریارە، ژن لەقۆناغی یە... ەم لەئوسترالیادا لە لایەنی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە بەسۆزانییەکی (نەفر... ت لێکراو) دەژمێردراو پیاوانی ئوسترالیا نەیاندەتوانی بەچاوێکی تر سە... ی ژن بکەن، ژن لەم سەردەمەدا بەتوندوتیژیی رەفتاری لەگەڵ دەکراو تەن... ها وەکو شتێك بۆ دامرکاندنەوەی هەوەس و ئارەزووەکانیان سوودیان لێوەردەگیرا بۆ زۆربەی ئەم پیاوانە، مەسەلەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی و خێزانیی بەکارێکی بەدوور لەئەقڵ و بیرکردنەوە دەژمێردرا.

لەدەیەی پەنجای سەدەی نۆزدەیەم بەدواوە هەندێ گۆڕانکاریی لەبارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆچکەرو دانیشتوانی ئوسترالیادا پەیدابوو، گرووپێك لەو سەربازانەی کە بۆ ئاسایش و پاراستنی حوکمدراوو دورخراوەکان لەلایەنی حکومەتی ئینگلیزەوە لەم وڵاتە نیشتەجێبوون، ژمارەیان زیادیکردوو کۆمەڵێك لەپلەدارو ئەفسەرەکان کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن هاتبوونە ئەو وڵاتە خێزانەکانیان لەگەڵ خۆیان بۆ ئەم وڵاتە هێنابوو یان لەپێگە سەربازییەکاندا خێزانیان پێکەوە نابوو کە رۆژبەڕۆژ سەرپەرشتیارانی خێزانەکان رێزێکی تایبەتیان لەهاوسەرەکانیان دەگرت و پارێزگارییان لەئاسایش و پلەو پایەیان دەکردو بۆ بەرزکردنەوەی رێزو پایەی هاوسەرەکانیان تێدەکۆشان.

لەنێوان دورخراوەکاندا بۆ ئوستراليا بێجگە لەژن‌وپياوە تاوانکارەکان چەندين گروپ لەکەسايەتييە ژن‌وپياوە خەباتگێڕو سياسی‌و خاوەن بيروڕاکان بوونيان هەبوو کە حوکمی ژيانيان لەئوستراليا بەسەردا درابوو.

ئەم دورخراوە سياسييانە بەژنان‌و پياوانی خوێنەوارو رۆشنبيرو تێگەيشتوو خاوەن بيروباوەڕ دەژمێردران، ژنانی ئەم خێزانانە لەزيادبووندابوون، ئەم گروپە هەر لەسەرەتای هاتنيان بۆ ئوستراليا، بەکردار باوەڕی خۆيان بەبوارەکانی ئايينی‌و بنەما ئاکارييەکان دەربڕی‌و بەتونديی بەرەنگاری خواست‌و رەفتارە نەشياوەکانی پياوانيان کردو بۆ پاراستنی کەسێتی والآی ژن، خەباتيان کرد.

ئەم ژنانە بەرگرييان لەپابەندبوونی ژن بەبنەما ئاکارييەکان لەناوچەی دەسەڵاتی پياوسالاران‌و سەربازو خاوەن زەوييەکاندا کرد، ئم دەستە ژنە خەباتگێڕانە توانييان تاڕادەيەك رۆڵێکی گرنگيان لەگۆڕينی ئەو هزرە ببێت کە بەسەر زۆربەی پياوانی ئوسترالياداا زاڵبوو، هەروەها توانيان دەستکەوتی باشيان سەبارەت بەبەرزکردنەوەی پێگەو پلان‌و کەسێتی ژنان هەبێت.

لەلايەکی ترەوە، سەرەڕای ئەمە ژمارەيەکی زۆر لەخاوەن زەوی‌و خاوەن پيشەو فەرمانبەرە حکومييەکان، بنەماڵەکانی خۆيان بۆ نيشتەجێبوونی هەميشەيی بۆ ئەم ولآتە هێنا، چونکە لەو ولآتەدا داهاتی باشييان وەدەستهێنابوو، ئيدی بنەماڵە خانەدان‌و بۆرژواکان لەم ولآتەدا پێکهاتن، بنەمای رێزگرتنی بەرامبەر لەنێوان ئەندامانی ئەم خێزانانەدا دەپارێزرا بەتايبەت لەم خێزانانەدا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژنان هەوڵێکی زۆر بەخەرج دەدرا.

پاش دۆزينەوەی کانەکانی ئاڵتوون‌و گەشەسەندنی کشتوکاڵ‌و جێگيربوونی پيشەسازييە سەرەتاييەکان‌و پێکهاتنی بواری کار بەداهاتی

زۆرباش، کۆچکردنی بەکۆمەڵ بۆ ئوسترالیا دەستیپێکردو خێزان و بنەماڵەیەکی زۆر بۆ بەدەستهێنانی سامان و خۆشگوزەرانیی کۆچیان بۆ ئەم ناوچەیە کرد، لەم وڵاتەدا ئەو ڕێزەی ژنانی چینی دەوڵەمەندو خۆشگوزەران چاوەڕێیان دەکرد هەیانبێت بوو بەنموونەیەك بۆ ژنانی تر کە ئەو ڕێزەیان هەبێت، ئیدی ئەو ژیانە خێزانییە بڵاوبۆوە کە ژن تیایدا پێگەیەکی والآی هەبوو کۆمەڵگەو ئەندامانی خێزان ڕێزیان لێدەگرت، لەوەبەدواوە سەرەڕای بۆچوونی قێزەونی هەندێ لەپیاوەکانی چینی خوارەوەی کۆمەڵ سەبارەت بەپلەوپایەی ژن، پلەی بەرزی ژنان لەنێو زۆربەی خەڵکدا بووە جێگەی سەرنج و چیتر وەکو سۆزانییەکی نەفرەت لێکراو سەیر نەدەکرا، بەڵکو نازناوی (پاسەوانی خواوەند)ی بەژن دابوو، ئەم پاسەوانانەی خواوەند شێوەیەکی نوێبوون لەو ژنانەی کە دایك، هاوسەربوون و لەپەروەردەکردنی منداڵان و بەڕێوەبردنی ماڵدا ڕۆڵێکی سەرەکییان دەبینی و بەهۆکاری سەربەرزیی و شانازیی هاوسەرەکانیان لەکۆڕۆ کۆبوونەوەو ناو کۆمەڵگەدا ئەژمار دەکران.

لەدرێژەی سەدساڵی دواییدا، هەوڵ و تێکۆشانی زۆر ئەنجامدرا لەپێناو چاککردنەوەی دۆخ و پێگەی کۆمەڵایەتی ژن لەکۆمەڵگەی ئوسترالیاداو بەڕاستی تێکۆشانی زۆر کراوە تا دیمەنێکی جوان لەژنی ئەم ناوچەیە پێشکەشبکرێت، پەیوەندییە کلتورییەکانی ژنانی ئوسترالیا لەگەڵ ژنانی ئەوروپادا کە زۆربەیان ئەوروپین و گۆڕانکارییەکانی دۆخ و پێگەی ئەم ژنانە لەزەمینەگەلی کۆمەڵایەتی، ئابووریی، سیاسی، لەئەوروپاو وڵاتە گەشەکردووەکاندا، بتەوێت یان نەتەوێت کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بەسەر بارودۆخی ژنانی ئوسترالیادا هەبووە، سەرەڕای ئەمەش حکومەتیش بۆ ئەوەی لەکاروانی مەدەنیەتی خۆرئاوا دوانەکەوێت هەوڵێکی زۆری داوە تاکو بارودۆخ و بواری کارو کۆمەڵایەتی ژنانی ئوسترالیا هاوتا بکات لەگەڵ

ژنانی ولاتە پێشکەوتووەکانی تری خۆرئاوادا، بەڵام لەگەڵ ئەم هەوڵو تێکۆشانانەدا کە لەپێناو چاککردنی دۆخی ژنانی ئوسترالیادا دراوە، ژنان هەر لەم ولاتەدا لەلایەنی پێگەی گشتییەوە بەمرۆڤێکی پلەدوو پاش پیاو دەژمێردرێت، هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی راستەوخۆو ئاشکرا بەدی ناکرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی نهێنی لەم ولاتەدا شایەنی دەرکپێکردنە، لەسەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا (کە مەبەست سەدەی بیستە)، ئامارەکان وا دەڵێن:

١-ژمارەی شووکردنو ژنهێنانەکان زیادیکردووە، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی گەشەی سەندووە.

٢-تەمەنی شووکردنو ژنهێنان کەمبۆتەوە.

٣-جیاوازیی تەمەنی ژنوپیاو کەمبۆتەوە.

ئامارەکانی ساڵی ١٩١١ نیشاندەدەن کە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی بەرێژەی گەشەسەندنی ژمارەی دانیشتوان زۆربۆتەوە، بەڵام ژمارەی ئەندامانی هەر خێزانێك کەمبۆتەوەو ژمارەی ئەو خێزانانە زیادیکردووە کە یەك یان دوو کەسن.

بەر لەشەڕی دووەمی جیهانیی، نزیکەی (٢٥٪) خەڵك نە شوویان دەکردو نە ژنیان دەهێنا، چونکە کەسەکان هەر لەبنەڕەتەوە باوەڕیان بەپێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی نەبوو. پاش شەڕ، پێکهێنانی خێزان زۆر زیادیکردو ئەنجامی ئەم کارە لەدەیەی شەستدا دەرکەوت، چونکە زۆربوونی ژمارەی منداڵە ساواکان جێگەی سەرنج بوو.

لەسەرەتاکانی دەیەی هەفتادا لەکاری پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی، گۆڕانکارییەکی دی رویداو ئامارەکانی ئەو سەردەمە وا نیشاندەدەن کە رێژەی هاوسەرگرتنی پیاوە رەبەنەکان لەگەڵ ئەو ژنانەی پێشتر شوویان نەکردووە زۆر کەمبوەوەو ئەنجامی ئەم کارە بووەهۆی ئەوەی کە تەمەنی مامناوەندیی یەکەم هاوسەری بەرزببێتەوە. هەڵبەتە ئەو یاساو بەرنامانەی

کە لەساڵەکانی کۆتایی دەیەی شەستدا بۆ دابینکردنی ئاسایش و دەسەڵاتی پێویست لەپێناو کارکردنی کچان لەو پیشانەی کە جاران تایبەت بوون لەپیاوان، دەتوانن کار بکەنە سەر ئەم مەسەلەیە، واتە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی، بەڵام هێشتا بەشێوەیەکی تەواو هیچ لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەمەسەلەی کەمبوونی هاوسەرێتی لەنێوان ئەو ژن و پیاوانەدا کە بۆ یەکەمجار ژیانی هاوسەرێتی پێکدەهێنن ئەنجام نەدراوە.

ڕێژەی مامناوەندیی خێزان لەساڵی ١٩٧٠دا، ٣,٣ کەس بووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لەدەیەی نەوەددا کەمبوونەوە نیشاندەدات، لەساڵی ١٩٩٠ بەدواوە ڕێژەی مامناوەندیی خێزان لەئوستراڵیادا (٢,٩) کەس تۆمارکراوە. ڕادەی گشتی زاوزێ لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٠- ١٩٧٥، ٢,٥ کەس بووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لەساڵەکانی ١٩٩٠-١٩٩٥ بووە بە ١,٩ کەس، واتە ڕێژەکەی کەمبۆتەوە.

بەپێی ئامارەکان، ڕێژەی ئەو ژنانەی سەرپەرشتیی خێزانیان لەئەستۆدابووە لەساڵی ١٩٨٤ بەدواوە، ٢٥٪ی تەواوی ژنانی ئوستراڵیایە.

**ڕێژەی خێزان و بەخێوکردنی مناڵان**

| | | |
|---|---|---|
| ڕێژەی مامناوەندیی خێزان | ١٩٧٠<br>٣,٣ | ١٩٩٠<br>٢,٩ |
| ڕێژەی ژنانی سەرپەرشتی خێزان لەم ساڵانەی دواییدا | ٢٥ | -- |
| ڕادەی گشتیی مناڵبوون | -١٩٧٠<br>١٩٧٥<br>٢,٥ | ١٩٩٠-١٩٩٥<br>١,٩ |
| ڕادەی مناڵبوون بەڕێژەی هەزار ژن لەگروپی تەمەنی ١٥-١٩ ساڵ | | ١٩٩٠-١٩٩٥<br>٢١ |
| ڕادەی گشتیی بەرگرتن لەمناڵبوون (٪) | | ١٩٩٠-١٩٩٥ |

| | | |
|---|---|---|
| گرووپی تەمەن ١٥-١٩<br>گرووپی تەمەنی ٣٥ ساڵ بۆ سەرەوە | | ٥<br>١٠ |
| ڕێژەی لەسەدای ئەو ژنانەی سوود لەشێوازەکانی بەرگرتن لەمناڵبوون وەردەگرن لەم ساڵانەی دواییدا | ٧٦ | |
| ئایا لەباربردنی مناڵ کارێکی ئازاد دەبێت | ١٩٩٤ | بەڵێ |

بەپێی ئەو ئامارانەی ئەنجامدراون، ڕێژەی مامناوەندیی تەمەنی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی لەساڵی ١٩٨٤ بەدواوە سەبارەت بەژنان (٣٣,٥) ساڵو بۆ پیاوان (٢٥,٧) ساڵە. لەساڵی ١٩٧٠دا ڕێژەی هاوسەرێتیی گرووپی تەمەنی (١٥-١٩) ساڵ لەژناندا (٩٪)و لەپیاواندا (١,٤٪) بووە، بەڵام ئەو ڕێژەیە لەساڵەکانی پاش ساڵی ١٩٨٤ سەبارەت بەژنان ١,٢٪و بۆ پیاوان ٠,٢٪ کەمبۆتەوە، ڕێژەی ئەو کەسانەی ژیانی هاوسەرێتییان پێک نەهێناوەو تەمەنیان لەسەروو (٤٥) ساڵەوەیە لەساڵەکانی (١٩٨٠-١٩٨٤) سەبارەت بەژنان (٥٪)و بۆ پیاوان ٧,١٤٪ بووە، هەر بەم شێوەیە ڕێژەی لەسەدای ئەو کەسانەی ژیانی هاوسەرێتیان پێک نەهێناوە لەگرووپی تەمەنی سەروو (٦٠) ساڵیەوە لەساڵی (١٩٧٠)دا سەبارەت بەژنان ٥٧٪و بۆ پیاوان ٢٥٪ بووە، ئەم ڕێژەیە لەساڵەکانی دواییدا سەبارەت بەژنان (٥٠٪)و بۆ پیاوان (٢٣٪) گۆڕدراوە.

**لێکۆڵینەوەی مەسەلەی هاوسەرێتی**

| | | |
|---|---|---|
| ڕێژەی مامناوەندیی تەمەنی هاوسەرێتی لەساڵەکانی دواییدا<br>ژن<br>پیاو | ٢٣,٥<br>٢٥,٧ | |
| ڕێژەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی لەگرووپی تەمەنی ١٥-١٩ | ١٩٧٠ | ساڵەکانی دوایی |

| | | |
|---|---|---|
| ژن | ٩ | ١,٢ |
| پیاو | ١,٤ | ٠,٢ |
| ڕێژەی ئەو کەسانەی ژیانی هاوسەرێتیان پێك نەهێناوە، گروپی تەمەنی سەروو (٤٥) ساڵ | | ساڵەکانی دوایی |
| ژن | ٥ | |
| پیاو | ٧,٤ | |
| ڕێژەی ئەو کەسانەی ژیانی هاوسەرێتیان پێك نەهێناوە، تەمەنی سەروو (٦٠) ساڵ | ١٩٧٠ | ساڵەکانی دوایی |
| ژن | ٥٧ | ٥٠ |
| پیاو | ٢٥ | ٢٣ |

لەئوستراليا هێشتا بەترسەوە هاوسەرێتی ئەنجامدەدرێ‌و بەرەوی پەیدا نەکردووە، هەرچەندە ڕێژەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی لەنێوان کۆچکەرەکانی وڵاتەکانی خۆرهەڵاتدا زۆرە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لەنێوان کۆچکەرەکانی وڵاتە ئەوروپییەکان بەتایبەت خۆرئاوادا گەشەیەکی پێچەوانەی هەیە، هۆکارەکەشی دەستێوەردانی روناکبیرانەی دەسەڵاتی قەزایی ئوسترالیایە لەمەسەلەی ڕەوایەتیدان بەئازادیی لەپەیوەندییەکانی نێوان ژن‌وپیاودا.

لەساڵی ١٩٨١دا دادگای واڵای (نیوساوث ویلز) بەزۆرینەی دەنگ ئەوەی ڕاگەیاند کە: (هاوسەرێتی ناڕەسمی‌و ئەزموونییەکان کە بەهاوسەرێتییەکانی De ناسراون، بەدوور لەڕەوشت‌و ئاکارنین‌و بەپێچەوانەی یاسا ڕەچاوکراوەکانی ئێستا نین، چونکە ئەمجۆرە پەیوەندییانە بەواتای پەیمانێکە لەنێوان ئەو ژن‌وپیاوە ئاقڵ‌و باڵقانەی کە بەشێوەیەکی زارەکی بۆ ژیانی هاوبەشی دەبەسترێت).

راگەیاندنی رای دادگای بالای (نیوساوث ویلز) لەپاریزگاکانی تری ئوسترالیادا قبوڵکراو بەشێوەیەکی بەرچاو، رادەی هاوسەرێتی رەسمیی هێنایە خوارەوە.

ئەمرۆ ژمارەیەکی زۆر لەلاوان و تەنانەت پیاوانی بەتەمەنی کۆمەڵگەی ئوستورالی بەدوور لەهەر جۆرە شەرم و کۆت و پێوەندێك خۆیان بە(دۆستە نیوە کاتەکان) دەناسێنن و لەیەك کاتدا لەگەڵ چەند کچێك یان ژنێکدا پەیوەندیی سێکسی و دۆستایەتیان هەیە، یان بۆ ماوەیەکی کورت (یەك رۆژ تا مانگێك) لەگەڵ ژنێکدا پەیوەندیی پێکدەهێنن، پاشان وازی لێدەهێنن و بەدوای یەکێکی تردا دەگەڕێن، بەرئەنجامی ئەمجۆرە پەیوەندییە سێکسی و کۆمەلایەتییە ئەوەیە کە ئەمرۆ کۆمەڵگەی ئوسترالیا لەگەڵ مەترسییەکی جیدیدا رووبەرووبۆتەوە بەهۆی خووپێوەگرتن بەمادە سڕکەرەکان و ئەلکهول، سەرەرای ئەمەش زۆرترین رادەی لەسەدای نەخۆشی ئایدز لەنێوان خەڵکی ئوسترالیادا هەیە، بەپێی ئامارە رەسمییە راگەیاندراوەکان لەرێگەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (٤,١) کەس دوچاری نەخۆشی ئایدز بوون، ئوسترالیا لەریزبەندیی یانزەهەمدایە و تا کۆتایی ئەم سەدەیە نزیکەی یەك ملیۆن کەس دوچاری ئەم نەخۆشییە ماڵ وێرانکەرە دەبن، ئەم ئامارە لەئوسترالیادا هەواڵ لەکارەساتێکی ترسناك دەدات.

**ژنان لەگۆرانکارییە کۆمەلایەتییەکاندا**

| | | |
|---|---|---|
| رێژەی ئەو کچانەی لەچالاکییە ئابوورییەکاندا بەشداریی دەکەن، | ١٩٧٠ | ١٩٩٠ |
| تەمەنی ١٠-١٤ ساڵ | ١,١ | ٢١,٥ |
| رێژەی مامناوەندیی تەمەنی شووکردنی | ١٩٧٠ | ١٩٩٠ |
| ژنان بەرامبەر | ٨٨ | -- |
| بەرێژەی پیاوان | ٥٠,٩ | ٢٢ |

| ڕێژەی زاوزێ (بۆ هەزار ژن) تەمەنی ١٥-١٩ | ١٩٧٠ | ١٩٩٠ |
| --- | --- | --- |
| | ٢٤,٦ | • |

**کاریگەریی تەڵاق لەسەر منداڵانی خێزان و کۆمەڵگەی ئوسترالیا**

بەسەرنجدان لەڕێژەی تاڕادەیەك بەرزی ژمارەی تەڵاقدان لەوڵاتەکانی ئوسترالیاداو لەسەر ئەو باوەڕەی کە لەکۆمەڵگەدا باوە کە جیابوونەوەی دایك و باوك، هەندێ کێشەی دەروونیی و خۆخواردنەوەی دەروونیی بۆ منداڵان پێکدەهێنێت، لەم دواییەدا (ڕێکخراوی لێکۆڵینەوە خێزانییەکانی ئوستراليا) بۆ بەدواداچوونی هەلومەرجی خێزانەکانی کە بەهۆی ڕوودانی تەڵاقەوە جیابوونەوەی منداڵان لەدایكوباوکیانی لێکەوتۆتەوە لەڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەل (٥٢٣) ژن و پیاو (١٠٥) منداڵ سەبارەت بەهۆکارەکانی تەڵاق و جیابوونەوەی دایكوباوكومنداڵ لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدا، وەکو ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕایگەیاند کە تەڵاق کاریگەرییەکی کەم لەسەر زامە ڕۆحییەکانی منداڵ جێدەهێڵێت. بەپێی ئەم لێکۆڵینەوانە نیشاندراوە کە (٧٥٪)ی پیاوان و نیوەی ئەو ژنانەی لەهاوسەری یەکەمیان جیادەبنەوە، لەدرێژەی (٨) ساڵدا توانیویانە هاوبەشێکی نوێ بۆ ژیانیان هەڵبژێرن.

لەهەمان لێکۆڵینەوەدا ئاماژە بەوەکراوە کە نیوەی ئەو منداڵانەی دایكوباوکیان لەیەك جیابوونەتەوە، داوای پێکەوەبوونی دایكوباوکیان دەکەن، لەحاڵێکدا بەباشی دەزانن کە ئەم کارە ئەنجام نەدرێت، ئەم کارە ئەمە نیشاندەدات کە ئەمجۆرە منداڵانە لەبەجێهێنانی هیواکانیان لەگەڵ ژیانی نوێیاندا گرفتیان بۆ دروست نەبووە.

دکتۆر (فاندر) یەکێك لەپسپۆڕانی شارەزای ئەو ڕێکخراو، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی خۆی پێشکەشکرد بەکۆنفرانسێك کە لەم دواییەدا لەسەر مەسەلەی (چۆنیەتی گونجانی منداڵان لەگەڵ ژیانی نوێیان)دا ڕێکخرابوو.

دکتۆر (فاندر) دەڵێت: کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەمەی نیشانداوە کە گونجاوترین بارودۆخی خێزانێکی (زڕ منداڵ) بۆ خۆشگوزەرانیی و خۆشبەختی منداڵان بوونی باوە پیارەیەکە کە خۆشیان بوێت و ڕۆڵێکی دەستێوەردانەیان لەژیانی منداڵاندا نەبینن، ئەمە لەحاڵەتێکدایە کە لێکۆڵینەوەکانی ئەم مەسەلەیە دووپاتیدەکاتەوە کە (باوەژنەکان) زڕ دایکەکان کەمتر میهرەبان و دڵسۆزن و بوونی دایکان تەنها وەك سەرپەرشتی خێزان لای منداڵان بەپێگەیەکی باش ناژمێردرێت، بەڵام ئەمە هیچ مەترسییەکی بۆ منداڵان نییە.

هەروەها لێکۆڵیاری ناوبراو رایگەیاند کە خۆشگوزەرانیی و مەسەلەی سامان، کاریگەرییەکی زۆر بچووکی لەسەر خۆشگوزەرانیی و دڵنیایی منداڵان و ئەو دایکانەی سەرپەرشتی ئەو منداڵانەیان گرتۆتە ئەستۆ هەیە، بەڵام ئەم مەسەلەیە سەبارەت بەپیاوان بەپێچەوانەیە.

ئەنجامێکی رەچاونەکراویش ئەوەیە کە لەوە ناچێت پچڕانی پەیوەندیی نێوان منداڵان و دایکوباوکانی نوێی کار دەکاتە سەر دایکوباوکانی پێشوو، بەتایبەت لەهەندێ جاردا کە ناکۆکییەکانی نێوان دایکوباوك بەردەوامبوو، ئەو پچڕانی پەیوەندییە هەندێ شتی باشی لێکەوتۆتەوە.

ئاسودەیی ئەو باوکانەی جیابوونەتەوە لەئاسودەیی منداڵەکانیان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی درێژەپێدانی پەیوەندییان لەگەڵ منداڵەکانیاندا و ئەو باوکانەی کە هێشتا تووڕەو نارەحەتن و لەبیری تۆڵەسەندنەوەدان دوچاری نارەحەتی و ماتیی و خەمۆکیی و بێتاقەتییەکی زۆرترن بەجیاوازیی لەگەڵ دایکوباوکانی تردا، دکتۆر (فاندر) لافی ئەوە لێدەدات کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەو خاڵە دەسەلمێنێ کە رەزامەندیی و ئاسودەیی منداڵان

بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بەپەیوەندییان لەگەڵ ئەو دایکەی کە لەگەڵیاندا دەژی.

پرۆفیسۆر (پۆل ئاماتو) لەزانکۆی (نبراسکای) ئەمەریکا لەراپۆرتێکدا کە پێشکەشی ئەم کۆنفرانسەی کرد، دیمەنێکی دڵتەزێنی لەئەزموونی منالان پاش تەلاقی دایکوباوکیان خستەڕوو دووپاتی کردەوە ئەو منالانەی دایکوباوکیان رووبەڕووی تەلاق بوونەتەوە، ئاستی خوێندن و داهاتیان کەمتر بووەو ژیانی هاوسەرێتی نەگونجاویان هەبووەو ئاستی بەختەوەرییان بەڕووی چۆنیەتییەوە خراپترەبووە.

دکتۆر (ماك گورك) بەڕێوەبەری دەزگای لێکۆڵینەوەی خێزانی ئوستراليا، لەدرێژەی وتارەکەی خۆیدا لەم کۆنفرانسەدا دوپاتی کردەوە کە پێویستە بایەخێکی زیاتر بۆ بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منالان بدرێ وەکو رێگەی هاوبەشیکردن لەپەروەردەکردن و سەرپەرشتیکردنی منالان نەك وەکو بابەتێکی پەیوەست بەدەستەبەرکردنی کارو پیشە، هەروەها نیگەرانیی خۆی دەربڕی سەبارەت بەبڕیارەکانی لیژنەی بەرنامەڕێژیی ئابووریی حکومەتی ئوستراليا لەزەمینەی کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەرانی ئەو سەنتەرانەی کە منالان تێیدا پەروەردە دەکەن و وتی: دابینکردن و پاراستنی منالان بەشێوەیەك کە لەخزمەتی پێشکەوتنی فیکریی، کۆمەلایەتیی، دەروونیی و هەستییاندابێ، پێویستی بە بەرنامەڕێژییەکی زۆر وردو لێهاتوانەیە. لەهەلومەرجێکدا ئەو کەسانەی کە لەشوێنی چاودێریکردنی منالاندا کاردەکەن، ناتوانن ئەرکەکانیان وەکو دایکوباوکی راستی منالان ئەنجامبدەن.

چاوەڕێی ئەوە دەکرێت کە بۆ ئەم کارە سوود لەو کەسانە وەربگرن کە بەو پیشەیەوە وابەستەن و هەندێ پلەوپایەیان بۆ دەستنیشانبکرێت.

هەروەها دکتۆر (ماك گورك) ئەو بڕیارەی ڕەتکردەوە کە پێویستە تەنها هەندێك لەکارگوزارانی چاودێریکردنی منالأن دەسەلاتێکی پێبەخشرابێت و پێشنیازی ئەو لیژنەیەی هێنایەئاراوە کە یەك کەس بۆ چاودێریکردنی (٥) منالّ وەکو ستاندارددێکی میللیی کارێکی نەشیاوە، وەکو چۆن یەك دایك ناتوانێ منالأنی پێنج جمکی چاودێریی بکات. هاوبەشیکردن لەبەخێوکردن و چاودێریکردنی منالأن بەهەرزان دەستناکەوێت، بەلاّم هەوڵدان بۆ باری خەرجی کەمتر لەکرداردا ئەمەی سەلماندووە کە ئەنجامی گرانتری لێدەبێتەوە، دەشێ ئامـاژەکردن بەم مەسەلەیە نەگونجاونەبێت کە بارودۆخی کۆمەلاّیەتی ئوستралیا بەشێوەیەکە کە ڕێژەیەکی زۆری لاوان، کەمتر ئارەزوویان لەسەر ژیانی هاوسەرێتییە، بەتایبەت لەتەمەنی لاویدا.

گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەی ئوستراليا ئەو ڕاستییە نیشاندەدات کە مەیل بۆ ژیانی هاوسەرێتی لەناو خەڵکی ئەم ولاّتەدا لەدرێژەی دە ساڵی ڕابردوودا ڕەوتێکی داکشاوی هەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا ڕێژەی مامناوەندیی تەمەنی شووکردن و ژنهێنان زۆربووە، لەساڵەکانی دواییدا بەشێوەی مامناوەندیی تەمەنی ژنهێنانی ژمارەیەکی زۆر لەپیاوان گەیشتۆتە تەمەنی (٣٠) ساڵ و ئەم ڕێژەیە سەبارەت بەژنان نزیکەی تەمەنی (٢٨) ساڵە، ئەمە لەحاڵەتێکدایە کە خەڵکی ئوستراليا سەبارەت بەهەندێ ولاّتی تر کەمتر کێشەوگرفتی داراییان هەبووە.

هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە سەبارەت بەموسڵمانان و کۆمەڵگە ئاینییەکان جیاوازە، لەهەلومەرجێکی وادا بەهۆی شتە ناباوو ئازادییە بێ سنورەکان لەنێوان خێزانەکان و نەبوونی سنوور لەپەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی لاواندا، لەلایەك مەیل بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی کەمدەکاتەوەو هەروەها ڕێژەی تەلاّقیش زیادیکردووەو لەلایەکی تریشەوە پاش

جیابوونــــەوەی دایكوبـــاوك ڕێژەیـــەكی زۆر لـــەمنالآن لەهەلومـــەرجی پەروەردەیی باشدا پەروەردە نابنو ئەم مەسەلەیە كار دەكاتە سەر ئایندەی ئەو منالآنەو لەئەنجامدا كاریگەرییەكی توندی بەسەر كۆمەڵگەدا دەبێت، بەشێوەیەك كە لەم دواییەدا بەپێی لێكۆڵینەوەیەك راگەیەنراوە كە (٧٥٪)ی لاوانی نێرینەی (١٥-٢٠) ساڵ كـە دوچـاری تـاوانی جۆراوجـۆر دەبنـەوە لەجیابوونەوەی دایكوباوكیان ئازاریـان بینیـووە، ئیدی لـەوە دەچێـت ئـەم مەسەلەیە بوبێتەهۆی نیگەرانبوونی ئەو مەڵبەندو دەزگایانەی پەیوەستن بەم مەسەلەیەوە تـاكو بەسـوودوەرگرتن لەشـێوازی جۆراوجـۆر هـەوڵبدەن دەرەنجامی خراپو قەرەبوونەكراوی ئەم مەسەلەیە كەمبكەنەوە.

مەسـەلەی تـەلآق لـە (٣٠) سـاڵی دواییـدا ڕووبـەڕووی هـەندێ گۆڕانكاریی بۆتـەوە، بەپێی ئامارە ئەنجامدراوەكان ڕێـژەی تـەلآق لەسـاڵی ١٩٦٠دا ٥٪ بووە، لەسەرەتاكانی ساڵی ١٩٧٠دا ئەم ژمارەیە گەیشتە ٧٪، بەلآم لەساڵی ١٩٧٥دا یاسای نوێـی خێزان بڕیاری پەرلـەمانی لەسـەردرا، لەسەر بنەمای ئەم یاسا نوێیە، ژنوپیاو هەریەك بەجیا دەتوانن لـەدادگا داوای جیابوونەوە بكەن.

دادگاش لەهەندێ بابەتدا، لەگەڵ ڕەزامەندبوونی بەتـەلآق، سـامانو دارایـی ژنوپیـاو بەشـێوەیەكی یەكسـان لـەنێوانیاندا دابەشـدەكات، ئـەم یاسایە بوو بەهۆی ئەوەی پاش یەك سـاڵ لـەدەرچوونی ئەم یاسا نوێیەو لەسـاڵی ١٩٧٦دا ڕێـژەی تـەلآق لـە ٧٪ زیادبكـات بـۆ ١٨٪، واتـە لەسـاڵی ١٩٧٥دا ژمـارەی تەلآقـەكان (٢٤,٣٠٠) بـوو، بـەلآم لەسـاڵی ١٩٧٦دا ئـەم ژمارەیە گەیشتە (٦٣,٣٠٠).

# بەشی سێیەم:
# پەروەردەو رۆشنبیریی

نەهێشتنی نەخوێندەواریی لەئوستralیادا، لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا بەئیجباری بوو، سستەمی پەروەردەیی ئەم ولاتە منالانی شیرەخۆر تاکو کۆتایی قۆناغی زانکۆ دەگرێتەخۆی، ئەو قۆناغانەی کە منالانی ئوسترالیایی دەگرێتەخۆی لەقۆناغی پێش سەرەتاییەوە دەستپێدەکات، بەلام بەر لەم قۆناغەش، منالان بەکورِوکچیانەوە سوود لەمەلبەندەکانو دایەنگەو باخچەکان وەردەگرن. دایەنگەو باخچەکانی ساوایان جۆراوجۆرن، هەندێ لەم دەزگایانە لەلایەنی حکومەتی ناوخۆییو پارێزگاکان بەڕێوەدەچن، دەستەیەکی تریش بەشێوەی تایبەتی بەڕێوەدەچنو بەخۆڕاییو لەژێر چاودێریی حکومەتدان.

منالان لەم شوێنانەدا لەتەمەنی بەر لەقۆناغی پێش سەرەتایی چاودێریی دەکرێن، قۆناغەکانی تری پەروەردە بریتین لە:

### ١-قۆناغی پێش سەرەتایی:

ئەم قۆناغە لەسەرتاسەری ئوسترالیادا یەکسانەو گشت منالانی (٤) سالْ لەم قۆناغەدا وەردەگیرێنو بەپێی پێگەی جوگرافیی، ئەم منالانە سێ تا پێنج رۆژی هەفتە فێردەکرێن، لەهەندێ لەناوچە لادێکاندا، منالان لەهەفتەدا تەنها یەك رۆژ بەشداریی ئەم خولانە دەکەن، ئەمڕۆ لەئوسترالیادا قۆناغی پێش سەرەتایی لەزۆربەی ناوچە شارنشینو گوندنشینەکاندا لەژێر چاودێرییو دارایی وەزارەتی پەروەردەدانو حکومەت خەریکە پەرە بەم

بەرنامەیە دەدات، تاکو گشت شارو شارۆچکەو گوندەکان سوود لەم قۆناغە وەربگرن‌و لەژێر چاودێریی‌و کۆنترۆڵی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردندا درێژە بەکاری خۆیان بدەن.

## ٢-قۆناغی سەرەتایی:

قۆناغی سەرەتایی لەئوستوسترالیادا لەتەمەنی (٦) ساڵییەوە دەستپێدەکات، ماوەی ئەم قۆناغە (٦) ساڵە، بەرنامەی ئەم قۆناغە ئیلزامییەو لەسەرانسەری ئوستوسترالیادا بەیەکسانیی بەڕێوەدەچێت، قوتابخانە سەرەتاییەکانی ئوستوسترالیا دوو دەستەن، دەستەی یەکەم ئەو قوتابخانەن کە حکومەت بەخۆڕایی لەسەرانسەری ئوستوسترالیادا بەڕێوەی دەبات، دەستەی دووەم ئەو قوتابخانانەن کە بەقوتابخانە تایبەتییەکان ناسراون‌و بەتەواوی بەرنامەی فێرکردن‌و پەروەردەی حکومەت دادەڕێژن، بەڵام دامەزرێنەرو بەڕێوەبەرێتییەکانیان کەسانێکن لەدەزگا جۆراوجۆرەکان‌و زۆرجار کڵێساو لیژنە ئاینییەکان، کە کڵێسای ئەرستۆدۆکسی خۆرئاواییە زۆرترین ژمارەی ئەم قوتابخانانە بەڕێوەدەبەن.

حکومەتی ئوستوسترالیا بۆ ئەو منالانەی لەناوچە زۆر دورە دەست‌و کشتوکاڵییەکاندا دەژین، بەرنامەی تایبەتی داڕشتووە کە لەڕێی رادیۆو تەلەفزیۆن‌و بێتەلەوە بلاودەبێتەوە، لەم دواییەدا ئەم بەرنامانە چوونەتە ناو کەناڵە ئاسمانییەکانەوە تاکو تەواوی ناوچە دورەکان بگرێتەوەو هیچ منالێك بەهۆی دوربوونی لەشارەکان لەفێربوون‌و پەروەردە دوانەکەوێت، هەڵبەتە بەرنامەی کەناڵە ئاسمانییەکان هێشتا تەواو جێگیر نەبوون‌و شێوەی تاقیکردنەوەیان هەیە، بەڵام بێگومان بەخێرایی کەناڵی ئاسمانی جێگەی رادیۆو تەلەفزیۆن‌و بێتەل دەگرێتەوە. لەفێرکردن لەناوچە دورە

دەستەکاندا خوێندکارانی قوتابخانە سەرەتاییەکان پاش تەواوبوونی بەرنامەی خوێندنی ڕۆژانەیان کە لەلایەن حکومەتی ئوسترالیاوە داڕێژراوەو جێبەجێدەکرێت دەتوانن بۆ چەند سەعاتێکی تر خەریکی فێربوونی زمانی ناوچەیی خۆیانو زمانی ئینگلیزی ببن لەهەمان قوتابخانەدا، ئەگەر منالانی کۆچکەربن باری خەرجیی ئەمجۆرە بەرنامانە لەئەستۆی حکومەتدایە.

**٢-قۆناغی ناوەندییو دواناوەندیی:**

سێیەمین قۆناغی فێربوون، قۆناغی ناوەندییو دواناوەندییە کە ماوەی (٦) ساڵ دەخایەنێتو بۆ خوێندکارانی ئوسترالیایی لەگروپی تەمەنی(١٣) ساڵەوە دەستپێدەکات، قۆتابخانە دواناوەندییەکانیش وەکو قوتابخانە سەرەتاییەکان بریتییە لەدوو دەستە، قوتابخانە حکومەتییو گشتییەکانو ئەو قوتابخانانەی پەیوەستن بەبەشی تایبەتیو کڵێساکانەوە، ئاشکرایە کە قوتابخانە حکومییەکان بەخۆڕایینو ژمارەیەك لەقوتابخانە تایبەتییەکان کە پەیوەستن بەکڵێساو لیژنە ئاینییەکانەوە بەخۆڕایی خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەشدەکەن.

خوێندن لەئوسترالیادا تاکو تەمەنی (١٥) ساڵیو لەپارێزگای تاسمانیا تاکو تەمەنی (١٦) ساڵی ئیلزامییەو بەلایەنی کەمەوە (٣/٢)ی گشت قوتابیانی ئوسترالیا بەخۆڕایی سوود لەسەنتەرە فێرگوازرییەکانی حکومەت وەردەگرن، هەڵبەتە قوتابخانەکانی ئوسترالیا تێکەڵنو کچانو کوران پێکەوە دەخوێنن، لەهەندێ لەقوتابخانەکانی پەیوەست بەکڵێساکان، کچانو کوران لەیەك جیادەکەنەوە.

کتێبی سەوزی وەزارەتی پەیوەندییەکانی دەرەوە سەبارەت بەدۆخی فێربوون لەئوسترالیا هەندێ ئاماری پیچشکەشکردووە کە ژمارەکانی ئەم ئامارانە کەمێك جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەو خشتانەی کە لەهەمان کتێبدا

چاپکراوەو لەلایەنی کاتیشەوە بەلایەنی کەمەوە پەیوەندە بە دە تاکو پانزە ساڵ بەر لەڕۆژی ئامادەبوونی ئەم هەواڵە، بەڵام ئەم ئامارانە بۆ زانیاریی وەرگرتن سەبارەت بەئاماری قوتابخانەو خوێندکارو مامۆستایان کارێکی بێ سوود نییە.

بەپێی ئامارەکانی ساڵی (١٩٨٤) ژمارەی خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی دواناوەندیی ئوستراليا (٢,٢٩٠,٥٥٠) کەس بووەو ژمارەی قوتابخانە حکومییەکان لەم ساڵەدا (٧٥٤٤)دانەبوون.

ژمارەی خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی و دواناوەندیی کە لەقوتابخانە ئەهلییەکاندا دەیانخوێند، لەساڵی ١٩٨٤دا (٧٥٩,٩٣٠) کەس بووەو ژمارەی قوتابخانە تایبەتییەکان (٢٤٥٤) قوتابخانە بووە، سەرەڕای ئەمەش (٧٦٪)ی ئەم خوێندکارانە لەسەنتەرە فێرگوزارییەکانی پەیوەست بەکڵێسای ئەسۆدکسی خۆرئاوایی دەیانخوێند.

ژمارەی مامۆستایانی خوێندنگە حکومییەکان لەساڵی (١٩٨٤ن)دا (٥٠٤٨٥٨) کەس بووە، بەڵام سەبارەت بەژمارەی مامۆستایانی خوێندنگە تایبەتییەکان هیچ ئامارێك بڵاونەبۆتەوە.

بۆ نیشاندانی ئامارەکانی پەیوەست بەخوێندگەکان و ژمارەی خوێندکاران لەبەشە جۆراوجۆرەکانداو دابەشکردنی جوگرافیای دامەزراندنی خوێندنگەکان لەهەر شەش پارێزگەکەی ئوستراليا و دیاریکردنی ژمارەی مامۆستایانی ئەم خوێندنگەیانە، خشتەکانی لای خوارەوە هاتووە کە سەرچاوەکەی (کتێبی سەون)ە کە لەساڵی (١٩٩٥) وەزارەتی پەیوەندییەکانی دەرەوە دەریکردووە.

## ژمارەی قوتابخانەکان و مامۆستایان و خوێندکاران

| ویلایەت و ناوچەکان | قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی | | مامۆستا | | خوێندکار | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | حکومی | ئەهلی | حکومی | ئەهلی | حکومی | ئەهلی |
| ویلزی نوێی باشوور | ٣٢٠٠ | ٨٥٨ | ٤٥٨١٣ | ١٧٨١٢ | ٧٤٩٢٦٣ | ٢٨٤٣٣٠ |
| ڤیکتۆریا | ٢٠٥٩ | ٧١٩ | ٤٠٧٣٧ | ١٦٤٠٠ | ٥٣٧٧٠٠ | ٣٥٧٧٠٤ |
| کوینزلەند | ١٣٠٠ | ٣٩٤ | ٢٤٢٥٧ | ٧٣٦٧ | ٣٨٧٤٣٨ | ١٣٦٤١٨ |
| ئوسترالیای باشوور | ٧٠٨ | ١٨٣ | ١٣٣٧٦ | ٣٥٥٠ | ١٨٥٧٦٩ | ٥٦٣٦٣ |
| ئوسترالیای خۆرئاوا | ٧٥٣ | ٢٤١ | ١٣٢٤٣ | ٤٣٣٧ | ٣١٢٤٦١ | ٦٧٥٠٣ |
| تاسمانیا | ٢٥٤ | ٦٦ | ٤٧٣٣ | ١١٨٠ | ٦٤٩٧٧ | ١٨٣٩٤ |
| ناوچەی باکووری | ١٤٣ | ٢٥ | ١٩٩٧ | ٣٩٣ | ٢٥٩٨٧ | ٦٠٢٥ |
| ناوچەی پایتەخت | ٩٦ | ٣٧ | ٢٨٠٤ | ١٣١٤ | ٤٠٧٦٠ | ٢٠٥٩٢ |
| ئوسترالیا بەگشتی | ٧٥١٣ | ٢٥٢٣ | ١٤٦٩٥٧ | ٥١٦١١ | ٢١٩٤٣٥٥ | ٨٣٧٠٣٢ |

## وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن لەساڵی ١٩٨٥دا

| سەنتەرە فێرگوزارییەکان | خوێندگاکان | مامۆستایان | خوێندکاران |
|---|---|---|---|
| قوتابخانەو خوێندنگە حکومییەکان | ٧,٥٦١ | ١٥٠,٣٨٣ | ٢,٢٣٠,٨٣ ٣ |
| قوتابخانەو خوێندنگە ئەهلییەکان | ٢,٥٠٢ | ٤٦,٧٤٧ | ٧٧٥,٢٣٦ |
| زانکۆکان | ١٩ | ١١,٧٥١ | ١٧٥,٤٧٦ |
| کۆلیژو پەیمانگەکان | ٤٥ | ١١,٠٣٩ | ١٩٥,٢٣١ |
| خوێندنگەو پەیمانگە تەکنیکییەکان | ٢٣٣ | ٥٢,٥٨٧ | ١,٣١٦,٥٥١ |

## فێرکردن لەساڵی ١٩٨٦- ١٩٩٠

| ساڵ | خوێندنگە حکومییەکان | | | خوێندنگە ئەهلییەکان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | خوێندنگە | مامۆستا | خوێندکار | خوێندنگە | مامۆستا | خوێندکار |
| ١٩٨٦ | --- | --- | ٢٠٣٤٥٣٩ | --- | --- | ٧٣٧٢٨٥ |
| ١٩٨٧ | ٧٥٧٥ | ١٤٨٩٧٤ | ٢١٩٦٧٤٢ | ٢٥٠٤ | ٤٩٥٤٢ | ٨٠٨١٤١ |
| ١٩٨٨ | ٧٥٣٥ | ١٤٨٩٠٥ | ٢١٩٧٧٠٣ | ٢٥١٩ | ٥٠٨٥٥ | ٨٢٤٦٣٦ |
| ١٩٩٠ | ٧٤٩٠ | ١٤٦٤٧٧ | ٢١٩٣٢٤٧ | ٢٥١٧ | ٥٢٧٣٧ | --- |

هەڵبەتە پێویستە ئەوە ڕەچاو بکەین کە ئامارى ئەو خوێندکارانەى جگە لەفێربوون بەشێوەى بەرنامەیەکى ڕەسمیى بۆ فێربوونى زمانى نەتەوەیى خۆیان سوود لەخولەکان وەردەگرن، لەم ئامارانەدا نەهاتووە.

٤-قۆناغى زانکۆو خوێندنى باڵا:

چوارەمین قۆناغی فێربوون لەئوسترالیادا پاش قۆناغی دواناوەندیی و قۆناغی زانکۆو خوێندنی باڵایە، زانکۆکانی ئوسترالیا تا دەیەی پەنجای سەدەی بیستەم لەژێر دەسەڵاتی پیاواندابوو، لەدەیەی شەست بەدواوە بەهۆی گۆڕانکارییە بونیادییەکان، ژنانیش چوونە زانکۆکانەوە، لەساڵی ١٩٧٤ بەدواوە کە مانگانەی زانکۆکان رونکرایەوەو خوێندن لەم قۆناغەدا بوو بەخۆڕایی، کچان‌وژنان روویانکردە زانکۆکان بۆ خوێندن‌و خوێندنی خۆیان لەبواری خوێندنی جۆراوجۆردا دەستپێکرد، بەڵام بەهەرحاڵ کچان زیاتر بەلای بەشە هونەرییەکان‌و زانستی کۆمەڵایەتیدا چوون، بڕەوی خوێندن لەزانکۆکاندا پاش لابردنی مانگانەو هەروەها دابینکردنی مووچەی مانگانە بۆ خوێندکاران بوو بەهۆی ئەوەی خوێندکاران زیاتر بەرەو زانکۆکان بچن، بەڵام لەگەڵ ئەم پێشکەوتنانەشدا رێژەی لەسەدای کوڕان لەبەشەکانی ماستەرو دکتۆرادا زیاترە لەکچان، لەلایەکی ترەوە (٢٧٪)ی فەرمانبەرانی زانکۆکان‌و (٣٣٪)ی مامۆستایانی زانکۆ لەژنان‌و لەلایەنی رێژەی لەسەداو پلەی ژنان بەجیاوازییەکی زۆر زۆر دەکەونە دوای پیاوانەوە.

بەپێی ئامارە ئەنجامدراوەکان، ئوسترالیا لەساڵی (١٩٨٨)دا خاوەنی (١٩) زانکۆ بووە کە (١٧٢,٩٧٨) خوێندکار لەم زانکۆیانەدا خەریکی خوێندن بوون، لەم ژمارەیەدا (١٠٦,٠١٩) کەس بەشێوەی کاتیی تەواو (٥٠٦٨٢) کەس بەشێوەی نیوە دەوام‌و (١٥٩٧٧) کەس خوێندکارانی بیانی بوون.

زانکۆکانی ئوسترالیا بریتین لە: زانکۆی سیدنی لەمەڵبەندی پارێزگای نیوساوت ویلز: زانکۆی پارێزگای نیوساوت ویلز کە ئاکادیمیای هێزە چەکدارەکانی ئوسترالیا بەبەشێك لەم زانکۆیە دەژمێردرێت، زانکۆی نیوئینگلەند، زانکۆی نیوکاسڵ، زانکۆی ماك کردی، زانکۆی ڤۆلۆنگانگ، زانکۆی میلبۆرن، زانکۆی مناش، زانکۆی تروب. زانکۆی ئێکین، زانکۆی

کوینزلەند، زانکۆی جیمز کوک، زانکۆی گریفیس، زانکۆی ئارلاید، زانکۆی فلیندرز، زانکۆی ئوسترالیا خۆرئاوایی، زانکۆی موورداك، زانکۆی تاسمانیا، زانکۆی نەتەوەیی ئوسترالیا.

جگە لەم نۆزدە زانکۆیە، لەساڵی (١٩٩٠)دا زانکۆی تەکنەلۆژی ڤیکتۆریا لەساڵی (١٩٨٩)دا زانکۆی تایبەتی (باند) دامەزرا. لەساڵی (١٩٨٤)دا ژمارەی (٤٧) کۆلیژی بۆ خوێندنی باڵا لەبەشە زانستی و تەکنیکییەکاندا بوو کە ژمارەی خوێندکارەکانی (١٧٧٨٧٩) کەس بوو، ئوسترالیا لەساڵی (١٩٨٣) بەدواوە خاوەنی (٢٧١) خوێندنگەی باڵای تەکنیکییە.

لەساڵی (١٩٨٤)دا ڕێژەی لەسەدای بەشەکانی خوێندنی زانکۆکانی ئوسترالیا وا بووە:

-٢٠,٢٪ کەس لەبەشی زانستییەکان و ئەوانی تر لەبەشی تەکنیکی و کشتوکاڵ و دارستان و ڤێرتێنەری و پزیشکی و پزیشکی ددانیدا.

-لەساڵی (١٩٨٤)دا (٢٣٩٧٣٠) خوێندکار لەبەشی ماستەرو (٧٤٨٥) کەس لەم گروپە لەبەشی دوکتۆرادا خەریکی خوێندن بوون، ئەم خشتانەی خوارەوە سەبارەت بەژنان و دەرفەتەکانی خوێندن و لێکۆڵینەوەی دۆخی تەواوی خوێندنی ژنان و خوێندەواریی و فێرکردن و کەمبوونەوەی مەودای نێوان ژنان و پیاوان بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز داڕێژراون کە ئەم ئامارانە بەپێی ئاماری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نووسراونەتەوە.

**ژنان و دەرفەتەکانی خوێندن**

| | |
|---|---|
| ژمارەی ناونووسین | |
| قۆناغی سەرەتایی (٦-١١) ساڵ لەساڵی ١٩٩٠ | ١٠٠ |
| نموونە ١٠٠= ١٩٧٠ | |
| ڕێژەی لەسەدای ژنان بەنیسبەت پیاوان- ساڵی ١٩٩٠دا | ١٠٠ |
| گروپی تەمەنی قۆناغی ناوەندیی (١٢-١٧) ساڵ- ساڵی ١٩٩٠ | ١٠٥ |
| نموونە ١٠٠= ١٩٧٠ | |

| | |
|---|---|
| ڕێژەی لەسەدای ژنان بەرامبەر پیاوان- ساڵی ١٩٩٠ | ١٠٤ |
| ڕێژەی تەمەنی قۆناغی زانکۆ (١٨-٢٣) ساڵ- ساڵی ١٩٩٠ نموونە: ١٠٠= ١٩٧٠ | ٣٤٣ |
| ڕێژەی لەسەدای ژنان بەرامبەر پیاوان- ساڵی ١٩٩٠ | ١١٣ |
| ژمارەی ناونووسینی کچان- هەرسێ گروپی تەمەن- ١٩٩٢ | ٨٠ |

## خوێندن

| | | |
|---|---|---|
| ڕێژەی لەسەدای ناونووسینی گروپی تەمەنی (٦-٢٣) ساڵ | ١٩٩١ | ٧١١ |
| ڕێژەی لەسەدای گەشەسەندنی ناونووسین لەقۆناغی سەروو پۆلی (٩) بەشێوەی دەوامی تەواو. | ١٩٩١ | ٩١ |
| ڕێژەی لەسەدای گەشەسەندنی ناونووسین لەبەشە تەکنیکیو پیشەییەکان | ١٩٩١ | ٢٨ |
| ڕێژەی لەسەدای گەشەسەندنی ناونووسین لەقۆناغی زانکۆدا | ١٩٩١ | ٤٠ |
| ڕێژەی لەسەدای گەشەسەندنی ناونووسین لەهەرسێ قۆناغەکەدا | ٩٠-٩١ | ٣٢ |
| باری خەرجی فێربوون لەهەرسێ قۆناغی خوێندندا | ١٩٩١ | ٣٥٠٩ |
| باری خەرجی ساڵانەی هەرسێ قۆناغی خوێندن | (PPP) ٩٠-٩١ | ١٠,٩٣٠ |
| ڕێژەی گشتی باری خەرجی بەرامبەر بە بەرهەمی خاوی ناو وڵات | ١٩٦٠ ١٩٩١ | ١٩٦٠ ٥,٥ |
| ڕێژەی لەسەدای فێربوون بەرامبەر بەبەرهەمی ناوەوەی وڵات | ١٩٩١ | ٤,٧ |

## خوێندەواریی و فێرکردن

| | | |
|---|---|---|
| رێژەی لەسەدای خوێنەوارانی (١٥-٢٤) ساڵ | ١٩٩٠ | |
| ژن | -- | |
| پیاو | -- | |
| رێژەی لەسەدای خوێندەوارانی سەروو (٢٥) ساڵ | ١٩٩٠ | |
| ژن | -- | |
| پیاو | -- | |
| ژمارە ناونووسینی گشت قۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندیی | ١٩٨٠ | ١٩٩٠ |
| ژن | ٩١ | ٩٥ |
| پیاو | ٩٠ | ٩٣ |
| ناونوسین لەقۆناغی زانکۆ بەرێژەی سەد هەزار کەس | ١٩٩٠ | |
| ژن | ٢٧٢٤ | |
| پیاو | ٣٠٢٥ | |
| ناونوسینی ژنان بەرامبەر بەسەد پیاو لەساڵدا | ١٩٩٠ | |
| قۆناغی دواناوەندیی | ٩٩ | |
| قۆناغی زانکۆیی | ١١١ | |
| رێژەی لەسەدای ژنانی مامۆستا لەزانکۆکاندا (لەساڵدا) | ١٩٩٠ | ٣٣ |

## کەمبوونەوەی مەودای نێوان ژنان و پیاوان

| | | |
|---|---|---|
| | ١٩٧٠ | ١٩٩٢ |
| ئومێد بەژیان لەژیاندا | ١١٠ | ١٠٨ |
| | ١٩٧٠ | ١٩٩٢ |
| خوێندەواریی بەگەورەکان | • | • |
| ڕێژەی ناونووسین | ١٩٧٠ | ١٩٩٠ |
| قۆناغی سەرەتایی (٦-١١) ساڵ | ١٠١ | ١٠٠ |
| قۆناغی دواناوەندیی (١٢-١٧) ساڵ | ٨٦ | ١٠٤ |
| قۆناغی زانکۆ (١٨-٢٣) ساڵ | ٥١ | ١١٣ |
| دەست بەکاربوون | ١٩٧٠ | ١٩٩٠ |
| ڕێژەی چالاکیی ئابووریی (تەمەنی ١٥) ساڵ بەرەو ژوور | ٤٥ | ٦٢ |

ئوستراليا تاکە وڵاتی دنیایە کە خۆی کیشوەرێك پێکدەهێنێت، فراوانبوونی ئەم وڵاتە کە (٧,٦) ملیۆن کیلومەتری چوارگۆشەیە بۆتەهۆی پێکهێنانی جیاوازییە هەرێمییەکان کە خودی ئەم مەسەلەیە کەلتوری جیاوازیی هێناوەتەبوون، ئەم وڵاتە وەکو وڵاتی ئەمەریکا کۆچکەرانی لەخۆگرتووەو ژمارەیەکی زۆر لەکۆچکەران لەم وڵاتەدا دەژین، ئەم کۆچکەرانە هەوڵیانداوە تاکو کلتوری گەلە سەرەتاییەکانی ئەم وڵاتە لەناوبەرن، چونکە ئەم وڵاتە وڵاتێکی دووربووە لەناوچەکانی تری دنیادا، خەڵکە سەرەتاییەکان کە لەم کیشوەرەدا ژیاون بەهۆی دارستانەکان و ناوچە دەشتایی و بیابانیی و شاخاویی و دەریاییەکانی و هەروەها فراوانی ئوستراليا دانیشتوانی ئەم وڵاتە نەیانتوانیوەو رووبەرووی یەکتر ببنەوە، تاکو بتوانن وەکو وڵاتانی تر کلتوریان ئاڵوگۆڕ بکەن، لەبەرئەوە کلتوورە دەست لێنەدراوو زۆر سەرەتاییەکان لەم وڵاتەدا بوونیان هەیە، ئیدی شوێنێکی زۆر گونجاوە بۆ توێژینەوە ئەتنۆلۆجییەکان و ئەتنۆلۆجی ناسان

دەتوانن لەدڵی دارستانەکاندا میللەتە سەرەتاییەکان بدۆزنەوە کە وەکو سەردەمی چاخی بەردین دەژین، وردەوردە بەهۆی کۆچبەری زۆرو لەبەرئەوەی ئوستراليا داگیرکراوی بەریتانیا بووە، کلتوری ئینگلیزیی لەم وڵاتەدا بڵاوبۆوە، ئێستا ئوستراليا بەوڵاتێکی پێشکەوتوو دەژمێردێت.

ئوستراليا لەبواری هونەردا خاوەنی سەنتەری رۆشنبیریی و هونەریی زۆرە کە دەتوانین لەوانە ئاماژە بە(خانەی ئۆپێرای سیدنی) بکەین کە لەساڵی (١٩٧٣)دا کرایەوە، ژمارەیەکی زۆر ئۆرکستڕای سیمفۆنیا لەپارێزگاکانی تردا بوونیان هەیە.

وڵاتی ئوستراليا لەبواری ئەدەبیاتدا وڵاتێکی ناسراوە بەشێوەیەك کە لەساڵی (١٩٧٣) پاتریك ڤایت خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی بردەوەو سەرەڕای ئەمەش نابێ ئەوە لەیاد بکەین کە هونەرە دەستییەکانی ئوستراليا ئاوێتەیە کە لەکلتوری خەڵکی ئوستراليا و کلتوری کۆچکەرە ئینگلیزییەکان زۆر گرنگەو رۆڵی ئوستراليا لەم زەمینەیەدا زۆر لەبەرچاوە.

ئوستراليا لەزەمینەی میدیاکاندا، یەکێکە لەوڵاتە پێشکەوتووەکان لەجیهاندا بەشێوەیەك کە ئەمڕۆ لەئوسترالیادا (٩٩٪)ی ماڵەکانی تەلەفزیۆنیان هەیەو (٨٠٪)یان ڤیدیۆیان هەیە، نزیکەی (٢,٤) ملیۆن کەسی ئوسترالیایی خاوەنی میدیا پێشکەوتوەکانی جیهانن.

ئێستا لەئوسترالیادا (٣٠) ملیۆن ئامێری رادیۆ لەشوێنەکاندا هەیە، لەهەر ماڵێکدا چوار دانە یاخود زیاتر دەبینرێت، بڵاوبوونی میدیاکان دەتوانێ گرنگیی رۆڵی ژنانی ئوستراليا لەم بوارەدا ئاشکرا بکات، چونکە ژنان لەزۆربەی بەشە هونەرییەکان، بێژەریی، دیکۆرو دیمەن، میدیاکان، چالاکیی زۆریان هەیە.

هیچ سنورێك بۆ ژنانی ئوستراليا سەبارەت بەوەرزشکردن نییەو ژنانی ئوسترالیایی بەئازادییەوە بەشداریی گشت وەرزشەکان دەکەن.

# بەشی چوارەم:

## رۆڵی ژنان لەزەمینەی ئابورییدا

ئوستراليا ولاٌتێکی فراوانە کە خاوەنی پێداویستی تەواوە بۆ کاری کشتوکاڵ، چونکە ژمارەی دانیشتوانی بەرێژەی فراوانیی ولاٌتەکە زۆر کەمە، ئیدی دانیشتوان لەئاسودەییەکی ئاستی بالاٌدا دەژین، ئەم ولاٌتە بەهۆی هەبوونی ئەم تایبەتمەندییانەوە بەولاٌتێکی زۆر دەوڵەمەند دەژمێردرێت و خەڵکەکەشی بەخەڵکێکی خۆشگوزەران دەژمێردرێن.

پاش دۆزینەوەی ئوستراليا، ئینگلیزییەکان هەلومەرجی ژيانيان لەم ولاٌتەدا ئاسانکرد، بەلاٌم پاش دۆزینەوەی کانەکانی ئاڵتوون لەدەیەی پەنجای سەدەی نۆزدەیەم، بەلێشاو کۆچبەران بەرەو ئەم ولاٌتە کۆچیان کرد تائەوەی کە کۆچبەران لەکۆتاییەکانی دەیەی شەستی سەدەی نۆزدەیەم چوونە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئوستراليا و تەنانەت لەپایتەختیشدا نیشتەجێبوون، بەدوای لێشاوی کۆچبەران و کارکردن و هەوڵدان لەزەمینەی جۆراوجۆر وەکو کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالاٌت و سوودوەرگرتن لەکانزاکان و پێکهێنانی جەمسەرە پیشەسازییەکان گەشەی سەند و چالاکیی لەگشت بوارەکانی پایەدانان و پیشە و ئابووریدا زۆر پەرەی سەند، هەر لەم قۆناغەدابوو کە باری ئابووریی ئوستراليا پێشکەوت و پایەی دانرا و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیدا، ئەم ولاٌتەش چووە ریزی ولاٌتە پێشکەوتووەکانی جیهان لەزەمینەی ئابووریدا.

بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کۆڵەکەی سەرەکیی شتە ناردراوەکانی ئوستراليا بریتیبوو لەکەرەستەی خاوو بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و بەروبوومی ئاژەڵداریی، بەلاٌم پاش شەڕی دووەمی جیهانیی لەزەمینەی

بەرهەمهێنانی کالا پیشەییەکان و ناردنی بۆ دەرەوەی وڵات سەرکەوتنی باشی بەدەستهێنا.

سەرەڕای ئەوەی ئەم وڵاتە بەرهەمی پیشەیی زۆری هەبووەو لەپیشەی تەکنەلۆژیدا زۆر پێشکەوتووەو بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی و کەرەسەی خاوی ئەو بەرهەمانە زۆرزۆرە، ئیدی لەلایەنی داڕێژەرانی سیاسەتی ئابووریی ئوسترالیا ئەو کالایانە دەنێردرنە دەرەوەی وڵات تاکو بەرهەمە پیشەییەکان بتوانن پێداویستییەکانی ناو وڵات دابین بکەن و ئاستی شتە نێردراوەکان لەسەر بنەمای ناردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و کەرەسەی خاوبێت، بەشێوەیەکی گشتی پێویستە بەشە سەرەکییەکانی باری ئابووریی ئوسترالیا بکرێتە دوو بەشەوە، بەشی کشتوکاڵ و پیشەسازیی لێی بکۆڵرێتەوە.

لەئوسترالیا لەبەشی کشتوکاڵدا نزیکەی (١٦٩٧٠٠) کێڵگەی کشتوکاڵ بوونی هەیە کە بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و بەروبوومی ئاژەڵداریی بەکاردێن، فراوانیی تەواوی زەوییەکانی ئوسترالیا کە بۆ کشتوکاڵ بەپیتە لەساڵی ١٩٨٨دا زیاتر لە (٤٧٢) ملیۆن هێکتار بووە، (١٨٣٦٠٠٠٠) هێکتار لەم کێڵگانە تایبەتە بە بەرهەمی دانەوێڵە، ئاماری ڕێژەی بەرهەمەکانی کشتوکاڵ لەساڵی ١٩٨٨دا بریتیبووە لە:-

١-کێڵگەکانی زەوییەکانی کشتوکاڵی گەنم (٩) ملیۆن هێکتارو ڕێژەی بەرهەمەکانی لەساڵدا (١٢٢٩٠٠٠٠) تەن بووە.

٢-کێڵگەکانی زەوییەکانی کشتوکاڵی قامیشی شەکر (٣٨٧٠٠٠) هێکتارو بەرهەمی ساڵانەی (٢٤٨٣٠٠٠٠) تەن بووە.

٣-کێڵگەکانی کشتوکاڵی جۆ، (٢٣٥٠٠٠٠) هێکتارو بەرهەمی ساڵانەی (١٢٨٠٠٠٠) تەن بووە.

٤-کێڵگەکانی کشتوکاڵی برنج، (١٠٦٠٠٠) هێکتارو ڕێژەی بەرهەمی ساڵانەی (٧٤٠٠٠٠) تەن بووە.

٥-کێڵگەکانی کشتوکاڵی لۆکە، (١٠٢٤٠٠٠٠) هێکتارو ڕێژەی بەرهەمی ساڵانەی (١٤١٦٤٨) تەن بووە.

٦-تۆوە چەوریدارەکان (بەرهەمەکانی ڕۆن) لەساڵدا نزیکەی (٨١٢٠٠٠) تەن بووە.

٧-باخەکانی تری، (٥٧٠٠٠) هێکتارو ڕێژەی بەرهەمەکانی تری لەساڵدا، (٥١٢٠٠٠) تەن بووە.

ڕێژەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی ئوسترالیا سەرەڕای کەمیی هێزی کاری مرۆیی لەگوندو کێڵگەکاندا لەساڵەکانی (١٩٨٤، ١٩٨٥)دا بەڕێژەی ساڵەکانی دەیەی پەنجای زایینی (١٥٪) زیادبووە، هۆکارەکەشی سوودوەرگرتن بووە لەئامرازە پێشکەوتوو مۆدێرنەکانی و تەکنەلۆژییا لەکاری کشتوکاڵدا.

بەربوومەکانی دارو درەخت کە بۆ دەرەوەی ئوسترالیا دەنێردرێن بریتین لە: سێو (ساڵانە ٣٠ هەزار تەن)، هەرمێ (ساڵانە ٣٧ هەزار تەن)، میوەی مزرەمەنیی (ساڵانە ٣٥ هەزار تەن)، قۆخ و هەڵوژەو قەیسی (ساڵانە ٣٨ هەزار تەن)، کشمیش (ساڵانە ٥٧ هەزار تەن).

سەبارەت بەدارستانەکانی ئوسترالیا، لەساڵی ١٩٨٧دا ڕووبەری دارستانەکانی ئوسترالیا هێکتار بووە کە (٢٩٩٤٠٠٠٠) هێکتاری حکومیی بووەو ئەوی تری پەیوەندیی بەکەرتی تایبەتییەوە هەبووە، بەرهەمەکانی داری ئەو دارستانانە لەساڵی ١٩٨٧دا (٣٠٩٠٠٠٠) مەتری چوارگۆشە بووە.

راوەماسی لەئوستراليا لەئاوەكانی ناوخۆو كەنارو ئۆقيانووسی هيندی‌و ئارام ئەنجامدەدرێت‌و زياتر ميگۆو قرژاڵی دەريايی راو دەكرێت‌و كۆی بەرهەمەكانی ئەم راوە لەساڵی ١٩٨٨دا (٢٠١٧٠٠) تەن بووە، هەروەها ئوستراليا يەكێكە لەوڵاتە سەرەكييەكان كە خاوەنی سەرچاوە گەورەكانی كەرەستەی كان‌و كانزايە‌و ئەم كەرەستانە بەرێژەيەكی زۆر دەردەهێنرێن‌و دەنێردرێنە دەرەوەی وڵات.

سەرچاوەكانی كان‌و كانزای ئوستراليا بريتييە لە: خەڵوزی بەردينی رەش، خەڵوزی بەردينی خۆڵەمێشی، خەڵوزی بەردينی خۆڵەمێشی (برتليس)، بۆكسيت، ئاسن، نيكل، مس، چەوريی كانزايی، مەنگەنيز، ئەڵماس، ئورانيۆم، ئاڵتون، ئەڵماس، زيو، قورقوشم، ئەلەمنيۆم، تيتان، تەنگستۆن، نەوت‌و غازی سروشتی.

بەرهەمە كيميايی‌و پلاستيكييەكانی ئوستراليا بريتييە لە: پلاستيك، پەينی كيميايی، كەرەسەی داوودەرمان، كەرەسەی پاكژكەرەوەو شتن، لاستيك، بۆيەی ريشاڵی پيشەسازيی، شلە كيميايييەكان.

ئوستراليا لەلايەنی پيشەسازيی‌و تەكنەلۆژييەوە پێشكەوتووە، پيشەسازييە مۆدێرنەكانی ئەم وڵاتە بەسوودوەرگرتن لەتەكنيك‌و شێوازە پێشكەوتووە زانستييەكان درێژە بەبەرهەمهێنانی خۆيان دەدەن كە سەرەكيترين بەرهەمە پيشەييەكانی ئوستراليا بريتين لە: بەرهەمهێنانی ئامرازو مەكينە، ئامرازە كارەباييەكان، دەزگاكانی تەلەفۆن، پەيوەندييە تەلەفۆنييەكان، شاشەی تەلەفزيۆنی رەنگاورەنگ، پارچەی ئەلكترۆنيی پێشكەوتوو.

سەرەڕای ئەمانەش، ئوستراليا ئەم پاپۆڕانەش بەرهەمدێنێت، پاپۆڕی بچووك و مامناوەندیی بۆ بارهێنان و باربردن، بۆ ڕاوەماسی، بۆ سەفەر، پاپۆڕە خزمەتگوزارییەکانی بیرە نەوتە دەریاییەکان، پیشەسازیی دروستکردنی ئۆتۆمبیلیش یەکێکە لەپیشە سەرەکییەکانی ئوستراليا و کۆمپانیاکانی دروستکردنی پارچە جۆراوجۆرەکانی ئۆتۆمبیل لەم بوارەدا کاردەکەن و ئەم پیشەیە پاش ساڵی (١٩٩٢) بەسوود وەرگرتن لەپشتگیرییە تایبەتییەکانی حکومەت گەشەی سەند، ئوستراليا کەرەسە خاوەکانی ئەم پیشەیەی لەبەردەستدایە، وەکو لۆکە و ریشاڵە پیشەسازییەکان بۆ پارچەکانی ناوەوەی وڵات.

وزەی کارەبای ئوستراليا لەدوو سەرچاوەوە دابین دەکرێت، نزیکەی ٨٨٪ی کارەبای ئوستراليا بەسوود وەرگرتن لەخەڵوزی بەردینی و سوتەمەنییە بەردینەکانی دی دابین دەکرێن ،١٢٪ی هێزی ئاوەوە بەدەستدێت، هێزی کاری ئوستراليا لەساڵی(١٩٨٩)دا (٨١٩٧٠٠٠) کەس بوو کە لەم ژمارەیە (٤٨٣٢٦٠٠) کەسیان پیاوو (٣٣٦٤٢٠٠) کەسیان ژن بوون، لەدرێژەی ساڵەکانی (١٩٦٧ تا ١٩٨٤) نزیکەی (٢١١٠٣٠٠) کەس چووە سەر هێزی کارکردن لەئوسترالیادا، واتە (٢٢٪) گەشەی سەندووە.

لەساڵی ١٩٨٤، ١٨٪ی هێزی کارکردن تایبەت بۆ کارە نیو شیفتەکان و ٨٢٪ی تایبەت بوو بەکارە تەواو شیفتەکان و لەساڵی (١٩٨٥)دا ٧٨,٩٪ی هێزی کاری نیو شیفت تایبەت بوو بەژنان و هەر لەم ساڵەدا (٣٩٪)ی گشت هێزی کاری ئوستراليا لەژێر دەسەڵاتی ژناندا بووەو زۆربەی کرێکاران لەئوسترالیادا وابەستەبوون بەسەندیکا کرێکارییەکانەوە و گرێبەستی کارکردن بەشێوەی کۆمەڵ لەنێوان سەندیکاکانی خاوەنکارەکان دەبەسترێت، لەکۆتایی ساڵی (١٩٤٨)دا، نزیکەی (٥٥٪)ی کرێکاران ئەندامی (٣٢٩) سەندیکا کرێکارییەکان بوون و ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە

ئەندامی سەندیکاکان بوون، (٣٠٢٨٥٠٠) کەس بوون، کرێکاران لەئوستراليادا، لەهەفتەیەکدا (٣٨) سەعات کاردەکەن و رۆژانی پشوویان دوو رۆژە، واتە شەممەو یەکشەممە، لەدرێژەی دەیەکانی رابردوودا هەوڵی زۆر دراوە لەپێناو چاککردنی دۆخ و پێگەی ژنان لەزەمینەی خوێندنی باڵاو کارکردن بەگرنگیدان بەمەسەلەی داهاتیان، بەپێی لێکۆڵینەوەی (ئێدگار[1]، ١٩٨٩) لەدەیەی هەفتای سەدەی بیستەم بەدواوە حکومەت لەم بوارەدا گۆڕانکارییەکی باشی لەپێگەی ژناندا هێناوەتە ئاراوە، بەشێوەیەک کە لەساڵی (١٩٥٤)دا تەنها (١٣٪) لەژنانی مێرددارو مناڵدار کاریان دەکرد، لەحاڵێکدا کە ئەم رێژەیە لەساڵی (١٩٦٦)دا، ٢٩٪و لەساڵی ١٩٨١دا، ٤٣٪و لەساڵی ١٩٨٩دا، ٤٧٪ زیادبوو.

**ئامادەری پەرەسەندنی مرۆیی لەپەیوەندیدا بەژنان و پیاوانەوە**

| | |
|---|---|
| ئامادەری پەرەسەندنی مرۆیی | ٠,٩٠١ |
| بەشداریکردن لەپەیداکردنی دەرامەتدا بەرێژەی لەسەدا | |
| ژن | ٣٦ |
| پیاو | ٦٤ |
| هیوا بەژیان لەساڵی (١٩٩٢)دا | |
| ژن | ٨٠,٦ |
| پیاو | ٧٤,٧ |
| رێژەی لەسەدای خوێنەرانی گەورە ساڵی ١٩٩٢ | |
| ژن | ٩٩ |
| پیاو | ٩٩ |
| کۆی رێژەی لەسەدای گەشەسەندنی ناونووسکردن لەقۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی و زانکۆ ساڵی (١٩٩٢) | |
| ژن | ٨٠,٣ |
| پیاو | ٧٧,٥ |
| پلەی ئامادەری پەرەسەندنی مرۆیی و ئامادەری گەشەسەندنی مرۆیی | ٤ |

## ژنان و دەرفەتە ئابوورییەکان

| | |
|---|---|
| چالاکیی ئابووریی گرووپی تەمەنی سەروو (١٥) ساڵ | ١٩٩٤ |
| ڕێژەی لەسەدای ژنان | ٤٧ |
| ڕێژەی لەسەدای ژنان بەپیاوان | ٦١ |
| بەشداریکردن لەپیشەکاندا | ١٩٩٠ |
| بەڕێوەبەرایەتی و کارگێڕیی | |
| بەشداریکردنی ژنان (١٠٠= ١٩٧٠) | ٣٤٣ |
| ڕێژەی لەسەدای ژنان بەپیاوان | ٧١ |
| تەکنیکی و پیشەیی | |
| بەشداریکردنی ژنان (١٠٠=١٩٧٠) | ٥٦ |
| ڕێژەی لەسەدای ژنان بەپیاوان | ٣١ |
| سکرتێریی و فرۆشیاریی | |
| بەشداریکردنی ژنان (١٠٠= ١٩٧٠) | ٣٣ |
| ڕێژەی لەسەدای ژنان بەپیاوان | ٢٤ |
| خزمەتگوزاریی | |
| بەشداریکردنی ژنان (١٠٠=١٩٧٠) | ١٢٣ |
| ڕێژەی لەسەدای ژنان بەپیاوان | ٣٣٩ |

حکومەتی فیدراڵی بۆ پشتگیریکردن لەژنان و دەستەبەرکردنی مافەکانیان لەهێزی کاردا، بەرنامەیەکی تایبەتی داڕشتووە و بڕیاری لەسەر هەندێ یاسا داوە، یەکێك لەو یاسایانە، یاسای مووچەی یەکسان، یاسای مۆڵەتی منداڵبوون و یاسای دژ بەجیاوازیی ڕەگەزێتی لەکار و پیشەکاندا...هتد. جگە لەم یاسایانە، هەندێ بەرنامەی تریش داڕێژراون کە بریتین لە:

یاسای دەستەبەرکردنی کارکردنی کچان دوای قوتابخانە لەو پیشانە کە لەبەردەستی پیاواندا بووە.

## پێگەی ژنان

| | | |
|---|---|---|
| ڕێژەی لەسەدای ژنان لەکاری بەڕێوەبەرێتیدا | ١٩٩٠ | ٤١,٤ |
| ڕێـــژەی لەســــەدای ژنـــان لـــەکاری ســـــکرتێریی و فرۆشیاریدا | ١٩٩٠ | ١٩,٣ |
| ڕێژەی لەسەدای ژنان لەکارە خزمەتگوزارییەکاندا | ١٩٩٠ | ٧٧,٢ |
| گروپی تەمەنی سەرەتایی (٦-١١) ساڵ | ١٩٩٠ | ١٠٠ |
| گروپی تەمەنی دواناوەندیی (١٢-١٧) ساڵ | ١٩٩٠ | ٨٦,٨ |
| گروپی تەمەنی زانکۆ (١٨-٢٣) ساڵ | ١٩٩٠ | ٣١,٩ |
| ناوو نووسینی گشت گروپەکان (٦-٢٣) ساڵ | ١٩٩٠ | ٧١,٢ |

لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا جیاکردنەوەی ژنان وپیاوان لەبازاڕی کاری ئوسترالیادا بەئاسانی دەبینرێت، زۆربەی ژنان لەکارە خزمەتگوزارییەکاندا وەکو فەرمانبەر یان فرۆشیار کاردەکەن، لەپیشەی وەکو ئەندازیاریی، پارێزەریی و پزیشکیدا ڕێژەی ژنان کەمترەو ڕێژەی ژنان لەکارگەلێك وەکو پەروەردەو فێرکردن و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتیدا زیاترە لەپیاوان، بەڵام تەنانەت لەمجۆرە کارانەشدا کەمتر ژنان پلەی بەرزی بەڕێوەبەرێتیان لەئەستۆدایە، ئەم جیاکردنەوەی کارکردنی ژنان وپیاوان تاڕادەیەکی زۆر لەقوتابخانەوە دەستپێدەکات، ژمارەی ئەو کچانەی کە بەشەکانی ماڵداریی، ئەدەبیات، مێژوو، زمان، کارگێڕیی، دەخوێنن زیاترە لەژمارەی کوڕان.

لەحاڵێکدا کە کوڕان زیاتر لەئیشە کردەییەکانی وەکو بۆری ڕاکێشان و دارتاشی و بەشگەلێك وەکو فیزیا، بیرکاریی، ئابووریی، کیمیاو...هتد درێژە بەخوێندنیان دەدەن.

## ئاماژەدەری چالاکییە ئابوورییەکان

| | | |
|---|---|---|
| ڕێژەی لەسەدای چالاکیی ئابووریی گەورە سالانی سەروو (١٥) ساڵ | ١٩٨٠ | ١٩٩٤ |
| ژن | ٤٦ | ٤٧ |
| پیاو | ٧٧ | ٧٧ |
| ڕێژەی لەسەدای هێزی کارکردن لەژنانی | ١٩٨٠ | ١٩٩٤ |
| سەروو (١٥) ساڵ | ٣٨ | ٣٨ |
| ڕێژەی لەسەدای ژنان بەسەد پیاو لەکارە جۆراوجۆرەکاندا (لەیەك ساڵدا) | ١٩٩٠ | |
| تەکنیکیو پیشەیی هاوشێوە | ٣١ | |
| بەڕێوەبردنو ئیداریی کارگێڕیی | ٧١ | |
| سکرتێرییو کاری هاوشێوە | ٧٩ | |
| فرۆشیاریی | ١١ | |
| خزمەتگوزاریی | ٢٣٩ | |
| کشتوکاڵ | ١٧٩ | |
| بەرهەمهێنان، باربردنو گواستنەوەو فەرمانبەران. | ٤٠ | |

## ئاماژەدەرە ئابوورییەکانو کاری ژنان

| | | |
|---|---|---|
| دەرامەتی سالانە (بەدۆلاری ئەمریکی) | ١٩٩٠-١٩٩٢ | ١٦٧١٥ |
| ڕێژەی لەسەدی گەشەسەندنی سالانە(بەرهەمهێنانی ناپەتیی ناوخۆ) | ١٩٩٠ | ١٩٩٢-٨٥ |
| ڕێژەی لەسەدای دابەشکردنی هێزی کار | | |
| کشتوکالیی — ژن | ٦ | |
| پیاو | ٦ | |
| پیشەسازیی — ژن | ١٣ | |
| پیاو | ٣٨ | |

| | | |
|---|---|---|
| خزمەتگوزاریی ژن | ٨١ | |
| پیاو | ٥٦ | |
| ڕێژەی لەسەدای ژنان، ١٩٩٠ | | |
| خاوەن کار | ٣٢ | |
| ماڵداریی بێ مووچە | ٥٩ | |
| فەرمانبەران | ٤٣ | |

بەپێی ئامارەکانی ساڵی ١٩٩٥ لەکتێبی ژنانی جیهاندا (لاپەڕەی ١٢٨) ڕێژەی لەسەدای مووچەی مانگانەی ژنان بەنیسبەت خوێنەران وایە:

ڕێژەی لەسەدای مووچەی ژنان بەمووچەی پیاوان لەساڵی (١٩٧٠)دا (٥٧٪)و لەساڵی (١٩٨٠)دا (٧٩٪)و لەساڵی (١٩٩٠)دا (٨٢٪) بووە.

ڕێژەی لەسەدای بێکاریی ژنان لەساڵی (١٩٩٠) (١٠٪) بووەو ڕێژەی لەسەدای بێکاریی پیاوان هەر لەم ساڵەدا (١١,٤٪) بووە.

## بەگەڕخستن بۆ کار

| | ساڵ | ٪ |
|---|---|---|
| ڕێژەی لەسەدای هێزی کارکردن بەڕێژەی گشت دانیشتوانی وڵات | ١٩٩٣-١٩٩٢ | ٤٨ |
| ڕێژەی هێزی کار لەکشتوکاڵدا (٪) | ١٩٩٢-١٩٩٢ | ٦ |
| ڕێژەی هێزی کار لەپیشەدا (٪) | ١٩٩٠-١٩٩٢ | ٢٤ |
| ڕێژەی هێزی کار لەخزمەتگوزاریدا (٪) | ١٩٩٢-١٩٩٠ | ٧٠ |
| ڕێژەی جێ نیشتنی هێزی کار لەئایندەدا | ١٩٩١-١٩٨٠ | ١٠٤ |
| ڕێژەی ساڵانەی دەرامەتی فەرمانبەران (٪) | ١٩٩١-١٩٨٠ | ٠,٣ |
| ڕێژەی سەندیکا کرێکارییەکان (٪) | -١٩٨٩ ١٩٩٩ | ٤٢ |
| سەعاتەکانی کارکردن لەهەفتەدا | | ٣٨ |
| ڕێژەی باری خەرجیی لەبازاڕی کاردا (٪) | ١٩٩٣-١٩٩٢ | ٢,٧ |

بۆ خۆپاراستن لەدرێژەدان بەقسە، تەواوی زانیارییە ئامارییەکانی پەیوەند بەم بەشە بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو خشتە ئامادە کراوە.

## بەشەکانی پەرەسەندنی مرۆیی

| | سال | ٪ |
|---|---|---|
| هیوا بەژیان | ١٩٩٢ | ٧٧,٦ |
| مردنی دایک بەرێژەی (١٠٠) هەزار کۆرپەلەی زیندوو | ١٩٨٠-١٩٩٢ | ٣ |
| ڕێژەی دانیشتوان بەپزیشك | ١٩٨٨-١٩٩٢ | • |
| ڕێژەی زانا و پسپۆڕانی تەکنیکی بەهەزار کەس | ١٩٨٨-١٩٩٢ | • |
| ڕێژەی لەسەدای گەشەسەندنی ناونووسین لەسێ قۆناغی خوێندندا | ١٩٩٢ | ٧٩ |
| ڕێژەی لەسەدای ناونووسینی ناپەتی قۆناغی سێیەم، ڕێژەی ژنان (٪) | ١٩٩١ | ٤٠ |
| ڕێژەی لەسەدای تەواو | ١٩٩١ | ٤٣ |
| ڕێژەی هەر ڕۆژنامەیەك بە (١٠٠) کەس | ١٩٩٢ | ٤٨ |
| ژمارەی تەلەفزیۆن بەڕێژەی (١٠٠) کەس | ١٩٩٢ | ٤٨ |
| دەرامەتی پەتی ساڵانەی بۆ یەك کەس | ١٩٩٢ | ١٨,٢٣٠ |
| دەرامەتی ساڵانە بەدۆلاری ئەمریکی بۆ یەك کەس | ١٩٩٢ | ١٧,٧٣٠ |

بەشەکانی کێشە مرۆییەکان

| | سال | ٪ |
|---|---|---|
| ڕێژەی لەسەدای بێکاریی | ١٩٩٣ | ١٠,٩ |
| ڕێژەی لەسەدای بێکاریی لاوان | | |
| پیاوان (١٥-٢٤) ساڵ | ١٩٩١-١٩٩٢ | ٢١ |
| ژن (١٥-٢٤) ساڵ | ١٩٩١-١٩٩٢ | ١٨ |
| ڕێژەی لەسەدای کەسانی (١٥-٦٤) کە | ١٩٩١ | ٤٤ |

| | | |
|---|---|---|
| بڕوانامەی کەمتر لەدواناوەندییان هەیە. | | |
| ڕێژەی دەرامەتی (٢٠٪)ی دەوڵەمەندان بە (٢٠٪) هەژاران. | ١٩٨٠-<br>١٩٩٢ | ٩,٦ |
| ڕێژەی لەسەدای مووچەی ژنانی ناجوتیار بەنیسبەت پیاوان | ١٩٩٠ | ٩١ |
| هەڵئاواسانی ساڵانە (بەڕێژەی لەسەدا) | ١٩٨٠-<br>١٩٩٢<br>١٩٩٢ | ٦,٤<br>١,٥ |
| کارەساتی ئۆتۆمبیل بەڕێژەی (١٠٠) هەزار کەس | ١٩٩٠-١٩٩١ | ١٦٩ |

# بەشی پێنجەم:

# بەشداریکردنی ژنان لەبواری سیاسەتدا

لەدەستوری یەکێتی ئوسترالیادا بۆ ژنان بنەما گەلێکی تایبەتی دەستنیشان نەکراوە ئەم یاسایە ژن‌وپیاو بەیەکسان دەناسێت، لەسالی (١٩٠٢)دا، دەستووری ئەم وڵاتە مافی دەنگدانی بەژنان بەخشیووەو مافی پاڵاوتنی بەژنان داوە سەبارەت بەهەڵبژاردنەکانی حکومەتی فیدرالی، بەم شێوەیە ژنانی ئوسترالیایی، بەر لەگشت ژنانی جیهان بوون بەخاوەنی مافی بەشداریکردنی سیاسی، ژنانی ئوسترالیا بەبەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکاندا توانیان مافی بەشداریکردنی سیاسی‌و پاڵاوتن‌و هەڵبژاردن تاقیبکەنەوە.

لەساڵەکانی دەیەی (١٨٦٠) بەپێی دەستوری یەکێتی ئوسترالیا تەنها پیاوان مافی دەنگدانیان هەبووە، بەڵام پاش دەستوری ساڵی (١٩٠٢) هەندێ لەپارێزگاکانی ئوسترالیا مافی دەنگدانیان تەنها بۆ پەرلەمانی نوێنەران بەژنان دەبەخشی‌و هەندێکیش بۆ ماوەی چەند ساڵ مافی پاڵاوتنیان لەژنان سەندەوە، بۆ نموونە ژنانی ئوسترالیای خۆرئاوایی تەنها لەساڵی (١٩٢٠)دا توانیان مافی چوون بۆ پەرلەمان وەدەستبهێنن، یەکەم ژن لەساڵی (١٩٢١) بوو بەنوێنەری پەرلەمان (لەو ناوچەیەدا) مافی دەنگدان‌و مۆڵەتی بەشداریکردن بۆ ئەندامێتی دەسەڵاتی یاسادانان لەئاستی حکومەتی فیدرالیدا پاش ماوەیەکی زۆر بەژنان درا، لەساڵی (١٩٤٣)دا بوو کە خاتوو (دیم ئینیدلانین) ئەنجوومەنی پیران‌و (دروتی تانگنی) چووە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە. لەوێوە کە بەپێی دەستوری ئوسترالیا، ژنان دەتوانن بەشێوەیەکی یەکسان خۆیان بپاڵێون‌و دەنگی خۆیان بدەن. چیتر هەست بەهیچ پێویستییەك نەکرا سەبارەت

بەرەچاوکردنی هەندێ ئاسانکاریی و زیاتر بۆ بەشداریکردنی ژنان لەسیاسەتدا، هەڵبەتە هەندێجار هۆکاری وا دەهێننەوە: (ژن بۆ کاری سیاسی دروست نەبووە) یان ( ژنان خۆیان نایەنە پێشەوە).

ئەو یاسایانەش کە سەبارەت بەژنان دانراون، پەیوەستە بەنایەکسانیی لەبواری خوێندن و هێزی کارکردن سەبارەت بەژنان، بەڵام هیچ رێکخراو یان دەزگایەك بۆ یارمەتیدان و رێنماییکردنی ژنان بوونی نییە لەپێناو چوونی بۆ ناو مەیدانی سیاسەت.

ئوستراليا خاوەن سستمێکی حیزبی سەقامگیرە، پارتی کرێکاران لەدەیەی نەوەدی سەدەی نۆزدەیەمدا پەیدابوو، لەبەرامبەری ئەم حیزبەدا کۆمەڵێك حیزب وەستانەوە کە بەرگرییان لەسودەکانی بازرگانان و خاوەن پیشەو کێڵگەکانی دەکرد و ئەم حیزبانە ئەمڕۆ لەشێوەی حیزبە لیبرالییەکان و نەتەوەییەکاندا خۆیان دەنوێنن.

پێش بەخشینی مافی دەنگدان بەژنان، هەندێك حیزب بوونیان هەبوو کە لەلایەن پیاوانەوە بەڕێوەدەبران و لەبواری سیاسەتدا دەسەڵاتیان هەبوو لەڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵیان دەدا ژنان لەمەیدانی سیاسەتدا بەرکەنار بکەون.

هۆکارە رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییەکانیش هەواداری ئەم تیۆرە بوون کە: (جێگەی ژن لەماڵەوەیە نەك لەمەیدانی سیاسەتدا)، بۆیە ژنان تاکو ئەمڕۆ باڵێکی سیاسی تایبەتیان بۆ خۆیان پێك نەهێناوە.

حیزبەکان بەهۆی یاساکانی حکومەتی فیدرالی پارێزگایی، هیچ ئەرکێکیان نییە بەرامبەر بەژنان. لەڕاستیدا حیزبەکان سیاسەتی خۆیان بەرامبەر بەژنان یەکسەرە دیاری دەکەن و لەهەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستدا زیاتر ژنانیان وەکو یارییەکی سیاسی تەماشاکردووەو هانیان داون بۆ خۆپاڵاوتن لەهەڵبژاردنەکاندا.

لەدەیەی هەفتای سەدەی بیستەمدا حکومەتە ناوخۆییەکان‌و حکومەتی فیدرالی بایەخێکی زیاتریان بۆ پێداویستییەکانی ژنان داناوەو لەپێناو چاککردنی بارودۆخیان هەولی زۆریان داوە، لەئاستی پارێزگاکاندا، پارەیەکی زیاتر سەرفی تەندروستی ژنان‌و رێنمایکردنیان کردووە، لەئاستی حکومەتی فیدرالدا کۆمەلێك هەولدراوە وەکو راپەراندنی مووچەو کرێدەستی بەرامبەرو هەروەها هەندێ یاسایش دانراوە سەبارەت بەدژایەتی چەوساندنەوەی ژنان‌و چاککردنی خزمەتگوزارییە حکومییەکان‌و...هتد.

کۆمەلێك بەرنامەش بۆ لێکۆلینەوەی ئەو بابەتانەش کە پەیوەندە بەژنان‌و رێنماییکردنی ئەندامی حکومەت سەبارەت بەژنان‌و ئاگادارکردنەوەیەکی گشتی سەبارەت بەپێشکەوتنی سیاسەتەکانی پەیوەست بەژنان، لەئاستی حکومەتە ناوخۆیی‌و فیدرالیەکاندا دارێژراوە.

حیزبە سەرەکییەکان ئارەزوویەکی زۆریان نیشان نەداوە سەبارەت بەناساندنی پالێوراوێکی ژن، ئەم حیزبانە بەر لەسالی (١٩٣٩) تەنها سێ پالێوراوی ژنیان بۆ پۆستەکانی حکومەتی فیدرال دەستنیشانکردو ئەو ژنانەش سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێنا، هەلبەتە پالێورا‌وەکانی حیزبە بچووکەکانیش لەم زەمینەیەدا هیچ سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێناوە، بەلام ژمارەی پالێوراوەکان لەئاستی حکومەتە ناوخۆیی‌و پارێزگاییەکاندا زۆرتربوو.

بەر لەسالی (١٩٤٠)دا، یانزە ژن وەك ئەندامی دەسەلاتی یاسادانان هەلبژێردران، لەسالی ١٩٤٣دا ژمارەی ژنانی هەلبژێراو زیادبوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، لەم سالەدا (١٩) ژن چوونە ناو ئەنجوومەنەکانەوە کە ئەم ژمارەیە زۆرتربوو لەژمارەی ئەو ژنانەی لەئاستی حکومەتی فیدرالیدا خۆیان پالاوتبوو.

هاوكات لەگەڵ شەڕی دووەمی جیهانیدا، ژنان چوونە ناو دەسەڵاتی هێزی كارو بەدوای ئەم گۆڕانكارییەدا هەوڵیاندا تاكو بزوتنەوەی سیاسی ڕێك بخەن، لەساڵی ١٩٤٢دا (ڕێكخراوی ژنانی كابینرا) یان (ژنانی هەوداری كابینرا) دامەزرا.

لەساڵی ١٩٤٣دا بەیاننامەیەك بڵاوبۆوە سەبارەت بەوەی كە ژنان نەیانتوانیوە بچنە پەرلەمانەوە، چونكە ئەو كەسانەی لەپێشدا قایلبوونی پاڵێوراوەكان دەپشكنن، هەستێكی توندوتیژو دەمارگیرییان هەبووە دژ بەژنان، پاشان بۆ كۆمەكی دارایی بۆ ژنان پاڵێوراوی هەڵبژاردنی سندوقی یارمەتی پێكهات، ژمارەی ژنانی پاڵێوراو لەهەڵبژاردنەكانی ساڵی (١٩٤٣)دا بێ وێنەبوو، لەزەمینەی ئازادیی سیاسی ژنان لەئوسترالیادا، زۆرجار ئاماژە بەدوو قۆناغ دەكرێت كە مەبەست لەو دوو قۆناغە، چالاكیی سیاسی ژنانە لەدوو خولدا، یەكەم خول یان شەپۆلی چالاكییەكان لەسەرەتاكانی سەدەی بیستەم بوو لەپێناو چوونە ناو مەیدانی سیاسەتو دووەمین شەپۆل لەدەیەی ١٩٦٠دا پێكهات، بەڵام بەڵگەی زۆریش لەبەردەستدایە كە ژنان لەماوەدای نێوان ئەم دوو قۆناغەشدا بەشێوەی جۆراوجۆر لەم ململانێیەدا چالاكبوون، یەكەم هەنگاوی ژنان لەپێناو وەرگرتنی مافی دەنگدان بوو تاكو بتوانن لەو ڕێیەوە بگەن بەخواستەكانیان بۆ پتەوكردنی خێزانو بڵاوكردنەوەی بنەما ئاكارییو مەعنەوییەكان لەژیانی خێزانیدا.

سەرەڕای ئەم مەبەستانە ئامانجەكانی تریان بریتیبوون لە: كرێدەستی بەرامبەر، زۆركردنی تەمەنی پێكهێنانی ژیانی هاوسەرێتیو چاككردنی بارودۆخی شوێنی كاركردنی ژنان، تەنانەت ئامانجی ژنانی فیمینزم یان خەباتگێڕە سەرەتاییەكانی ڕابوونی ئازادیی ژنانیش لەگۆڕینی ڕۆڵی سوونەتی ژنان وەكو هاوسەر، ماڵدارو دایك نەبووە، بەڵكو ئەوان

دەیانوویست بارودۆخی ژن لەماڵەوە چاك بكەن: تاكە ڕێی گەیشتن بەم ئامانجەیان لەمافی دەنگدان دەبینی كە یەكسانیی ژنانوپیاوانی دەستەبەر دەكرد. زۆربەی ژنە خەباتگێڕەكان بڕوایان وابوو كە ژنان خاوەنی تایبەتمەندیی و سیفاتی تایبەتین و سیفاتێك وەكو نەرمیی و ناسكیی و جوانیی لەئاكارداو لەسەرخۆیی و سەبرو تاقەت و ئیمتیازاتی ئاكاری بەهۆكارەكانی پتەوتركردنی خێزان دەژمێردرێن.

ژن لەماڵەوە نیشانەی باشی و هاوڕێیەتی و سەرچاوەی ئیلهامبوو بۆ پیاو لەكارە كۆمەڵایەتییەكاندا: ئەوان لافی ئەمەیان لێدەدا كە مافی دەنگدان ڕۆڵ و پێگەیان لەماڵەوە بەهێزتر دەكات، چونكە ئەوە مانای یەكسانیان لەگەڵ پیاواندابوو، هەندێ لەپیاوان ئەم مەسەلەیان ڕەتدەكردەوەو دەیانگوت: مافی دەنگدان لەبەهای ژنان كەمدەكاتەوەو زیان بەبنەمای خێزان و ژیانی هاوسەرێتی دەگەیەنێت، ژنانی خەباتگێڕ لەڕاستیدا نەیاندەویست ڕۆڵی كۆمەڵایەتی و ئابووریی ژنان بگۆڕن، بەڵكو نەیاندەویست تەنها بەسنوری ماڵەوە ڕازی بن.

زۆرینەی یەكەمین شەپۆلی بزوتنەوەكانی ژنان بەدەستی ژنانی چینی مامناوەندیی كەوتەڕێ، ئەو ژنانەی كە مێردیان نەبوو، خوێنەواربوون و لەماڵەوە خزمەتكارێكیان هەبوو لەكارو ئەركی ناوماڵەوە یارمەتیان بدات، ئەم ژنانە وەختی تەواویان بەدەستەوە بۆ بەدواداچوونی ئەم ئامانجە، نێوان ئەم ژنانەو ژنانی كرێكار ناكۆكییەك هەبوو سەبارەت بەم مەسەلەیە، هەردووكیان زیانیان لەو نایەكسانییە دەبینی كە بەرامبەر ژنان دەكرا، بەڵام ئەزموونی چینەكانیان پێكەوە جیاوازیی هەبوو، ژنانی چینی مامناوەندیی ئازاریان لەپێگەی ژنان دەبینی بەهۆی ژن بوونیان، بەڵام ژنانی كرێكار گرفتی كرێدەست و دۆخی كاری خۆیانیان دەهێنایە ئاراوە. ركابەریكردنی ژنان لەگەڵ پیاواندا لەبواری ئیشكردندا ڕادەی پشتگیریكردنی پیاوانی

لەژنان کەمتر دەکردەوە، بەهەرحاڵ سەندیکا کرێکارییەکانی پیاوانیش لەم ململانێیەدا توانا و دەسەڵاتێکی وایان نەبوو، بزوتنەوەی کرێکاریی نەیدەتوانی خەریکی مەسەلەی چینایەتی و رەگەزێتی ببێت، تاکە گرفتی ئەم بزوتنەوەیە گرفتی چین بوو، حیزبە کرێکارەکانیش ئاگایان لەگرفتی رەگەزی ژن نەبوو هەوڵەکانی ژنانیان بۆ چوونە ناو مەیدانی سیاسەت پشتگوێ دەخست، بۆ شیکردنەوەی شکستی شەپۆلی یەکەم خەباتی ژنان دوو تیۆری لەئارادایە، یەکەم ئەوەی کە ئەم شەپۆلە شکستی هێنا، چونکە ئاستی ئایدیۆلۆژی رێبەرەکانیان لاوازبوو، هۆکاری ئەم لاوازییەش بایەخدانان بەپێگەی ژن بوو لەماڵەوەو پشتگوێخستنی بونیادی پیاولاساریی، یان پیاوسالاریی لەکۆمەڵگەدا، واتە رابوون بەشێوەیەکی بونیادی کاری نەکردو بایەخێکی بۆ رەگوریشەی هۆکار دانەنا، تیۆری دووەم ئەوەیە کە دەستەیەك لافی ئەوەیان لێدەدا کە ژنە خەباتگێرەکان لەبارودۆخی ئەو سەردەمەدا باشتر لەمە نەیاندەتوانی کار بکەن، بەڵام بەهەرشێوەیەك ئەوان گەیشتن بەئامانجی خۆیان واتە مافی دەنگدان بۆ ژنان، هەرچەندە دەسکەوتەکانیان کەمبوو، بەڵام پێویستە دەستەبەرکردنی یەکسانیی لەسنوری ماڵەوە بەهەنگاوێکی گرنگ لەقەڵەم بدرێت و بۆ گەیشتن بەیەکسانیی ژن و پیاو لەکۆمەڵگەدا پێویستە.

رێکخراوەکانی ژنان لەماوەدای نێوان یەکەم و دووەم رابوونی ژنان لەپەرەسەندن و بڵاوبووندابوون، لەساڵی ١٩٤٣دا کۆنفراسێك بەناوی کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنان رێکخراو (٩١) رێکخراوی ژنان بەشداریی ئەم کۆنفرانسەیان کرد.

یەکێتی ئەنجومەنەکانی ژنان کە ساڵی ١٩٢٩ دامەزرا (ئەنجوومەنی راپەڕاندنی کرێدەستی بەرامبەر) ساڵی ١٩٣٧ دامەزراو (بزوتنەوەی ژنان لەکانیبرا) کە لەساڵی ١٩٣٧ دامەزراوە، ئامانجی داکۆکیکردن بوو لەژنان

لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا و لەساڵی ١٩٤٣دا بەشداریی ئەو کۆنفرانسەیان کردو ئامانجیان پشتگیریکردن بوو لەژنان بۆ هەڵبژاردنەکانی فیدرالی ساڵی (١٩٤٣).

لەدرێژەی ساڵەکانی دوای شەڕی دووەمی جیهانیی، بەرەبەرە ڕۆحی یەکبوون و ئەو دەسەڵاتەی بەدەستهاتبوو لەناوچوو، هۆکارەکەشی گەڕانەوەی پیاوان بوو لەشەڕو دەرکردنی ژنان لەپیشەو کارەکانیان ئەویش لەڕێی کەمکردنی کرێدەست و مووچەکانیان.

لەدەیەی شەستی سەدەی بیستەمدا هەندێ گۆڕانکاریی پێکهات، لەم دەیەیەدا ژمارەی ئەو ژنانەی کاریان دەکردو ئەو ژنانەش لەزانکۆکاندا دەیانخوێند، ڕۆژانە زۆر دەبوو، بزوتنەوەی ئازادیی ژنان هێزی بەبەرداهات و پەیامەکانیان لەکتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاوبۆوە، بەڵام بزوتنەوەی دەیەی شەست ئاگایان لەشەپۆلی یەکەمی رابوونی ژنان نەبوو.

شەپۆلی دووەم کە تائێستاش درێژەی هەیە، جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ شەپۆلی یەکەمدا، چ لەلایەنی ڕێکخراوو دەزگاکان، چ لەلایەنی تەکتیکە سیاسییەکان و چ لەلایەنی ئایدیۆلۆژییەوە.

ژنانی پێشڕەوی شەپۆلی دووەم زۆر بەباشی ئاگایان لەباوکسالاریی یان پیاولاساریی لەکۆمەڵگەو ناوماڵدا هەبوو، زۆر زیاتر خەریکی تیۆری ئامرازە تیۆرییەکان دەبوون و زۆر بەئازادییەوە سەبارەت بەخێزان، پەیوەندییە سێکسییەکان، ژیانی هاوسەرێتی، ماڵداریی و منداڵداریی قسەیان دەکردو تیۆرییەکانیان رادەگەیاند، لەو وەختەدا زیاتر جەختیان دەکردە سەر ئەو گوشارەی دەکرایە سەر ژنان و بێبەش بوون و بێدەسەڵاتییان بەهۆی ڕەگەزی مێینەبوونیان. لەسەرەتای دەستپێکردنی شەپۆلی دووەمدا زۆرینەی ژنان کەسانێکی رادیکاڵبوون کە چالاکییەکانی خۆیان لەڕێگەیەکی جیا لەڕێگەی زنجیرەی پلەوپایە ئەنجامدەدا، ئەویش

لەبەرئەوەی زنجیرەی پلەوپاپەیان لەگەڵ سستەمی باوکسالاریی بەیەکسان دەزانــیو گــروپو دەســتەکانی ژنــان پــەرشوبڵاوو بــێ بوونیــادێکی سیســتماتیزەکراو بــوونو ئــەو کارانــەی ئــەنجامیان دەدا بریتیبــوو لــە: رێکخستنی گروپە بچووکەکان، وشیارکردنەوەی خــەڵکو بەشــداریکردنی خۆپیشــاندانەکانو رێپێوانــەکانو پێکــهێنانی ســەنتەری تەندروســتیو پشتگیریکردنو رێنمایکردنی ژنان.

ئەم هەنگاوانە نەك هەر یارمــەتی ژنــانی کۆمەڵگــەی دەداو خزمــەتی دەکردن، بەڵکو رەوتــی راکێشانی ژنان بۆ لای سیاسەتی خێرا دەکــردەوە لەدرێژەی دەیەی هەفتای سەدەی بیستەمدا پەیوەندییو ئاڵوگۆڕی بیروڕاو هاوکــاریی نێــوان گروپــە ئازادیخوازەکــانی ژنــان کــەمبۆوەو لێکــترازانو سەبارەت بــەبونیادی دروســتی رێکخــراوو شــێوازەکان گرفــتو جیــاوازیی بیروڕایان بۆ دروستبوو.

بزوتنەوەکــە، رێکخراوێکــی نــاوەکیی دروســتی نــەبوو هیــچ هاوئاهەنگییەکی تێدانەبوو، جگەلەمانەش هەندێ گروپ وەکو: (ئەو ژنانەی دەیانەوێت ژن بن)و گروپی (مافی ژیان، دژ بەلەباربردنی منداڵ دەرکــەوتنو حکومــەتیان هــاندا بــۆ پشــتگیریکردنیان لــەمافی ژنو رۆڵــی لــەماڵو منــاڵداریدا)، بــەهاتنی قــەیرانی ئــابووریی ســاڵەکانی ناوەڕاســتی دەیــەی هــەفتای ســەدەی بیســتەم، تیــۆرە موحافــەزەکارەکان لەگــەڵ سیاســەتی حکومەتدا دەگونجا، چونکە حکومەت بەدوای چارەسەرێکدابوو بۆ گرفتی بێکارییو بودجەی خۆشگوزەرانیی.

لەساڵی ١٩٧٤دا (سەندیکای چالاکیی ژنان) دامەزرا، ئەم سەندیکایە گروپێکی موحافەزەکارانەیە کە لەبەرامبەر رابوونی ژناندا دامەزرا، بــەڵام زۆری نــەخایاند کــە لــە(ئــازادیخوازی میــانڕەوی ژنــان) نزیکبــۆوە، ئــەم سەندیکایە داوای هەڵوێستو پێگــەی باشترو زیاتربوو بۆ ژنانو لــەپێناو

پاراستنی خێزان و ڕێزێکی کۆمەڵگەیی و ئابووریی زیاتر بۆ ژنانیماڵدار هەوڵی دەدا، ئەم گروپە هەرگیز پاڵێوراوێکی بۆ پەرلەمان نەنارد، بەڵام زۆر هەوڵیدا تاکو یاساگەلێك بەسوودی ژنان دابنرێت و لەڕێی نامەنووسین هەوڵیدەدا بۆ ئەوەی سیاسییەکانی بەناوبانگی محافزکار پشتگیریی لەپێگەو دۆخی ژنان بکەن، ئەم سەندیکایە لەساڵی ١٩٧٩دا هەنگاوی بنەڕەتیتری لەبەرامبەر مەسەلەی لەباربردنی منداڵ هەڵگرت، ئەم ڕێکخراوە بەهاوڕێی ڕێکخراوەکانی تری ژنان توانیویەتی بەشداریی هاوپەیمانێتی هەڵبژاردنەکان بکات.

دەیەی نەوەدی سەدەی بیستەم بینەری فرەجۆری و پەرشوبڵاوبوونی بزوتنەوەی ژنان بوو، لەڕاستیدا ئەم بزوتنەوەیە چیتر بزاوتێکی هاوپەیمان و بزوتنەوەیەکی یەك پارچە نییەو ئامانجگەلێکی دیاریکراوی نییە، کۆمەڵی گروپی ژنان و ڕێکخراوان هەریەك بۆ خۆی ئامانجێکی جیاوازی هەبوو کە پەیوەستبوو بەپلەوپایە حکومییە جیاوازەکان و لەڕێی ڕێکخراوگەلێکی جۆراوجۆرەوە بەڕێوەدەچوون وەکو یاسای لەباربردنی منداڵ کە لەئاستی حکومەتە ناوخۆییەکانەوە لێی دەکۆڵرایەوەو مەسەلەی بەقەشەبوونی ژنان کە لەدەسەڵاتی کلیساکاندابووە، لەسەرەتای کارەوە ژنان هەوڵیاندا تاکو بلۆکە سیاسییەکانی خۆیان پێکبهێنن و ژمارەیەك لەژنان وەکو نوێنەر بنێرنە پەرلەمان، تا پێشنیازی مەسەلەکانیان بکەن و داوای مافیان بکەن، هەڵبەتە لەم هەوڵەدا سەرکەوتنێکی وایان بەدەست نەهێنا.

خاتوو (ڤیدا گلدشتاین) لەنێوان ساڵەکانی (١٩٠٣ تاکو ١٩١٧) پێنج جار داوای نوێنەرێتی پەرلەمانی کرد، ئەم خانمە بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی سیاسی ژنان) بوو پاڵێوراوی هەڵبژاردنەکانی ئەو ئەنجوومەنەبوو، هەروەها خاوەنی سەرچاوەی دارایی و پشتگیریی ئەم ئەنجوومەنەبوو، بڕوای وابوو کە ڕابوونی ژنان و ڕابوونی کرێکاریی بەشێوەیەکی سروشتی پێکەوە بەستراونەتەوە، بەڵام خۆی لەڕێکخستنە حیزبییەکان بەدور دەگرت. ئەو

باوەڕی وابوو کە پیاوان (چ ئەوانەی لایەنگری کرێکارەکان بوون و چ ئەوانی دی) بایەخێك بۆ مافی سیاسی ژنان دانانێن و بۆ بەرەوپێشچوونی هەوڵنادەن. (گلدشتاین)و هەندێکی تر وەکو (ئسکوت) کە رێبەری (سەندیکای سیاسی و پەروەردەو فێرکردنی ژنان)بوو لەپارێزگای نیوساوت ویلز، خۆیان لەپارتی کرێکاری ئوستالیا بەدوور دەگرت، چونکە بیروڕایان لەگەڵ ئەم پارتەدا دەگونجاو وا بیریان دەکردەوە کە سەندیکا کرێکارییەکان و پارتی کرێکار لەدەسەڵاتی پیاوان پێکهاتووەو یەکێکە لەوان و بایەخێکی زۆر بۆ پێداویستی و گرفتەکانی ژنان دانانێن، لەهەندێ نێوەنددا، (گلدشتاین)یان بەژنێکی رادیکاڵی خاوەن بیروبۆچوونی سوسیالیزمی دەناسی، لەدرێژەی ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، شێوازێکی ئاشتیخوازانەی گرتەبەرو ئەم کارە لەگەڵ گیانی فەرمانڕەوایی ئەو سەردەمەدا رێك نەدەکەوت کە زاڵبوو بەسەر ئەو سەردەمەدا، بەرئەنجامە نەخوازراوەکانی ململانێی هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٩١٧) وایلێکرد تاکو خۆی لەمەیدانی سیاسەت دوور بخاتەوە.

خاتوو (گلدشتاین) لەساڵی ١٩٠٣دا خۆی بۆ پەرلەمانی (پیران) پاڵاوت، بەڵام یەکەم ژنێك کە لەئوسترالیای باشووریدا خۆی پاڵاوت، خاتوو (کاترین ئیسپنسەر)بوو کە ئەویش نەیتوانی بچێتە ناو پەرلەمانەوە.

لەساڵانی دواتردا ژنان چوونە ناو پارتە سیاسییەکان و چالاکییەکانی خۆیان لەناو پارتدا دەستپێکرد، هەر لەمێژەوە رۆڵی باوی ژنان لەپارتەکاندا، ئەنجامدانی ئەو کارانە بووە کە پێیاندەگوترێت (ماڵداریی سیاسی)، واتە ئەوان بۆ هەموو شوێنێك بچن و باری خەرجییان دەستەبەربکەن. لەسەرەتای ساڵەکانی دەیەی ١٩٧٠دا، ژنان زۆر هەوڵیاندا تاکو خۆیان لەم رۆڵە رزگار بکەن و لەوەو دوا نرخ بۆ بوونی ژنان بەشێوەیەکی جددیی دانراوە.

پارتی کرێکاریی ئوسترالیا وکو پارتێکی پیاوانە ناسراوەو تەنها (١,٣) ئەندامانی ئەم حیزبە لەژنانن، سەرەڕای ئەمەش سەرەڕای پەیوەندییە نزیکەکانی نێوان پارتەکەو سەندیکا کرێکارییەکان کەمتر ژنێك هەیە کاری بەردەوامی وەکو کەسێك لەپلەی بەرپرسانی پارتدا هەبێت، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم پارتەوە، لەچەندین بەشی پارێزگایی پارتەکەدا، (رێکخراوی ژنانی کرێکار) دامەزرا، هەندێ لەم رێکخراوانە لەدەیەی حەفتادا دووبارە چالاکبوونەوە، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی ژمارەی ئەو ژنە لاوانەوەبوو کە دەچوونە ناو پارت و رەخنە ئازادیخوازانەکانیان سەبارەت بەبونیادو سیاسەتەکانی پارت هاتە ئاراوە، ئەم بەشانە لەهەندێ لەپارێزگاکاندا لەناوچووبوون و ژنان داوای گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی و دامەزراندنی بەرنامەو سیاسەتی نوێیان دەکرد، بۆیە لەساڵی ١٩٨١دا کۆمەڵێك دامەزراوە وەکو (کۆنفرانسی نەتەوەیی کرێکاریی ژنان) رێکخرا.

لەگەڵ کەم ئامادەیی ژنان لەحیزبدا، کەچی ژنان سەبارەت بەپارت بیروڕای گونجاویان هەبوو، ئەو راپرسییە گشتییەی کە لەساڵی ١٩٧٢دا ئەنجامدرا داوای ئەوەی دەکرد کە پێویستە پاڵێوراوی حیزب پشتگیریی لەلابردنی باج لەسەر دەرمانەکانی بەرگرتن لەمناڵبوون، مۆڵەتی مناڵبوون و دروستکردنی پۆست بۆ کەسێك بکات وەکو راوێژکاری سەرۆك وەزیران لەکاروباری ژناندا حیزب لەناوەڕاستی دەیەی حەفتادا، بەهۆی زماندرێژیی و پشتگوێخستنی چاککردنی یاسای لەباربردنی مناڵ چیتر ئەو لایەنگرییەی خۆی لەدەستدا.

پاش تێکشکانە ئابڕوبەرەکەی پارتی کرێکاریی لەساڵی ١٩٧٧دا، بەرپرسانی پارتی (کۆمیتەی نەتەوەیی پشکنینیان) دامەزراند کە ئامانجی ئەم کۆمیتەیە پێداچوونەوەی دۆخی ناوەکیی حیزب بوو. کۆمیتەی ناوبراو لەساڵی (١٩٧٩)دا رایگەیاند کە شکستی حیزب بەهۆی بایەخدانانی زۆر بەرەگەزی نێرینەو سەندیکاکان بووەو ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی کە ژنان رای خۆیان بەسوودی پاڵێوراوانی حیزب نەدەن، پاش راگەیاندنی ئەم

هەواڵە، حیزب بۆ زیادکردنی ژمارەی نوێنەرە ژنەکانی هەنگاوی نا، بۆ نموونە بڕیاریاندا کە (٤/١)ی ئەو نوێنەرانەی بۆ کۆنفرانسی دوو ساڵانەی نەتەوەیی حیزب دەنێردرێن لەژنان بن، لەحیزبی لیبرالدا هاوسەنگییەکی زیاتر بەرقەرارەو ژمارەی ژنان و پیاوان لەم حیزبەدا یەکسانە، لەبەر هەندێ هۆکاری مێژوویی، کۆمەڵێك لەپۆستە ناوخۆییەکانی حیزب بەژنان سپێردراون، بەڵام پارتی نەتەوەیی هەرگیز پشتگیریی لەمەسەلەکانی ژنان و سیاسەتەکانیان نەکردووە، ژنانیش هەرگیز لەم پارتەدا چالاکییەکی بەرچاویان نەبووە.

ژنان لەپارتی دیموکراتی ئوستالیادا هێزێکی گرنگ بوون، ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی ئەم پارتە لەژنان و ژمارەیەکی زۆر لەژنان دەپاڵێون. ڕێبەری ئەم پارتە (جانین هیسمینین)ە کە یەکەم ژنە ڕێبەری پەرلەمانێکە لەپارتێکی سیاسی لەئوستالیادا.

(ئازادیخوازیی ژنان) لەپارتی لیبرالدا، لاوازترە لەپارتی کرێکاریی، بەڵام خاوەنی چەند باڵی ئازادیخوازییە، باڵی ئازادیخوازی ژنانی لیبراڵ لەپارێزگای ڤیکتۆریا کە لەساڵی ١٩٨١دا دامەزراو ئامانجی یارمەتیدانی ژنان بوو بۆ هەڵبژاردنی سەرەتایی و بۆ ڕێنماییکردنی ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو چوونە ناو مەیدانی ململانێ هەڵبژاردنەکانەوەو بەم شێوەیە بۆ کۆکردنەوەی ڕای ژنان هەوڵ و تێکۆشان کرا، لێکۆڵینەوەکانی پارتی لیبرال ئەمەیان نیشانداوە کە ژنانی تەمەن(٢٥-٣٥) ساڵ ئەو دەنگدەرانەن کە ڕۆحییەتیان لەگەڵدایە، بەر لەساڵی ١٩٨٠ پارتی لیبرال زیاتر دەنگدەرانی پیاوی خستە ژێر پرسیارو لێکۆڵینەوەوە تاکو دەنگدەرانی ژنان. لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی حکومەتی فیدراڵیدا کە لەساڵی ١٩٨٣دا ئەنجامدرا، نزیکەی ٥٠٪ی ژنان و ٥٢٪ی پیاوان دەنگیان بەحیزبی لیبرال-دا.

بزوتنەوە سیاسییەکانی دەیەی ١٩٧٠ی ژنان ژمارەی ژنە پاڵێوراوەکانی زیادکرد، ئەم مەسەلەیە لەپارتی کرێکاردا بەجوانیی

بەرچاودەکەوێت، بەڵام ژنان هەر کورسییە پەراوێزو داوانەکراوەکان دەگرن و زۆرجار ئەم کورسییانە بۆ ئەوان حاڵەتێکی فێرکاریی هەیە تاکو بتوانن رۆژێك لەهەڵبژاردنی سەرەتاییدا کورسییەکی باشتر وەربگرن.

هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکانی بەر لەهەڵبژاردنەکان ئەم راستییە دەخاتەروو کە بۆچی ژمارەی ژنان لەسیاسەتدا کەمە. تائێستا زۆر کەم لەسەر ئەم مەسەلەیە لێکۆڵراوەتەوە. ژنان لەم قۆناغەدا بەردەوام لەگەڵ هزری توندوتیژو دەمارگیریی پیاواندا روبەروو دەبنەوە، بۆ نموونە هەندێ کەس باوەڕیان وایە کە ژنی پاڵێوراو پێویستە شووی کردبێت، تەمەنی نزیکی (٤٠) ساڵ بێت و منداڵی گەورەی هەبێت. هەندێك لەم ژنانە بەڕادەی پێویست بەتاقەت و توانا نابینن، لەهەندێ بابەتدا، ئەم ژنانە بەهۆی نەبوونی مەرجی تەواو رەتدەکەنەوە، بۆ نموونە لەپارتی لیبراڵدا، شارەزایی لەکاروباری بازرگانیدا بەئیمتیازێکی گرنگ لەقەڵەمدەدرێت، ئەم مەسەلەیە بەزیانی ژنانە، بەر لەهەڵبژاردنی سەرەتایی، لەپارتی کرێکاردا هەندێ ململانێ و ناکۆکیی لەنێوان لایەن و باڵە جۆراوجۆرەکاندا دروستدەبێت. جگە لەدەمارگیرییەکانی ناو پارتەکە، سیستەمی هەڵبژاردنیش هەندێ سنوور لەهەڵبژاردنەکاندا دیاری دەکات لەپێناو ئاسانکاریی و ئاسوودەیی ژنان بۆ سەرکەوتنیان، بەڵام لەئەنجوومەنی پیراندا رێژەیەکی دیاریکراو رەچاوکراوە، بۆیە ژمارەی ژنە سیناتۆرەکان زیاترە لەژمارەی ژنانی نوێنەری پەرلەمان. سەرەڕای مافە رەسمیی و سیاسییەکانی ژنان بۆ خۆپاڵاوتن، لەوکاتەوەی کە یەکێتی ئوستراڵیا دامەزراوە ژنان هەرگیز بەرێژەی ژمارەییان لەنیشتەجێدا بەپلەی نوێنەریی نەگەیشتوون، تا سەرەتاکانی شەڕی دووەمی جیهانی تەنها (٩) ژن بۆ نوێنەری پەرلەمانە پارێزگاییەکان هەڵبژێردرابوون و لەئاستی حکومەتی فیدراڵیدا تەنانەت ژنێکیش هەڵنەبژێردرابوو. لەساڵی ١٩٤٣دا دوو ژن چوونە پەرلەمانی فیدراڵەوە. لەم پانزە ژنە، شەشیان بەهۆی وابەستەبوونیان بەهاوسەری کۆچکردوو، یان باوك یان پیاوە سیاسییەکانی ترەوە چووبوونە ناو

پەرلەمانی دەسەلاتی یاسادانانەوە، یەکەمین گروپی ئەو ژنانەی ببوون بەئەندامی پەرلەمان، تەمەنیان گەورەبوو شوویانکردبوو خاوەنی منالی گەورەبوون و بۆ ماوەیەکی زۆر وازیان لەکارکردن هێنابوو، زۆربەشیان لەپارتەکانی تری غەیری پارتی کرێکاربوون، لەکۆتاییەکانی دەیەی هەشتادا، روخساری ژنی پەرلەمان گۆڕدرا، ئێستا ئەوان لاوترن و خاوەنی خێزان و منالی بچووك و كارو پیشەیەکی باشن، زۆربەیان پەرستارن یان مامۆستان و لەکاروباری حکومیدا چالاکییان هەیە.

زۆربەیان شوویانکردووە یان بێوەژنن و زۆربەشیان لەناو پارتی کرێکارن، هەرچەند پارتی دیموکراتیش بۆ بەشداریکردنی زیاتری ژنان تێدەکۆشێت، لەدەیەی هەشتادا ژمارەی ژنان لەپەرلەمانی فیدرالدا زۆر گۆڕدرا، ئوستralیا لەساڵی ١٩٨٠دا (٩) نوێنەری ژنی لەپەرلەماندا هەبوو ئەم ژمارەیە لەساڵی ١٩٨٧دا گەیشتە (١٧) کەس، لەساڵی (١٩٨٠ تاکو ١٩٨٣) رێژەی لەسەدای نوێنەرە ژنەکانی پەرلەمان لە ٢,٥٪ی ژمارەی نوێنەران بوو بە ٥٪، ١٥٨ ژن لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی حکومەتی فیدراڵد لەساڵی ١٩٨٤دا پاڵێوردراوبوون، (٢٢) کەس لەوانە توانییان بچنە ناو پەرلەمان و ژنان ١١,٢٪ی تەواوی ئەندامانی دەسەلاتی یاسادانیان پێکهێنابوو، لەساڵی ١٩٨٧دا، ١٢٢ ژن پاڵێوراوی هەڵبژاردنەکان بوون و (٢٦)کەس لەوانە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، واتە ١١,٦٪ی تەواوی نوێنەرەکانی لە (٢٢٤) کورسیدا.

بەم شێوەیە لەشەڕی دووەمی جیهانی بەدواوە، ژمارەی ژنانی ئەندامی پەرلەمان. بەرەو زیادبوون چوو، بەلام تاکو دەیەی هەشتا ماوەیەکی کەم ژنان توانییان پۆستی بەرزو بەنرخ لەکابینەکاندا بەدەستبهێنن و لەدەیەی هەشتادا بارودۆخەکان گۆڕدران، ژمارەی ژنان لەمەیدانی سیاسی لەئوستralیاو لەئاستی حکومەتی فیدراڵ و لەئاستی حکومەتە ناوخۆیی و پارێزگاکانیشدا رووی لەزیادبوون کرد.

لەئوسترالیادا نەریت وابوو کە ژنان لەرێی یەك یان دوو پارتی سەرەکییەوە بچنە پەرلەمان. تێکۆشانی ژنان بۆ دامەزراندنی پارتی سیاسی بۆ رووبەرووبونەوە لەگەڵ ئەم دوو گروپە ناسراوەدا بەئەنجامێك نەگەیشتووە. کەسێك کە بۆ یەکەمجار دێتە مەیدانی سیاسەتەوە، پشتگیریی یەکێك لەپارتە سەرەکییەکانی بەس نییە، بەڵکو پێویستە لەهەڵبژاردنەکانیشدا سەربکەوێت. حیزبەکانی ژنان بۆ وەرگرتنی کورسییە (ناشیاو)ەکان هەڵدەبژێرن، چونکە لەوە دەچێت (ژنان ئۆردوویەکبن)، ئەندامانی پەرلەمانی نوێنەرانی ئوسترالیا بەشێوەی ناوچەیی هەڵدەبژێردرێن و لێکۆڵینەوەکان وا نیشاندەدات کە ئەم شێوازە بۆ ژنان سودێکی وای نییە، ژنان تەنها ٦٪ی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران پێکدەهێنن، بەلام لەئەنجوومەنی پیراندا دۆخێکی باشتریان هەیە، لەسەرەتادا بەپێی دەستوری ساڵی ١٩٠١ هەر هەرێمێك تەنها تاکە کەسێکی بۆ پەرلەمانی هەرێمەکان دەنارد. لەساڵی (١٩٤٩)ییەوە لەئەنجوومەنی پیراندا هەڵبژاردنێکی رێژەیی هەیە، واتە ژمارەی سیناتۆرەکان بەرێژەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمەکان دەستنیشاندەکرێت، ئەمە خشتەیەکی باشترە لەدەنگدان، لەساڵی ١٩٩٠دا، ٢٠٪ی سیناتۆرەکان ژن بوون، بەپێی ئامارە پێشکەشکراوەکان لەکتێبی ساڵی ١٩٩٥ی ژنانی جیهاندا، رێژەی لەسەدای ئەو ژنانەی لەپایەی وەزارەت و بریکاری وەزارەت بوون. لەساڵی ١٩٤٤دا وایە: ١٣٪ لەپایەی وەزیریی، ٢٣٪ لەپایەی بریکاری وەزیریی.

**ئەم خشتەیە پەیوەستە بەیەکەمین ساڵی هەڵبژاردنەکان و مافی دەنگدانی ژنان لەئوسترالیادا**

| ساڵی هەڵبژاردنەکان | ژمارەی کورسییەکانی نوێنەران | پیاو | ژن | ژنان ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٣ | ٣٦ | ٣٥ | ١ | ٢,٨ |
| ١٩٤٦ | ٣٦ | ٣٤ | ٢ | ٥,٦ |
| ١٩٤٩ | ٦٠ | ٥٦ | ٤ | ٦,٧ |
| ١٩٥١ | ٦٠ | ٥٦ | ٤ | ٦,٦ |
| ١٩٥٣ | ٦٠ | ٥٦ | ٤ | ٦,٦ |
| ١٩٥٥ | ٦٠ | ٥٥ | ٥ | ٨,٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٨ | ٦٠ | ٥٥ | ٥ | ٨,٣ |
| ١٩٦١ | ٦٠ | ٥٥ | ٥ | ٨,٣ |
| ١٩٦٤ | ٦٠ | ٥٦ | ٤ | ٦,٧ |

| ساڵی هەڵبژاردنەکان | ژمارەی کورسییەکانی نوێنەران | پیاو | ژن | ژنان ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٦٦ | ٦٠ | ٥٦ | ٤ | ٦,٧ |
| ١٩٦٧ | ٦٠ | ٥٧ | ٣ | ٥,٠ |
| ١٩٧٠ | ٦٠ | ٥٨ | ٢ | ٣,٣ |
| ١٩٧٤ | ٦٠ | ٥٦ | ٤ | ٦,٧ |
| ١٩٧٥ | ٦٤ | ٥٨ | ٦ | ٩,٤ |
| ١٩٧٧ | ٦٤ | ٥٨ | ٦ | ٩,٤ |
| ١٩٨٠ | ٦٤ | ٥٥ | ٩ | ١٤,١ |
| ١٩٨٣ | ٦٤ | ٥١ | ١٣ | ٢٠,٣ |
| ١٩٨٤ | ٧٦ | ٦٢ | ١٤ | ١٨,٤ |
| ١٩٨٧ | ٧٦ | ٥٩ | ١٧ | ٢٢,٤ |
| ١٩٩٠ | ٧٦ | ٥٨ | ١٨ | ٢٣,٧ |
| ١٩٩٣ | ٧٦ | ٦٠ | ١٦ | ٢١,١ |

**ئەم خشتەیە پەیوەستە بەیەکەمین ساڵی هەڵبژاردنەکان و مافی دەنگدانی ژنانی ئوستراليا**

| ساڵی هەڵبژاردنەکان | ژمارەی کورسییەکانی نوێنەران | پیاو | ژن | ژنان ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٣ | ٧٥ | ٧٤ | ١ | ١,٣ |
| ١٩٤٦ | ٧٥ | ٧٣ | ٢ | ٢,٧ |
| ١٩٤٩ | ١٢٣ | ١٢٢ | ١ | ٪ |
| ١٩٥١ | ١٢٣ | ١٢٣ | ٠ | ٪ |
| ١٩٥٤ | ١٢٣ | ١٢٣ | ٠٠ | ٪ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٥ | ١٢٤ | ١٢٤ | ٠ | ٪ |
| ١٩٥٨ | ١٢٤ | ١٢٤ | ٠ | ٪ |
| ١٩٦١ | ١٢٤ | ١٢٤ | ٠ | ٪ |
| ١٩٦٣ | ١٢٤ | ١٢٤ | ٠ | ٪ |
| ١٩٦٦ | ١٢٤ | ١٢٣ | ١ | ٠,٨ |
| ١٩٦٩ | ١٢٥ | ١٢٥ | ٠ | ٪ |
| ١٩٧٢ | ١٢٥ | ١٢٥ | ٠ | ٪ |

| ساڵی هەڵبژاردنەکان | ژمارەی کورسییەکان | پیاو | ژن | ژنان ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٤ | ١٢٧ | ١٢٦ | ١ | ٠,٨ |
| ١٩٧٥ | ١٢٧ | ١٢٧ | ٠ | ٪ |
| ١٩٧٧ | ١٢٤ | ١٢٤ | ٠ | ٪ |
| ١٩٨٠ | ١٢٥ | ١٢٢ | ٣ | ٢,٤ |
| ١٩٨٣ | ١٢٥ | ١١٩ | ٦ | ٤,٨ |
| ١٩٨٤ | ١٤٨ | ١٤٠ | ٨ | ٥,٤ |
| ١٩٨٧ | ١٤٨ | ١٣٩ | ٩ | ٦,١ |
| ١٩٩٠ | ١٤٨ | ١٣٨ | ١٠ | ٦,٨ |
| ١٩٩٣ | ١٤٧ | ١٣٤ | ١٣ | ٨,٨ |

**پێوانەی تواناسازیی رەگەزیی، GEM**

| | ساڵ | ٪ |
|---|---|---|
| پێوانەی تواناسازیی رەگەزیی، GEM | | ٠,٥٦٨ |
| رێژەی لەسەدای ژنانی نوێنەری پەرلەمانی ١٩٩٤ | ١٩٩٤ | ١٢,٦ |
| رێژەی لەسەدای ژنان لەپایەی وەزیرو بەڕێوەبەر | ١٩٩٢ | ٤١,٤ |
| رێژەی لەسەدای ژنان لەپیشەی تەکنیکی | ١٩٩٢ | ٢٣,٨ |
| رێژەی لەسەدای ژنان لەبەدەستهێنانی دەرامەت | | ٣٦ |

| | سالٌ | ٪ |
|---|---|---|
| ناوخۆیی (کاروباری شارو بریکاریی) | | |
| ڕێـــژەی لەســـــەدای ژنـــــانی ئـــــەندامی | ١٩٩٢-١٩٩٠ | ١٩ |
| ئەنجوومەنەکانی شار | ١٩٩٤-١٩٩٠ | ١٩ |
| ڕێژەی لەسەدای ژنان لەپلەی شارەوانیدا | | |
| دەسـەڵاتی یاسـادانانی فیـدرال (ئەنجوومـەنی | | |
| پیران- ئەنجوومەنی نوێنەران) | | |
| ڕێژەی لەسەدای ژنانی سیناتۆر | ١٩٩٤/٦/٣٠ | ٢٨ |
| ڕێـژەی لەسـەدای ژنانی نوێنـەری ئەنجوومـەنی | ١٩٩٤/٦/٣٠ | ١٣ |
| نوێنەران | | |
| کاروبارە کردەییەکانی ژنان لەپلـەی وەزارەتـدا | ١٩٩٤/٥/٣١ | ١٣ |
| (٪) | | |

| | سالٌ | ٪ |
|---|---|---|
| هیوای ژیان | | |
| هیوای ژیان لەو ژنانەی کە منالّیان دەبێ | ١٩٩٢ | ٨٠,٦ |
| ئامارەپێدەر ١٠٠= ١٩٧٠ | ١٩٩٢ | ١٠٨ |
| ڕێژەی مردنی ئەو دایکانەی منالّیان دەبێ | | |
| بەڕێژەی سەد هەزار کۆرپەلەی زیندوو | ١٩٩٢-١٩٨٠ | ٣ |
| ئامارەپێدەر ١٠٠= ١٩٧٠ | ١٩٩٣-١٩٨٠ | ١٢ |
| زاوزێ | | |
| ڕێـژەی لەسـەدای ئـەو ژنانـەی سـوود لـەهۆکاری | ١٩٩٣-١٩٨٦ | ٧٦ |
| جیاواز وەردەگرن بۆ منالٌ نەبوون | | |
| کۆی گشتی زاوزێ | | |
| ژمارە | ١٩٩٢ | ١,٩ |
| ئامارەپێدەر ١٠٠= ١٩٧٠ | ١٩٩٢ | ٦٩ |

یەکێتی ژنانی کوردستان
کتێبخانەی تەوار
زنجیرە:
بەروار: / / ۲۰۱

# بەشی شەشەم:

## خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی

ئوستراليا لەلایەنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و هەمەچەشنی و بڵاوبوونی ئەم خزمەتگوزارییانە لەڕیزی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهانە، هەرچەندە ئەم وڵاتە لەلایەنی فراوانی خاك و کەمبوونی ژمارەی دانیشتوانی و پەرش و بڵاویدا، بەوڵاتێکی جیاواز ئەژمار دەکرێت، گوندنشین و زەویدارەکان زۆر دورن لەسەنتەری شار و خزمەتگوزارییەکانەوە، بەڵام دابەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە بۆ ئەو شوێنە دوورانەش، کارێکی زۆر ئاسانە.

خزمەتگوزارییە تەندروستی و چارەسەرکەرییەکان لەئوسترالیادا لەسەر بنەمای دوو سستەمە، ئەم دوو سستەمەش بریتییە لە:

بەشی تایبەتی و چارەسەرکردنی گشتی: تەواوی خەڵکی ئوستراليا لەخاوەنکار و بێکارەوە بیگرە تاکو سەروو (٦٠) ساڵ کە هەرگیز کاریان نەکردوە و تەنها لەماڵەوە بوون، جگە لەوەرگرتنی مووچەی مانگانە سوود لەخزمەتگوزارییە تەندروستی و چارەسەرکەرییەکان بەخۆڕایی وەردەگرن.

تاکەکەس بۆ سوودوەرگرتن لەخزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی بەشی تایبەتی پاش بەخشینی بودجەی پێویست دەتوانێ (٨٥٪)ی ئەو بودجانە وەربگرێت. سوودوەرگرتن لەخزمەتگوزارییە گشتییەکانی بەخۆڕاییە.

زانیارییەکانی پەیوەست بەسەنتەرەکانی چارەسەرکردن و پزیشکانی ئوستراليا لێرەدا راڤە کراوە:

ئوستراليا لەساڵی ١٩٨٤دا خاوەنی (١٠٨٨) نەخۆشخانە بووە کە هەڵبەتە نەخۆشخانە دەروونییەکان و خانەی پیران لەم ئامارانەدا نەهاتووە،

٦٩٪ی ئەم ژمارەیە بەشی چارەسەرکردنی گشتییەو ئەوانیتر پەیوەستە بەبەشی تایبەتییەوە، لەئوسترالیادا بۆ هەر هەزار کەس، (٦,٢) قەرێڵەی نەخۆشخانە بوونی هەیە.

لەساڵی ١٩٨٤دا، ژمارەی (٣١) هەزار پزیشکی گشتیو پسپۆڕ کاریاندەکردو (١٠) زانکۆی ئەم وڵاتە، کۆلیژی پزیشکیی تێدا بووە، هەروەها هەر لەم ساڵەدا ژمارەی پەرستارانی خوێندەواری خاوەنکار (١٤٠) هەزار کەس بووە، (٦٢٠٠) پزیشکی ددان لەئوسترالیادا کار دەکەن.

لەساڵەکانی (١٩٧٠-١٩٧٥)، ئومێدی ژیان بۆ ژنان تەمەنی (٧٥) ساڵو بۆ پیاوان تەمەنی (٦٨) ساڵ بووە، لەنێوان ساڵەکانی (١٩٩٠-١٩٩٥) تەمەنی مامناوەندیی یان ئەگەری ژیان بۆ ژنان تەمەنی (٨٠) ساڵو بۆ پیاوان تەمەنی (٧٤) ساڵ بووە.

رێژەی تەمەنی مامناوەندیی یان ئەگەری ژیان بۆ ساڵی ١٩٩٥، تەمەن بە(٨٠,٦) ساڵ تۆمارکراوە.

رادەی مردنی دایکان بەرێژەی سەد هەزار کۆرپەلەی زیندوو لەساڵی (١٩٩٠)دا، (٥) کەسو هەر بەمشێوەیە رادەی مردنی کۆرپەلەکان بەرێژەی هەزار منداڵی زیندوو لەساڵەکانی (١٩٧٠-١٩٧٥)دا (١٧) کەسو لەساڵەکانی (١٩٩٠-١٩٩٥) (٧) کەس بووە، رێژەی لەسەدای سوودوەرگرتنی خزمەتگوزارییەکان بۆ چاودێریکردنی دایكو منداڵ (٧٠٪) بووەو (٤٩٪)ی منداڵبوونەکان لەنەخۆشخانەکانو (٥٠٪)ی منداڵبونەکان لەژێر دەستی کەسانی پسپۆڕ ئەنجامدراون، ژمارەی زاوزێ لەناو ژنانی تەمەن (١٥-١٩) ساڵ بەرێژەی هەر هەزار ژن، (٢١) کەس بووە.

زاوزێ لەئوسترالیادا لەساڵی ١٩٩٢دا، (١,٩) کەس بووە، نێوان ساڵەکانی (١٩٨٦-١٩٩٣)دا، (٧٦٪)ی تەواوی ژنانی مێرددار سوودیان لەشێوازە مۆدێرنەکان وەرگرتووەو (٤٪) یان سوودیان لەشێوازە سوونەتییەکان وەرگرتووە.

## ژنان‌و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان

| | ساڵی | ٪ |
|---|---|---|
| هیوای ژیان | | |
| هیوای ژیان لەژناندا (لەکاتی مناڵبووندا) | ١٩٩٢ | ٨٠,٦ |
| ئاماژەپێدەر ١٠٠= ١٩٧٠ | ١٩٩٢ | ١,٨ |
| ڕێژەی مردنی دایکانی سکپڕ | | |
| بەڕێژەی ١٠٠ هەزار مناڵی زیندوو | ١٩٩٢-١٩٨٠ | ٣ |
| ئاماژەپێدەر ١٠٠= ١٩٧٠ | ١٩٩٣-١٩٨٠ | ١٢ |
| زاوزێ | | |
| ڕێـژەی لەســەدای ئـەو ژنانــەی ســوود | ١٩٩٣-١٩٨٦ | ٧٦ |
| لەئامرازەکانی بەرگرتن لەزاوزێ وەردەگرن | | |
| ژمارەی زاوزێ | ١٩٩٢ | ١.٩ |
| ئاماژەپێدەر ١٠٠= ١٩٧٠ | ١٩٩٢ | ٦٩ |

## ئاماژە پێدەرە تەندروستییەکان

| | | |
|---|---|---|
| هیوای ژیان لەکاتی مناڵبووندا | ١٩٧٥-١٩٧٠ | -١٩٩٠ |
| (ساڵەکانی) | ٧٥ | ١٩٩٥ |
| ژن | ٦٨ | ٨٠ |
| پیاو | ٧ | ٧٤ |
| جیاوازیی | | ٦ |
| ڕێژەی مردنی مناڵان بەڕێژەی هەزار مناڵی زیندوو | ١٧ | |
| ڕێژەی ئەو ژنانەی کە سوود لەئامرازەکانی بەرگرتن لەزاوزێ وەردەگرن | ١٩٩٠ | |
| هەرشێوازێك | ٧٦ | |
| شێوازە مۆدێرنەکان | ٧٢ | |
| ڕێـژەی لەسـەدای ئـەو مناڵبوونانـەی کـە | ١٩٩٠-١٩٨٩ | ٩٩ |

| | | |
|---|---|---|
| لەژێر دەستی کەسی پسپۆڕدا ئەنجامدەدرێت | ١٩٩٠ | ٥ |
| ڕێژەی مردنی دایکان بەڕێژەی ١٠٠ هەزار منداڵی زیندوو | ١٩٩١-١٩٩٠ | ٢١ |
| ژمارەی زاوزێی ژنانی تەمەن ١٥-١٩ ساڵ بەڕێژەی (هەزار ژن) | | |

بەشێوەیەکی گشتی وڵاتە پێشکەوتووەکان خاوەنی شێوازو سستمی پێشکەوتووی دابینکردنی کۆمەڵایەتین: ئەم سستەمە پاش شەڕی جیهانیی یەکەمو دووەم لەم وڵاتانەدا بڵاوبۆوەوەو تەواوی دانیشتوانی ئەم وڵاتانە سوود لەم سستەمە وەردەگرن.

ئەو کۆمەكو یارمەتییانەی کە بەخەڵکی ئەم وڵاتانە دەکرێت، بریتین لە: (سودوەرگرتن لەخزمەتگوزارییە تەندروستیو چارەسەرکەرییەکان، بیمەی بێکارییو ناتوانایيو لەکارکەوتوویی، یاریدەدانی بودجەی خێزانیی، پارەی تەرخانکراو بۆ مردنو خانەنشینیو لەهەندێ بابەتدا یاریدەدانی بودجەی خانووبەرەو یاریدەدانی بودجە بۆ بەخێوکردنی کەسانی ئیفلیجو یاریدەدانی بودجە بۆ هەژارانو هەڵبەتە بودجەی ئەم خزمەتگوزارییانە لەشوێنی سەندنی ڕێژەیەك لەمووچەی تاکەکەس دابیندەکرێتو لەزۆربەی ئەم وڵاتانەدا حکومەتیش بەشێك لەم بودجانە دەستەبەر دەکات، چونکە ئەگەر حکومەت پشتگیریی ماددیی لەم کارانە نەکات، پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە بەشێوەیەکی بەردەوام ئەنجام نادرێت، هەڵبەتە ئەم کارە لەزۆربەی وڵاتەکاندا بودجەیەکی زۆر لەباری خەرجی گشتیو حکومیی دەبات کە دەبێتەهۆی دروستبوونی هەندێ گرفتو کێشەی داراییو کەمبوونەوەی بودجەی وڵات، بەڵام لەنێوان ئەو وڵاتانەی کە خزمەتێکی بێ سنوور بەگەلەکەیان دەکەن، وڵاتی ئوسترالیاو



نیوزلەنداو دانیمارك باجێك لەخەڵكو فەرمانبەران وەرناگرن، بەڵكو تەواوی بودجەی ئەم خزمەتگوزارییانە بەباجە گشتییەكان دابین دەكرێت.

بەم بۆنەیەوە لەئوسترالیاش تەواوی خەڵك، خەڵكی خاوەنكارو بێكارو ژنانی پیری ماڵدار پارەی تەرخانكراوی هەفتانە وەردەگرنو سوود لەخزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەكانی تەندروستیو چارەسەركردنی وەردەگرنو ئەم خزمەتگوزارییانە تەواو كۆمەڵگەی ئوسترالیا دەگرێتەوە، ئەگەر تاكەكەسێك بەهۆی كارەسات ئەندامێكی خۆی لەدەستبدات، حكومەت بڕێك پارە بۆ ئەو كارەساتە تەرخاندەكات، ئەو بڕە پارەیە ئەوەندە زۆرە كە ئەو كەسە دەتوانێ سەرمایەگوزارییەكی گەورە بكاتو ببێتە سەرمایەدارێكی گرنگ.

ژنان ماوەی شەش هەفتە بەر لەمناڵبوونو شەش هەفتە پاش مناڵبوون دەتوانن (١٠٠٪)ی مووچەی مانگانەی خۆیان وەربگرنو سوود لەمۆڵەتی دایكایەتی وەربگرن، كە گشت ئەم خەرجیانە لەلایەنی حكومەتەوە تەرخان دەكرێت.

كەسانێكی زۆر لەئوسترالیا هەن كە دەشێ بەلایەنی زۆرەوە كەمتر لەساڵێك كارێكیان ئەنجامدابێتو پاشان ساڵەها بەبێكار لەماڵەوە ئیسراحەت دەكەنو مووچەی هەفتانەی رۆژانی بێكارییان وەردەگرنو سوود لەخزمەتگوزارییە تەندروستیو چارەسەركەرییەكان وەردەگرن.

## بەشە تەندروستییەکان

| | ساڵ | ٪ |
|---|---|---|
| ڕێژەی لەسەدای جگەرەکێشانی گەورە ساڵ | | |
| پیاو | ١٩٩٤-١٩٨٦ | ٣٧ |
| ژن | ١٩٩٤-١٩٨٦ | ٣٠ |
| خواردنەوەی ئەلکهول (لیتر) | ١٩٩١ | ٧,٧ |
| هیوای مردن پاش تەمەنی (٦٥) ساڵی | | |
| نەخۆشی دڵ بەڕێژەی (سەد هەزار) پیاو | ١٩٩٢-١٩٩٠ | ٣٣٨ |
| ژن | ١٩٩٢-١٩٩٠ | ٣٦٥ |
| شێرپەنجە بەڕێژەی (سەد هەزار) پیاو | ١٩٩٢-١٩٩٠ | ٢٤٩ |
| ژن | ١٩٩٢-١٩٩٠ | ١٧٢ |
| ئایدز بەڕێژەی (١٠٠) هەزار کەس | ١٩٩٣ | ٤,١ |
| ڕێژەی دانیشتوانی بەپزیشك | ١٩٩١-٨٨ | ٤,١ |
| ڕێژەی لەسەدای داودەرمان لەلایەنی دابینکردنی کۆمەڵایەتییەوە | ١٩٩١ | ٧٠ |
| بودجەی تەندروستی گشتی بەڕێژەی لەسەدای بودجەی گشتی | ١٩٩١-٨٩ | ١٥,٤ |
| ڕێژەی لەسەدای بودجە تەندروستییە تایبەتییەکان لەسەر بودجە گشتییەکاندا | ١٩٩١-٨٩ | ٣٢,٢ |
| تەواوی بودجە تەندروستییەکان وەکو ڕێژەی لەسەدای بەرهەمهێنانی ناپەتیو ناوخۆ | ١٩٦٠<br>١٩٩١ | ٤,٨<br>٨,٦ |

ئەو ژنانەی کە کەمئەندام یان توانای کارکردنیان نەبێ یان تەمەنیان لەسەروو (٦٠) ساڵەوەبێت، پارەی تەرخانکراوی هەفتانە وەردەگرن، ئەو بێوەژنانەی کە هاوسەرەکانیان لەدەستدابێ‌و خاوەنی منداڵ بن‌و مووچەی

مانگانەیان باری خەرجیی بنەماڵەکەیان دابین نەکات، کۆمەکی داراییان پێدەدرێت.

ژن و مێردە لاوەکان و زۆربەی ئەو کەسانەی ناتوانن خانوو بکڕن، سوود لەخانووبەرەی حکومەت وەردەگرن و بەخۆڕایی و زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتە خانووی خۆیان هەیە.

کەسانی پیرو کەمئەندام و نەخۆش لەشوێنی تایبەتیدا دەپارێزرێن و ئەگەر بنەماڵەی ئەم کەسانە بیانەوێت لای خۆیان هەڵیانگرن، حکومەت بۆ ئەم کارەیان بڕێ پارەیان لەبودجەی گشتی دەداتێ، مووچەی کەسانی پیریش لەگەڵ زۆربوونی باری خەرجیی ژیان و گرانیدا دەگۆڕدرێت و ئەو مووچەیە بەشێوەیەك دیاری دەکرێت کە وەڵامی پێداویستییەکانی تاکەکەس بداتەوە.

خشتەی خوارەوە نیشاندەری کردەیی لەگۆڕینی مووچەو دەستکردی خانەنشین و پیروپەکەوتەکانە.

هۆکارەکانی گۆڕانکاریی لەمووچەی خانەنشینان و پیرەکانی ئوسترالیا لەساڵەکانی (١٩٨٤-١٩٩٦) بەڕێژەی لەسەدا

| | |
|---|---|
| زۆربوونی بودجەکان (خەرجکراوەکان ١) | ٤٦ |
| بەهۆی گۆڕانکاریی لەژمارەی دانیشتوان (٢) | ١٨ |
| ئەو کەسانەی مووچەی مانگانە وەردەگرن (٣) | ٤١ |
| گواستنەوە (٤) | ١٢ |

تێبینی:

١-مووچەی کەسانی پیر بەڕێژەی دەرامەتی نەتەوەیی

٢-ڕێژەی کەسانی سەروو (٦٥) ساڵ بەتەواوی دانیشتوان

٣-ڕێژەی ژمارەی ئەو پیرانەی مووچەی مانگانەیان هەیە بەتەواو کەسانی سەروو (٦٥) ساڵ

٤- ڕێژەی مامناوەندیی مووچەی کەسانی پیر بەدەرامەتی نەتەوەیی.

## ڕێکخراوە حکومیی و ناحکومییەکانی ژنان

زۆر ڕێکخـــراوو دامـــەزراوی حکومیـــی و نـــاحکومیی لەئوســـترالیادا بوونیان هەیە ئەویش لەپێناو پشتگیریکردن لەمافەکانی ژناندا یان داکۆکی لەژنان خۆیان، هەندێ لەم ڕێکخراوانە ناوبراون کە هـەندێ لەئەرکـەکانیان ڕاڤە دەکەین.

## نووسینگەی بارودۆخی کاروباری ژنان

ئـــەم نووســـینگەیە دامـــەزراوێکی دەوڵەتییـــەوە لـــەچوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتی سەرۆك وەزیران و لیژنەی دەوڵەتدا کاردەکات و هەر لەهەمان بەڕێوەبەرایەتیدایـە، ڕۆڵـی ئـەم بەڕێوەبەرایەتییـە ئەوەیـە کـە سـەبارەت بەبارودۆخی ژنانی ئوسترالیا لەگەڵ سەرۆك وەزیران و وەزیری وابەستە بەم مەســـەلەیە ڕاوێـــژ دەکـــات، لەڕاســـتیدا ئـــەم نووســـینگەیە دەوڵـــەت و سیاسەتەکانی بودجەی وڵاتی ئوسترالیا بۆ دابینکردنـی سوودەکانی ژنـان دەخاتـە ژێـر کاریگـەریی خۆیـەوە، لەوانەیـە بتوانـین بڵێـین کـە زۆربـەی چالاکییـەکانی ئـەم نووسینگەیە لـە (پشـت دیمـەن)ەوە ئـەنجام دەدرێـت، سـەرەڕای ئەمـەش، ئـەم نووســـینگەیە ســـەبارەت بەمەســـەلەکانی ژنـــان لێدەکۆڵێتـەوەو باس و لێدوان دەربـارەی ژنـان لەکۆمەڵگـەدا دێنێتـەئاراوە، ڕۆڵـی ئـەم نووسـینگەیە ئـەوە نییـە مەسـەلەکانی توندوتیژیـی دژ بـەژنان چارەسەر بکات یان وەکو پارێزەر لەفایلـە یاساییەکاندا کـار بکـات یـان نوێنەری ئەنجامدانی گشت بەرنامەکانی وڵات بێت بۆ ژنـان، ئـەم مەسـەلانە پەیوەندیی بەدامەزراوو دەزگا دەوڵەتییەکانی تری وڵاتەوە هەیە.

ئەم نووسینگەیە (٥) ئەرکی زۆر گرنگی هەیە:

-بەرنامەڕێژیی بۆ ژنانی خاوەنکار بەتایبەت چاودێریکردنی منداڵان و ژنان لەشوێنە پیشەسازییەکاندا.

-بەرنامەڕێژیی بۆ دابینکردنی ئاسایشی دەرامەتی ژنان.
-ژنان و ڕێبەری دابینکردنی توانای گەیشتنی ژنان بەپلەو پایەی بەڕێوەبەرێتی سیاسەت دانان.
-توندوتیژیی دژ بەژنان
-یاساکانی پەیوەست بەژنان
ئەم نووسینگەیە دەزانێت کە گشت ژنان لەدۆخێکی وەکو یەکدانین و ئەوەی کە ئەوان لەنەژادو چین و تەمەن و ئەزموونی ژیان و پێگەی جوگرافیایی جیاوازن و بەم شێوەیە، شێوازی ژیان و دەرفەتەکانیان لەیەك جیاوازن، بۆ ئەوەی ئەم نووسینگەیە بتوانێ سیاستەتگەلێکی نوێ پێشنیاز بکات، پێویستە بەردەوام لەگەڵ ژنانی ئوسترالیادا لەپەیوەندیدابێ و ئیدی وەزیری بارودۆخی ژنان و فەرمانبەرانی ئەم نووسینگەیە پەیوەندییان لەگەڵ گروپێکی زۆر لەڕێکخراوە نادەوڵەتییەکانی ژناندا هەیە.
ئەو سەرچاوانەی کە لەڕاستیدا یارمەتی کاری بەرنامەڕێژیی ئەم نووسینگەیە دەدەن بریتییە لە:
-پەیوەندییەکی بەردەوام لەنێوان فەرمانبەرانی نووسینگەی بارودۆخی ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنان.
-راوێژکاری وەزیران و کەناڵەکانی ژنان.
-زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ئوسترالیا.
-لێکۆڵینەوە داواکراوەکان سەبارەت بەمەسەلە تایبەتییەکان.
نووسینگەی بارودۆخی ژنان لەئوسترالیادا (٥) لقی هەیە کە لەبنەڕەتەوە لەم مەسەلانە دەکۆڵێتەوە.
١-مەسەلە یاساییەکان، توندوتیژیی، مەسەلە نێودەوڵەتییەکان کە بریتییە لە: توندوتیژیی لەماڵەوە، پەیمانی نێودەوڵەتی و پەیوەندیی لەگەڵ

نووسینگەی تایبەتی کۆنڤاسیۆنی بەرگرتن لەچەوساندنەوە دژ بەژنان، چالاکیی بۆ پەرەپێدانی پرۆتۆکۆلی هەڵبژێردراوی کۆنڤاسیۆنی بەرگرتن لەجیاوازیی رەگەزیی دژ بەژنان، یاسای جیاوازیی رەگەزێتی، مەسەلە یاساییەکانی تری پەیوەست بەژنان وەکو مافی خێزان).

٢-دابینکردنی داهات (بریتییە لە: پشتگیریی داهات، بەرنامەی چاککردنی دارایی مانگانە)، داهاتی قۆناغی خانەنشینی ژنانی بەتەمەن، ژنان لەکاروباری کۆمەڵایەتیدا، دابینکردنی خانوو).

٣-ژنان لەهێزی کاردا (بریتییە لە: ئاماری بازاڕی کار، بەرنامەی دامەزراندن: نەرمیی لەشوێنی کارکردن وپەیوەندییە تەکنیکییەکاندا، فێرکردن و خولی فێرکردنی ژنان، چاودێریکردنی منالآن).

٤-رێبەریی (بریتییە لە: ژنان لەکاری بەڕێوەبەرایەتیدا، ژنان لەلیژنەی بەڕێوەبردن و بەشە دەوڵەتیی و تایبەتییەکاندا، ژنان لەوەرزشدا، ژنان لەنەخشەی بودجەی وڵاتدا، بەڕێوەبەرێتی لقەکان، بەرنامەی کۆمەکی دارایی بەرێکخراوە نادەوڵەتییەکان، دارشتنی لاپەرەی تایبەتی ئەم نووسینگەیە لەئینتەرنێتدا).

٥-ژنان لەکۆمپانیا بازرگانییەکاندا (بریتییە لە: ژنان لەبازرگانیی بچووکدا، ژنە هاونیشتمانییە ئەسڵەکان، کۆنفرانسی وەزیرانی هەرێمەکان، کۆبوونەوەی راوێژکاران سەبارەت بەژنان، تەندروستی ژنان، دیمەنی ژن لەناو میدیاکاندا، کۆبوونەوە سەبارەت بەژنانی ئوستراليا).

خاتوو (دیانا لیدلا) وەزیری کاروباری ژنانە لەئوسترالیاداو خاتوو (پروگوارد) بەڕێوەبەری راپەڕاندنی نووسینگەکەیەو دۆخی ژنان لەبەڕێوەبەرایەتی سەرۆك وەزیران و لیژنەی دەوڵەتدا، شایەنی باسە لەکۆی ئەم نووسینگەیە، دەزگاگەلێك لەژێر ناونیشانی (خزمەتگوزارییەکانی زانیارییەکانی تایبەت بەژنان) دامەزراوە کە لەناوچە جۆراوجۆرەکانی

ولاتدا بۆ خزمەتکردنی ژنان تێدەکۆشێت، لەڕاستیدا ئامانجی ئەم هەنگاوە ئەوەیە کە زانیارییە تەکنەلۆژییەکان بەگشتی لەبەردەستی ژنانی ئەم ولاتەدابێ.

ئامانجی سەرەکیی (خزمەتگوزارییەکانی زانیارییەکانی تایبەت بەژنان) ئەوەیە کە زیاتر خزمەتی ژنانی لادێ بکات، بەتایبەت لەمەسەلەگەلێکی وەکو دامەزراندن و سەربەخۆیی و دابینکردنی دارایی، فێرکردن، پەیوەندیی لەژیانی خێزانیدا، خۆشگوزەرانیی و تەندروستی ژنان و شوێنی ژینگە راوێژیان لەگەڵدا بکات، ژنان ئەو دەرفەتەیان هەیە کە بەئاسانی لەگەڵ ئەم سەنتەرەدا پەیوەندیی پێکبهێنن و لەگەڵ راوێژکارانی ئەم سەنتەرەدا سەبارەت بەگرفتەکانیان قسەوباس بکەن.

سەرەڕای ئەوەش لەباشووری ئوسترالیاشدا، ئەنجوومەنێکی راوێژکاریی تایبەت بەژنان لەمارسی ١٩٩٢دا لەلایەن وەزیری کاروباری ژنانەوە دامەزراوە کە لەڕاستیدا باشترین سەنتەرە لەباشووری ئوسترالیادا بۆ راوێژکردن لەگەڵ ژناندا، ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە بەرەسمی دامەزراون و ژنانێک هەم لەشارو هەم لەگوندەکانیشدا لەم ئەنجوومەنەدا ئەندامن، ئامانجی ئەم ئەنجوومەنە ئەوەیە کە ژنان بەدیدوبۆچوون و بیروباوەڕ، شارەزایی و ئەزموون و توانا، کەلتورو تەمەنی جۆراوجۆر لەلای یەک کۆبکاتەوە، ئەرکی ئەم ئەنجوومەنە ئەوەیە کە ببێتە کەناڵی پەیوەندیی نێوان ژنانی باشووری ئوسترالیا و دەوڵەت، هەروەها ئەم ئەنجوومەنە لەبابەتی جۆراوجۆری بەرنامەڕێژیی خزمەتی راوێژکاریی بەحکومەت دەکات.

سێ بابەتی بنەڕەتی ئەم ئەنجوومەنە ئەمانەن: ژنان و توندوتیژیی، ژنان و مەسەلەی ئابووریی، ژنان لەناوچە گوندنشینەکاندا، سەرەڕای

ئەمەش لەهەریەك لەهەرێمەكانی ئەم وڵاتەدا، كۆمەڵێك بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بەژنان دامەزراوە.

بۆ نموونە لەنیوساوت ویلز لەساڵی (١٩٩٥)دا، بەڕێوەبەرایەتی ژنان دامەزراوە كە ئەركی سەرەكیی ئەم دەزگایە چاككردنی مەسەلەی خۆشگوزەرانیی ئابووریی و دۆخی ژنانە. چالاكیی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بەسەر ئەو دەستە لەژناندا دەچەسپێت كە ناتوانن بەتەواوی سوود لەسەرچاوە كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكان وەربگرن كە ئەمە لەڕاستیدا نیشاندەری پەیمانی دەوڵەتی نیوساوس ویلزە بەیەكسانیی كۆمەڵایەتی، ئامانجەكانی تری ئەم دەزگایە بریتییە لە: كەمكردنەوەی توندوتیژیی دژ بەژنان، چاككردنی هاتوچۆی ژنان لەگوندەكاندا، بەرزركردنەوەی ئاستی پێگەی شوێنی كاركردنی ژنان لەلایەنی تەندروستی و ئاسوودەییدا، بەرزكردنەوەی پێگەی ژنان لەكۆمەڵگەدا بەتایبەت بەشداریكردنی ژنان لەرۆڵەكانی بڕیاردان لەكۆمەڵگەدا، ئاسانكاریی بۆ سوودەرگرتنی تەواوی ژنانی ئوسترالیا لەسستەمی فێركردن و پەروەردە، چاككردنی رێژەی تەندروستی لەژیانی ژنان لەنیوساوس ویلزدا، چاككردنی دۆخی چاودێریكردنی منداڵان لەنیوساوت ویلزدا، نموونەیەكی تری ئەم سەنتەرە ئەوەیە كە بۆ خزمەتگوزاریی و راوێژكردن لەگەڵ ژناندا دامەزراوە.

سەنتەرێكی تری خزمەتگوزاریی لەباشووری ئوسترالیادا دامەزراوە كە تایبەتە بەگوندەكان و هەندێ لەچالاكییەكانی بریتییە لە: سەنتەری خزمەتگوزاریی مەسەلەی زاوزێ، تەندروستی سێكسی، زانیارییەكانی سەبارەت بەبەرگرتن لەزاوزێ و فێركردنی دانیشتوانی گوندەكان، ئەم سەنتەرە كتێبخانەیەك و سەنتەری خزمەتگوزاریی زانیارییەكانی هەیە كە تایبەتە بەمەسەلەكانی ژنان.

٣-تۆڕی نێودەوڵەتیی ژنان

ئەم تۆڕە کۆمەڵەیەکە لەڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە ئوسترالیاییەکان کە ئامانجی تێکۆشانە بۆ داکۆکیی و بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان، ئەم تۆڕە لەساڵی ١٩٩٨دا دامەزراوەو کاری خۆی لەگروپێکی بچووکی ژنان لەملبۆرندا دەستپێکرد تاکو بتوانێت پشتگیریی ڕێکخراوە گەورەکان بۆ گۆڕان لەژیانی ژناندا مسۆگەر بکات، مەیدانی جوگرافیایی چالاکیی ئەم تۆڕە ناوچەی ئاسیای پاسیفیکە، ئەو ڕێکخراوانەی کە دامەزرێنەری ئەم تۆڕەبوون، ئەمانەن: بوکال (ڕێکخراوێکە کاری پێداچوونەوەی بارودۆخی ژنانی بازارییە لە (کرۆن سیتی) فیلیپیندا ، ئەنجوومەنی پەرەپێدان (دکن)، ڕێکخراوێکی هیندییە کە سەرچاوەی لەفیمینیزمی بەناوبانگی هیندی دکتۆر (رکمینی رایوف) وەرگرتووە، سەنتەری مامۆستایانی ساراسواتی (کە خزمەتگوزارییە فێرکاریی و پەروەردەییەکانی مامۆستایانی (نیپال)ی لەئەستۆدایە.

٤-سەنتەری تۆمارکردنی هونەرەکانی ژنان

ئەم سەنتەرە لەساڵی ١٩٧٥دا دامەزراوەو ئامانجی ئەوەبوو کە نەك هەر ئەرشیفێك لەچالاکییە هونەرییەکانی ژنان کۆبکاتەوە، بەڵکو بتوانێ وەکو سەرچاوەیەکی بەنرخ لەئاستی میللیدا خزمەتی ژنانی هونەرمەند بکات، ئەو بەشە هونەرییانەی لەم سەنتەرە چاودێریی دەکرێن بریتییە لە: هونەرە دەستییەکان، وێنەکێشان، وێنەی فوتۆگرافیی، پەیکەسازیی، سەرەڕای ئەمەش ئەم سەنتەرە تەنها پەیوەست نییە بەسەردەمی هاوچەرخەوە، بەڵکو کارە هونەرییەکانی سەردەمی ڤیکتۆریاش کۆدەکاتەوە، پێشینەی هەندێ لەو دیمەنانەی لەم سەنتەرەدا بوونیان هەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٤٠)، لەکتێبخانەی ئەم سەنتەرەدا (٢٠٠٠٠)

سلایدو (١٣٠٠) فایلی زانیارییەکان بوونی هەیە کە لێکۆڵەران دەتوانن سوودیان لێوەربگرن.

٥-سەنتەری ژنانی ئیشکەر

ئەرکی ئەم سەنتەرە کە لەتاسمانیای ئوسترالیادایە، ئەوەیە کە هەندێ زانیاریی سەبارەت بەمەسەلە جۆراوجۆرەکانی کارو دامەزراندن دەخاتە بەردەستی ژنانی ئیشکەرو لەڕاستیدا یارمەتییان دەدات تاکو ستەمیان لێنەکرێت، هەروەها ئەم سەنتەرە سەبارەت بەبواری جۆراوجۆر، لەگەڵ ژناندا راوێژ دەکات، سێ گروپی سەرەکیی لەژنان کە لەڕیزی یەکەمدان بریتین لە: ژنە هاونیشتمانییە ئەسڵەکان، ژنانی گوندنشین‌و لادێ دوورەکان، ژنانی کەمئەندام، رێکخراوە نادەوڵەتییەکانی تری ژنان لەئوسترالیا بریتین لە: (کەناڵی سیاسەتی فیمینیزمی ئوسترالیا)، (کابو)، (کەناڵێکە لەڕێکخراوەکانی ژنان لەئوسترالیادا کە ئامانجی پێکهێنانی پێشکەشکردنی زانیارییەکانە بۆ ژنانی ئوسترالیا)، (رێکخراوی ژنانی ئوسترالیا لەکاری کشتوکاڵدا) (ئامانجی ئەم رێکخراوە چاککردنی دۆخی ژنانی گوندنشینە)، (یەکێتی تەندروستی زاوزێ ژنانی ئوسترالیا)، ئەنجوومەنی ژنان لەهونەرە سەربازییەکاندا)، (سەنتەری زانیارییەکانی ژنان)، (ئەنجوومەنی دژ بەتوندوتیژیی لەخێزاندا)، (ئەنجوومەنی منالان لەگەڵ هەڵبژاردن)، (ئەنجوومەنی ژنانی لاو)، (سەنتەری هۆبارت) بۆ تەندروستی ژنان، (کەناڵی ژنانی زانکۆیی)، (کەناڵی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکانی ژنان)، (ئەنجوومەنی دایکانی تەنهاو مناڵەکانیان)، سەرەرای ئەمە هەندێ گۆڤاری تایبەت بەژنانیش لەئوسترالیادا هەیە، هەندێکیان لەسەر مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان دەکۆڵنەوەو هەندێکیش تایبەتن بەمەسەلە یاساییەکان.

## توندوتیژیی و دەستدرێژیکردنی سێکسی

لەکاتی نووسینی ئەم کتێبەدا ئامارێك سەبارەت بەتوندوتیژیی رەگەزیی لەبەردەستدا نەبووە، ئاشکرایە سەرەڕای پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان و جێگیربوونی کەلتووری خۆرئاوایی لەئوستڕالیادا، بەڵام هێشتا ژن لەم وڵاتەدا لەجیاوازیی رەگەزیی ئازار دەبینێت، ئیدی پێویستە ئەمە قبوڵ بکەین کە توندوتیژیی رەگەزیی لەم کۆمەڵگەیەدا زۆرە، بەڵام سەبارەت بەدەستدرێژیکردنی سێکسی، لەهەواڵێکدا لەساڵی ١٩٩٥دا لەلایەن گەشەکردنی مرۆیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە کە بۆ هەر هەزارکەس (٢,٣) مەسەلەی دەستدرێژیکردنی سێکسی هەیە، کە هەڵبەتە ئەمە هەواڵێکی راستە، چونکە لەلایەنی رێکخراوێکی نێودەوڵەتییەوە ئەنجامدراوە، واتە لەهەر هەزار ژن و کچی ئوستڕالیایی (٢,٣) کەسیان دوچاری ئازارو دەستدرێژیی سێکسی هاتوون.

توندوتیژیی و تاوان

| | ساڵ | ٪ |
|---|---|---|
| ژمارەی زیندانییەکان بۆ سەد هەزار کەس | ١٩٨٦ | ٧٢ |
| | ١٩٩٠ | ٨٤ |
| تاوان لەپەیوەندیی لەگەڵ مەوادی بێهۆشکەردا (بەرێژەی هەزار کەس) | ١٩٨٦-١٩٩٠ | ٤,٣ |
| ئەو دەستدرێژییانەی هەواڵیان لەسەر دراوە گەورەکان بەهەزار کەس | ١٩٨٦ | ٢,٣ |
| خۆکوشتن بەرێژەی سەد هەزار کەس پیاو | ١٩٩٣-١٩٨٩ | ١٨ |
| ژن | ١٩٩٣-١٩٨٩ | ٤ |

خشتەی خوارەوە نیشاندەری هەنگاوو رووبەڕووبوونەوەی حکومەتی ئوستڕالیایە لەگەڵ مەسەلەی توندوتیژیی و دەستدرێژیکردنی سێکسی.

هەنگاوە میللییەکان لەبەرامبەر مەسەلەی توندوتیژیی، دەستدرێژیکردنی سێکسی

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئەو ڕێکخراوە نادەوڵەتییانەی گیرۆدەی مەسەلەی توندوتیژین دژ بەژنان و کچان | زیاتر (٢٥٠) ڕێکخراو |
| یاساکانی دژ بەدەستدرێژیی سێکسی بوونی هەیە؟ | بەڵێ |
| ڕێنماییکردنی خەڵك بۆ خۆبەدوورگرتن لەتوندوتیژیی و دەستدرێژیی سێکسی | بەڵێ |
| ژمارەی ئەو سەنتەرانەی لەقەیرانی دەستدرێژیی سێکسیدا خزمەت بەژنان دەکەن | ٧٥ |
| ژمارەی پەناگەی تایبەت بۆ قوربانیانی توندوتیژیی و دەستدرێژیی سێکسی | ٢٧٠ |
| ڕێکخراوی دەوڵەتی و یاسا بۆ دژایەتی لەگەڵ توندوتیژیدا هەیە | بەڵێ |

سەرچاوەکان:
سەرچاوە فارسییەکان
-سیمای زن در جهان (استالیا)
-وزارت امور خارجه، کشور استرالیا، کتاب سبز/ تهران: ١٣٦٩
-زنگنه، جمشید، کشور استرالیا، کتاب سبز/ تهران: وزارت امور خارجه، ١٣٧٤
سەرچاوە ئینگلیزییەکان

-English Refrences.
-Aging and Family, United Nations, new york, 1994.
-Human Development Report, UNDP New york, 1995.
-The world Women, 1995, Trends and statistics, United Nations, 1995.
-Women in Politics, Published by the UNESCO, Bangkok, Thailand, 1993, PP.17-57.
-World Almanace, Back of Facts, 1995.



بەرگی کتێبێکە بەناوی (ژنی ئوستراڵیایی) کە
نووسینگەی کاروباری ژنانی ئوستراڵیا بڵاوی کردۆتەوە

# Women's Status in the World

## Australia



لەبڵاوکراوەکا

یەکێتی ژنانی کور